# ليبراليزم

نووسينی

دەيڤد بەوز

وەرگێرانی

دڵشاد عوسمان ئەبوبەكر

سەرهەنگ حەمە عەلی حارس

2009

پەرتوکی ژمارە ٢
پرۆژەی پەرتوکەکانی چرای ئازادی
سەرجەم مافەکان پارێزراون بۆ چرای ئازادی
بەشێك لە بەرنامەی جیهانی ئەتڵەس
دامەزراوەی ئەتڵەس بۆ توێژینەوەی ئابوری
واشنتۆن دی سی
ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا
بەهاری ٢٠٠٩

چرای ئازادی

**www.chiraiazadi.org**

## ناوەڕۆك

دەستپێك....................................................................4
بەشی یەكەم
رەگوڕیشەی لیبرالیەت.................................10
بەشی دووەم
كەرامەتی تاكەكەس.................................... 74
بەشی سێهەم
كۆمەڵی مەدەنی..........................................94
بەشی چوارەم
یاسا و دەستور..........................................١35
بەشی پێنجەم
فرەیی و لێبوردەیی.....................................١57

# دەستپێك

پەرتوکی لیبرالیەت 'Libertarianism: a primer' لە نوسینی دەیڤد بەوز، یەکێکە لە تویژینەوە جدیە هاوچەرخەکانی بیری لیبرالیزم کە زۆرجار بە مانیفێستۆی لیبرالیزم دادەنرێت لە ئەمەریکا. وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە هەوڵێکە لەپێناو ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە دەرکەوتەکانی ئەو بیرە لە ئەمەریکا و لەهەمان کاتیشدا گەشتێکە بەنێو سەرەتاکانی سەرهەڵدانی لیبرالیزمدا.

ئەوەی لە دوو تویی ئەم پەرتوکەدایە تەنها پێنج بەشی پەرتوکە ئینگلیزیەکەیە کە ئێمە لەبەر گرنگی ئەو بەشانە و پەیوەندی هەنوکەییان بە رەوشی کومەڵی کوردیەوە، بڕیارماندا کە تەنها ئەوانە وەربگێڕین.

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە پێویستە خوێنەر سەرنجی بدات وشەی لیبریتاریانیزمە. ئەم وشەیە لەلای کورد بەدەگمەن بیستراوە یاخود هەر نەبیستراوە. زاراوەی لیبرتاریانیزم دارشتەیەکی ئەمەریکاییە بۆ زاراوەی لیبرالیزم یاخود لیبرالیزمی کلاسیکی. لیبرالیزم لە سەدەی بیستەمدا چەندین شێوازی بەخۆیەوە بینیوەو و لەم دواییانەشدا وشەی لیبراڵ لە ئەمەریکا بە واتای مەیلداری بەلای چەپدا بەکار دەهێنرێت. لە ئینگلستان وشەی لیبراڵ هاوتای ئەوەیە کە لە ئەوروپا پێیدەوترێت سۆشیال دیموکرات و لە فەرەنساش وشەی لیبراڵ وەک تانەیەک بەکار دەهێنرێت. لەبەر ئەم هۆکارانە و لە پێناوی پاراستنی

رەگوریشەی بیری لیبرالیزمی کلاسیکیدا، بیرمەندە ئەمەریکاییەکان وشەی 'لیبرتاریانیزیم'یان دارشتوە کە بیرو‌ڕای بە حکومەتی سنوردار و ئازادی بازرگانی و مافی تاکەکەس و دەسەلاتی یاسا هەیە.

بەو پێیەی زمانی کوردی بەدورە لەو ئالۆزیانەی کە ئەم وشەیە لە ئەورپا و ئەمەریکا بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە بە چاکمان زانی وشەی لیبرالّیەت و لیبرالّیزم و لیبڕال بەکار بهێنین لە وەرگێرانی ئەم پەرتوکەدا، هەرچەندە لە هەندێک شوێندا لەبەر پێویستی سیاق و بەکارهێنانی وشەکە، وشەی لیبریتاریانیزم یاخود لیبیرتاریەنمان بەکار هێناوە. بەلاّم ئەوەی گرنگە کە هەردوو زاراوەکە هەمان واتا دەگەیەنن.

یەکێکی دیکە لە زەحمەتیەکانی کاری وەرگێڕانی پەرتوکەکە و پێاداچونەوەی بریتیە لە بێبەشی زمانی کوردی لەم جۆرە لە نوسین و زۆر بە کەمیش تێکستی لەم بوارەدا بەرهەمهێناوە، لەبەر ئەوە ئیمە دوچاری چەندین گرفت بووین لە وەرگێران و دۆزینەوەی زاراوەی شیاو لە زمانی کوردیدا کە هەمان ئەو مانایانە بگەیەنێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکارهاتوون و هەندێکیش لەو چەمک و زاراوانە هێندە نوێ و بێهاوتان لە زمانی کوردیدا، ئێمە هەولّمانداوە کە وشەی نوێیان بۆ دابتاشین، بیگومان بە گرتنەبەری سیستەمی زمانەوانی کوردی، تاوەکو ئەو بیرۆکانە بگەن بە خوێنەری کورد و لە هەمان کاتیشدا ئەو وشانە ببنە بناغەیەک بۆ کاری هاوشێوە.

هەڵبژاردنی ئەو پێنج بەشە لەبەر گرنگی ناونیشان و پێویستی ئاشنابوونی خوێنەری کوردە بەو چەمکانە کە هەندێکیان زۆر تەمومژاوین. چەمکێکی وەک 'کۆمەڵی مەدەنی' یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە چەند ساڵی رابردوودا زۆر بەکارهێنراوە، بەڵام زۆر زەحمەتە پیناسەیەکی دیاری چەمکەکە لە ناو رۆشنبیری کوردیدا بدۆزینەوە. تەنانەت ئەو کەسانەشی کە چالاکن لە بواری برەودان بەکۆمەڵی مەدەنیدا، بە زحمەت دەتوانن سیما و خوسلەتەکانی ئەو چەمکە ئالۆزە دیاری بکەن.

لێبوردەیی یەکێکی دیکەیە لەو چەمکانە، (لێبوردەیی کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە تۆلەرەیشن ناسراوە، کە لە جەوهەردا بەواتای پەسەندکردن و پێکەوەژیان و قبولکردنی جیاوازی دێت) یەکێکی دیکەیە لەو چەمکە هەرە گرنگانەی کە لەناو کەلتوری کوردیدا قسەی کەمی لەسەر کراوە و نەبۆتە بەشێک لە پەیامی رۆشنبیری و سیاسی گەلێک کە مێژوویەکی درێژی هەیە لە بەقوربانیبووندا، کە هەندێک جار ئەو قوربانییبونە رێگریکردوە لە برەودان و گەشەکردنی چەمکی لێبوردەیی کە یەکێکە لە پێگە گشتی و گرنگەکانی ئازادی و مەرجێکی پێشوەختیشە بۆ گەشەی ئابوری و کۆمەلایەتی.

رەنگە نمونەی هۆڵەندا لە سەدەی ١٧دا باشترین بەڵگەی پێویستی هەبوونی ئەم چەمکە بێت کە کاتێک سەرجەم وڵاتە مەزنەکانی ئەوکاتەی ئەوروپا بەدەست جەنگ و جوداییخوازیە ئاینیەکانەوە دەیانناڵاند، هۆڵەندا وەک وڵاتێکی لێبوردە رێگەی خۆشکرد بۆ پێکەوەژیان و بازرگانیکردن لەنێوان ئەندامانی ئاین

و نەتەوە جیاوازەکاندا، کە لە ماوەیەکی کورتدا هۆڵەندا بوە وەڵاتێکی بوژاوە و پێشکەوتوو و خۆشگوزەران کە سەرنجی وڵاتانی دروارسێی راکێشا و لە هەمانکاتیشدا بازرگانی و سەرمایەی کێشکرد بۆلای خۆی کە بەشداریەکی گرنگیانکرد لە بوژانەوە و پێشکەوتنی ئەو وڵاتەدا.

یەکیکی دیکە لە بەشە گرنگەکان یاسا و دەستورە. ئەم دوو چەمکە دوو چەمکی یەکجارگرنگن بۆ ئێستا و داهاتووی کورد. گرنگی یاسا لە دیدی لیبرالیەوە لەوەدایە کە تەنها دەقێک نیە نوسرابێت و بەردەوام لەلایەن جێبەجێکارانیەوە پێشێلبکرێت، بەڵکو یاسا یەکێکە لە پێگە پتەوەکانی دامەزراندنی کۆمەڵێکی ئازاد کە بتوانێت رێز لە ئەندامەکانی بگرێت و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە مافەکانیان بپارێزێت. یەکسانی لەبەردەم یاسادا یەکێکە لە زامنە گەورەکان بۆ گەشەی ئابوری و خۆشگوزەرانی. ئەو کاتەی هاوڵاتیەکان دڵنیان لەوەی سەروماڵیان پارێزراوە، دەتوانن برەو بە کردارە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان بدەن و ترسی ئەوەیان لە دڵا نەبێت کە رۆژێک لە رۆژان جەردەکان یاخود حکومەت مولکوماڵەکانیان داگیردەکات بە پاساوی جۆراوجۆر. دەبێت یاسا پارێزەری مافەکانی تاکەکەس بێت و بەسەر هەمووواندا بەیەکسانی پیادەبکرێت و لەژێر دەستی حاکم و حکومەتی زۆرداردا نەبێت و پێشێلکارانی یاسا سزابدرێن. لێرەوە گرنگی دەستورێک کە توانای ئەوەی تێدابێت بسەپێنرێت دەبێتە چوارچێوە و بناغەی کۆمەڵێک کە تاکەکانی بەئازادی ژیانیان بگوزەرێنن.

بەشێکی زێدەگرنگی پەرتوکەکە تایبەتە بە کەرامەتی تاکەکەس. بێگومان میژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و مێژووی کورد بە تایبەتی تۆمارێکی تاریکیان هەیە لە سڕینەوەی تاکەکەس و پێشێلکردنی مافەکانی و مامەڵەکردنی وەک دانەیەکی بێبەها لە کۆی مێگەلدا. بێگومان بیری دەستەجەمعی هەمیشە بێبایەخانە تەماشای تاکەکەس و پێگەی تاکەکەسی کردوە لە کۆمەڵدا و وەک قۆچی قوربانی مامەڵەی لەگەڵ ژیانی تاکەکەسدا کردوە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە روخسار و سیما تایبەتەکانی بسڕێتەوە و هاوتای بکات لەگەڵ ئەوانیتردا کە هەموویان پێکەوە وەک یەکەیەک تەماشادەکران لە کۆیەکی مەزن. ئەو کۆمەڵەی تاکەکانی ئازاد نەبن هەرگیز ناتوانێت خۆشی ئازاد بێت، چونکە تەنها مرۆڤی ئازاد دەتوانێت ئازادی بەدەستبهێنێت و بیپارێزێت و رێزی بگرێت، کە مێژووی کورد هەمیشە بە پێچەوانەی ئەم لۆژیکەوە کاریکردوە.

تاکەکەس کۆڵەکەی کۆمەڵە و کۆمەڵ بەبێ تاکە پێکهێنەرەکانی هیچ بوونێکی نیە. تەنها بانگەشەکارانی بیری تۆتالیتاری و دەستەجەمعی و ئاین وەک ژمارە تەماشای تاک دەکەن کە ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی کۆمەڵ، سەرکردە، یاخود خوداوەند. مێژووی دێرینی ئەو جۆرە بیرانە هەزاران و ملیۆنان کەسیان راپێچی مەرگ کردوە لەژێر ناوی "چاکەی گەورە" و "سەروەری گەل" و "خودا" و "سەرۆک" و چەندین گوزارشتی لەم جۆرە کە سەرجەمیان لە ئەنجامدا بە زیانی تاکەکەس و مرۆڤایەتی شکاونەتەوە.

لەم روانگانەوە، هیوادارین ئەم پەرتوکە (ئەو پەرتوکانەی لە داهاتوودا بڵاویان دەکەینەوە) ببێتە هەوێنی داڕشتن و پتەوکردنی پێگەی تاکەکەس و چەسپاندنی پێگەکانی دامەزراندنی کۆمەڵێکی مەدەنی بەرمەبنای یاسا و لێبوردەیی و پەسەندکردنی جیاوازی کە هەموو ئەمانە دەبنە بنەمای پتەوی ئازادی و سەرفرازی و خۆشگوزەرانی.

**پێشواز سەعدوڵڵا فەیزوڵڵا**

چرای ئازادی

واشینتۆنی پایتەخت

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

## بەشی یەکەم
## رەگوڕیشەی لیبرالیزم

به مانایەک لە ماناکان هەمیشە و هەردەم دوو فەلسەفەی سیاسی هەبوون: ئازادیی و دەسەڵات. یان ئەوەتا خەڵکی دەبێت ئازاد بن لە ژیاندا بەو شێوەیەی کە گونجاوە بۆیان، بەمەرجێک ڕێزی مافگەلی یەکسانی بەرانبەر بگرن، یان ئەوەتا کۆمەڵێک خەڵک هێز بەکار دەهێنن بۆ ناچارکردنی بەرانبەر تا بەشێوەیەک ڕەفتار بکات کە خۆی هەڵینەبژاردوە. بێگومان جێگەی سەرسوڕمان نییە کە فەلسەفەی دەسەڵات هەمیشە سەرنجڕاکێشتر بووە لای ئەوانەی لە دەسەڵاتدان. فەلسەفەی دەسەڵات بە چەندین ناو ناسراوە، بۆ نمونە وەکو قەیسەریەت، دەسەڵاتگەرایی رۆژهەڵاتی، تیۆکراسی، سۆسیالیزم، فاشیزم، کۆمیونیزم، پاشایەتی،دەوڵەتی خۆشگوزەرانی. گوتاری هەر یەکێک لەم سیستەمی دەسەڵاتانە هێندە جیاواز خۆی نواندووە کە لێکچوونی سەرەکی نێوانیان دەشارێتەوە. فەلسەفەی ئازادییش بە هەمان شێوە بە چەندین ناوی جیاواز ناسراوە، بەڵام داکۆکیکارانی ئەم فەلسەفەیە هەمیشە ڕێچەکەیەکی هاوبەشیان هەبووە بۆ ڕێزگرتنی تاکەکەس و متمانەکردن بەوەی کە خەڵکی ئاسایی لە توانایاندایە بڕیاری ژیرانە بدەن سەبارەت بە ژیانی خۆیان، هەروەها ڕێچەکەیەکی

هاوبەشیشیان هەبووە لە بەرهەڵستیکردنی ئەوانەی کە توندوتیژیی بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان.

دەشێت یەکەمین لیبراڵی ناسراو "لاو تسە"ی فەیلەسوفی چینی بێت، کە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە و زیاتر وەک نووسەری پەرتوکی "تاو تی چینگ" ناسراوە. لاو تسە ڕێمنایی داوە کە "بەبێ یاسا یان ناچارکردن، مرۆڤەکان بە هاوسازی دەژین." زۆرینەی ناوەڕۆکی پەرتوکی تاو سیاسی نیە، بەڵکو بریتییە لە وتارێکی کلاسیکی سەبارەت بە ئارامی روحانی کە وابەستەی فەلسەفەی رۆژهەڵاتییە. ئەم پەرتوکە بەلای زۆرێک لە ئەمەریکاییەکانەوە کە رۆچوونەتە نێو لەخۆڕازیبوون و تاکگەرایی رۆژئاواوە، ڕەنگە وا دەربکەوێت کە داکۆکی هێجگار زۆر لە ناکاراییبوون و پەسەندکردن دەکات لە ڕووی بەربەستەکاندا. بێگومان، لاو تسە باوەڕی وابوو کە پەسەندکردنی هێمنانەی لەم چەشنە تاکە ڕێگایە بۆ بەدەستهێنانی ئاستێک لە ئارامی شەخسی و ئازادیی لە سایەی سیستەمی تۆتالیتاری گشتگیری چینی دێریندا.

بەدەر لە نمونەی لاو تسە، لەڕاستیدا لیبراڵییەت لە ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە. ئایا ئەمە وای لێدەکات ببێتە بیرێکی تەواو ڕۆژئاوایی؟ من باوەڕ ناکەم وابێت. پرەنسیپەکانی ئازادیی و مافە تاکەکەسیەکان خەسڵەتی گەردونییان هەیە، هەروەکو چۆن پرەنسیپەکانی زانست گەردونین، هەرچەندە زۆرینەی دۆزینەوەی ئەو پرەنسیپە زانستییانە لە ڕۆژئاوادا کراون.

## سەردەمی پێش مێژووی لیبراڵییەت

هەردوو هێڵی سەرەکی بیری ڕۆژئاوایی، کە بنچینەکەی یۆنانی و جودیۆ-کریستیانییە، بەشدارییان کردووە لە پەرەپێدانی ئازادییدا. بەپێی "ئینجیلی کۆن/کتێبی پیرۆزی کۆن The Old Testament" خەڵکی ئیسرائیل بەبێ پاشا یان بەبێ دەسەڵاتێکی ملپێکەچکەر ژیاون و خۆیان حوکمڕانی خۆیان کردووە نەک لەڕێگەی هێزەوە، بەڵکو لەڕێگەی وابەستەبوونی هاوبەش و وەلائیانەوە بۆ خودا. پاشان، هەروەکو لە یەکەم ئینجیلی "ساموێل"ـدا تۆمار کراوە، جولەکەکان چوون بۆ لای ساموێل و پێیان گوتووە "پادشایەکمان بۆ دروست بکە تا حوکممان بکات وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکە." بەڵام کاتێک ساموێل سەبارەت بە داواکەیان نوێژی بۆ خودا کرد، خودا گوتی:

ڕەفتاری ئەو پادشایەی کە حوکم بەسەر ئێوەدا دەکات بەم شێوەیە دەبێت: پادشا کوڕەکانتان بۆ گالیسکەکانی جەنگ دەبات و کچەکانتان دەبات تا ببنە چێشتلێنەر. هەروەها کێڵگەکانتان و باخی زەیتونەکانتان دەبات و دەیدات بە خزمەتکارەکانی خۆی. هەروەها یەک لە دەی تۆو و رەزو و مەڕەکانتان دەبات. ئێوەش دەبنە خزمەتکاری ئەو. ئەوکات ئێوە لەو ڕۆژەدا هاوار دەکەن لە دەست پادشاکەتان کە خۆتان هەڵتانبژاردووە و خوداش گوێ لە ئێوە ناگرێت لەو ڕۆژەدا.

هەرچەندە گەلی ئیسرائیل ئەو هۆشدارییە ترسناکەیان فەرامۆشکرد و پادشایەتیان خولقاند. ئەم بەسەرهاتە وەبیرخەرەوەیەکی بەردەوامە

کە رەچەڵەکی **دەوڵەت** بە هیچ شێوەیەک لە ئیلهامێکی ئیلاهیەوە نەهاتوە. هۆشداریی خودا نەک هەر لە ئیسرائیلی کۆندا بەڵکو ئەو هۆشدارییە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا رەنگیداوەتەوە. "تۆماس پەین" لە "کۆمۆن سێنس Common Sense"دا وەبیری ئەمەریکاییەکانی دەهێنێتەوە کە "بوونی چەند پادشایەکی باش"، لە ماوەی 3000 ساڵدا لە سەردەمی ساموێلەوە تا ئێستا، نەیانتوانیوە "گوناهبارییە بنچینەییەکە"ی پادشایەتی بسڕنەوە. مێژوونووسی مەزنی ئازادیی "لۆرد ئاکتۆن" زۆر سەرپێیانە ئاماژەی داوە بە "نارەزاییە گرنگەکەی" ساموێل، بەو گریمانەیەی کە هەموو خوێنەرە بەریتانیاییەکان لە سەدەی نۆزدەدا ئاشنای ئەو بەسەرهاتە بوون.

هەرچەندە ئەوان پادشایان خستەسەر عەرش، بەڵام پێدەچێت جولەکەکان یەکەمین میللەت بووبن کە پەرەیاندابێت بە ئەو بیرۆکەیەی کە پادشا پاشکۆی یاسایەکی باڵاترە. لە شارستانێتییەکانی دیکەدا، پادشا خۆی یاسا بووە، بەشیوەیەکی گشتی لەبەرئەوەی پادشا وەک بونەوەیکی ئیلاهی تەماشاکراوە. بەڵام جولەکەکان بە فیرعەونی میسر و بە پادشاکانی خۆشیان گوتووە کە پادشا هەر پیاوە و هەموو پیاوێکیش بە یاسای **خودا** حوکم دەدرێت.

## یاسای سروشتی

چەمکی یاسای باڵاتر بەهەمان شێوە لە یۆنانی کۆندا پەرەیسەندوە. "سۆفۆکلیس"ـی شانۆنووس لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا باسی

بەسەرهاتی "ئەنتیگۆن" دەکات، کە "پۆلینسیس"ی برای پەلاماری شاری "تێبەس" دەدات و لە شەڕدا دەکوژرێت. بەهۆی خیانەتەکەیەوە، "کریۆن"ی فەرمانڕەوای ستەمکار فەرماندەدات کە لاشەکەی بەبێ ناشتن و بەبێ ماتەم لە دەرەوەی دەروازی شار جێبهێڵرێت تاوەکو بۆگەن بکات. "ئەنتیگۆن"ی خوشکی پۆلینسیس بێگوێی کریۆن دەکات و براکەی دەنێژێت. کاتێک دەیهێننە بەردەم کریۆن، ئەنتیگۆن دەڵێت "یاسایەک کە لەلایەن مرۆڤەوە داڕێژرابێت، تەنانەت خودی پادشاش، ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر "یاسا کۆن و ناکۆتاکانی خوداوەندەکان"دا، کە هێندە لەمێژە بوونیان هەیە کەس تەمەنیان نازانێت."

بیرۆکەی یاسایەک کە تەنانەت فەرمانڕەوایانیشی پێحوکمبدرێن، بەدرێژایی شارستانیەتی ئەوروپایی گەشەی کردووە و ماوەتەوە. بیرۆکەکە لەلایەن فەیلەسوفە "**ستۆیکەکان**"*(رواقیەکان)*ـەوە لە جیهانی رۆمانیدا پەرەی پێدراوە، کە گوتوویانە تەنانەت ئەگەر فەرمانڕەوا بریتیش بێت لە سەرجەم خەڵک، هێشتاش دەبێت تەنها ئەوە ئەنجام بدات کە دادوەرانەیە بەپێی یاسای سروشتی. خۆڕاگریی هێزی ئەم بیرۆکە ستۆیکیە لە ڕۆژئاوادا بەهۆی ڕووداوێکی خۆشەوە بووە: ڕووداوەکەش تایبەتە بە "سیسەرۆ"ی پارێزەری ستۆیکییان کە وەک مەزنترین نوسەری پەخشانی لاتینی تەماشاکراوە، لەبەر ئەوە وتارەکانی بۆ چەندین سەدە لەلایەن ئەوروپاییە خوێنەوارەکانەوە خوێندراوەتەوە.

بە ماوەیەکی کورت پاش سەردەمی سیسەرۆ، لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بەناوبانگدا، پرسیار لە عیسا دەکرێت داخۆ دەبێت

دواکەوتووەکانی باج بدەن. عیسا لە وەڵامدا دەڵێت "ئەو شتانەی هی قەیسەرن جێیهێڵن بۆ قەیسەر و ئەوانەشی کە هی خودان جێیهێڵن بۆ خودا" (*بەواتای: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب.و*). بەم شێوەیەش، عیسا جیهانی دابەشکرد بۆ دوو بوار و بەمەشی ئەو خاڵەی ڕوونکردەوە کە هەموو ژیان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا نییە. ئەم بیرۆکە بنەڕەتییە لە ئایینی مەسیحییەتی ڕۆژئاواییدا چەسپا، هەرچەندە لە کڵێسای ڕۆژهەڵاتییدا نەچەسپی، کە بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بووە و هیچ بوارێکی لە کۆمەڵدا نەهێشتۆتەوە کە تێیدا سەرچاوە جێگرەوەکانی دەسەڵات بتوانن گەشە بکەن.

## فرەیی (پلورالیزم)

سەربەخۆیی کڵێسای ڕۆژئاوایی، کە دواتر بە کاسۆلیکی رۆمانی ناسرا، بەو مانایەی کە لە سەرتاسەری ئەوروپادا دوو دامەزراوەی بەهێز تێکۆشاون بۆ دەسەڵات. نە دەوڵەت و نە کڵێسا ئەو دۆخەیان پێخۆشنەبوە، بەڵام دابەشبونی دەسەڵاتیان بواری هەناسەدانی رەخساندوە بۆ تاکەکەس و کۆمەڵگای مەدەنی تا گەشە بکەن. پاپاکان و ئیمپراتۆرەکان زۆرجار هێرشیان کردۆتە سەر کەسایەتی یەکتر، کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی شەرعیەتی هەردووکیان. دوبارە، ئەم ناکۆکییەی نێوان کڵێسا و دەوڵەت بەڕاستی ناوازە بووە لە جیهاندا، کە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی پرەنسیپەکانی ئازادیی یەکەمجار لە ڕۆژئاوادا دۆزراونەتەوە.

لـە سـەدەی چوارەمـدا، ئیمپراتـۆر "تیۆدۆسـیوس" فـەرمانی دا بـە قەدیس "ئەمبرۆس"، کە قەشـەی شاری میلان بـوو، تا کاتدرائیەکەی رادەستی ئیمپراتـۆر بکات. ئـەمبرۆس بەرپـەرچی ئیمپراتـۆری دایـەوە و ووتی "نە بۆ ئێمە یاساییە واز لە کڵێسا بهێنین، نە بـۆ خـاوەن شکۆشـتان یاساییە بیگرنە دەست. بە هیچ یاسایەک، ناتوانیت مـاڵی تاقە پیاوێک پێشێل بکەیت. ئایا پێتان وایە دەکرێت مـاڵی خـودا داگیربکرێت؟ بـڕوا وایە کە هەموو شتەکان یاسایین بۆ ئیمپراتۆر و هەموو شـتەکان مـوڵکی ئەون، بەڵام ویژدانی خۆت ناڕەحـەت مەکە بـەو بیرۆکەیـەی کە وەک ئیمپراتۆر مافت هـەبێت بەسـەر شتە پیرۆزەکانـەوە. شانازی بەخۆتـەوە مەکە، بەڵام گەر تەمەنی قەڵەمڕەویت زیاتر بوو، ئەوا بگەڕێرەوە بـۆلای خودا. وەک ئەوەی نووسراوە، ئەوەی موڵکی خوادیە بۆ خوادیە و ئەوەی موڵکی قەیسەرە بۆ قەیسەرە". ئیمپراتۆر ناچارکرا بـڕوات بـۆ کڵێسـاکەی ئەمبرۆس و داوای لێبووردن بکات بۆ خراپەکارییەکەی.

چەند سەدەیەک دواتر، ناکۆکییەکی هاوشێوە لـە ئینگلسـتان ڕوویـدا. سـەرۆک قەشـەی کانتەربـەری "تۆمـاس بێکـت" داکـۆکی لـە مافـەکانی کڵێسا کرد لـە دژی دەسـت بەسـەرداگرتنەکانی پادشا "هێنـری دووەم". هێنری بەئاشکرا حەزی کرد رزگاری ببێت لـەم "قەشـە خۆهەڵقورتێنـە"، کە لە دەرئەنجامدا چوار سوارە بەرێکەوتن بۆ کوشتنی بێکت. لە ماوەی چوار ساڵدا، بێکت کرا بە پیر و پادشا هێنریش ناچارکرا بـە پێـی پـەتی بەناو بەفردا بڕوات بۆ کڵێساکەی بێکت وەک سـزایەک بـۆ تاوانـەکەی و پاشگەزبوونەوە لە داواکانی لەسەر کڵێسا.

ناكۆكی نێوان كڵێسا و دەوڵەت، كە بەربەست بوو لەبەردەم سەرهەڵدانی هەر دەسەڵاتێكی رەهادا، بووە مايەی خولقاندنی بوار بۆ گەشەكردنی دامەزراوە خودموختارەكان. لەبەر ئەوەی كڵێسا دەسەڵاتی ڕەهای نەبوو، بيروبۆچوونی ئايينی نەيار توانی سەر هەڵبدات. بازاڕ و كۆمەڵەكان، پەيوەندييە بەسوێندوابەستەكان، پيشەكان، زانكۆكان و شارە دەستوردارەكان هەموو بەشدارييانكرد لە گەشەپێدانی فرەيی و كۆمەڵگای مەدەنيدا.

### لێبووردەيی ئايينی (تۆلەرەنس)

زۆرجار ليبراڵييەت بەشێوەيەكی سەرەكی وەك فەلسەفەی ئازاديی ئابوری تەماشادەكرێت، بەڵام رەگوڕيشە راستەقينە مێژووييەكەی ليبراڵييەت زياتر لە خەباتكردنيدايە بۆ لێبووردەيی ئايينی. مەسيحييە سەرەتاييەكان دەستيانكرد بە پەرەپێدانی بيردۆزگەلی لێبووردەيی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو چەوساندنەوەی كە دەوڵەتی رۆم ئەنجامی دەدا لە دژيان. "تێرتوليان"ی قەرتاجەيی، كە بە "باوكی تيۆلۆژيای (ئاييناسی) لاتينی" ناسراوە، يەكێك بوو لە مەسيحييە هەر پێشينەكان لەم بوارەدا، لە دەوروبەری ساڵی 200 زايينيدا نووسيويەتی:

مافێكی سەرەكی مرۆييە و ئيمتيازێكی سروشتە كە دەبێت هەموو پياوێك (مرۆڤێك) بەپێی خودی باوەڕەكانی خۆی خوداپەرستی بكات. ئايينی پياوێك نە ئازار و نە كۆمەكی بۆ ئاينی پياوێكی ديكە نابێت.

بەدڵنیاییەوە، سەپاندنی ئایین بەشێک نییە لە ئایین، دەبێت ویستی ئازاد بەرەو ئایینمان ببات نەوەک هێز.

لێرەوە بنەمای داکۆکی لە ئازادی داڕێژراوە بەپێی مافی بنەڕەتی یان سروشتی.

گەشەی بازرگانی و راڤەکردنی ئایینی هەمەچەشن و کۆمەڵگای مەدەنی بەو مانایەی  کە لە نێو هەر جڤاکێکدا سەرچاوەگەلی زیاتری کاریگەر هەبوون، و فرەییش بوو بە مایەی سەرهەڵدانی پێداگری بۆ سنووردارکردنی فەرمیانەی حکومەت. لە دەیەیەکی بەرچاودا، هەنگاوگەلی گەورە نران بەرەو حکومەتی سنووردار و نوێنەرایەتی لە سێ بەشی بەرفراوانی لێکترازاوی ئەوروپادا. بەناوبانگترینیان، بەلایەنی کەمەوە بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانی_ئەمەریکاوە ، لە ساڵی 1215 لە ئینگلستان ڕوویدا، کاتێک بارۆنەکان لە ناوچەی "رەنیمێد" ڕووبەڕووی پادشا "جۆن" بوونەوە و ناچاریان کرد جارنامەی **ماگنا کارتا** یان **پەیمانی مەزن** واژۆ بکات. **ماگنا کارتا** هەموو پیاوێکی (*مرۆڤێک*)ی ئازادی پاراست لە دژی دەستێوەردانی نایاسایی بۆ سەر کەسێتی و سەروماڵی و دادپەروەریشی دابینکرد بۆ هەموو کەسێک. توانای پادشای بۆ کۆکردنەوەی داهات سنووردار کرد، کڵێسا رادەیەک لە ئازادیی پێبەخشرا و ئازادیی ناوچەکانیش سەپێندران.

لە هەمانکاتدا، لە دەوروبەری ساڵی 1220 دا،  شاری ماگدبێرگ لە ئەڵمانیا پەرەیدا بە کۆمەڵێک یاسای شاریی، کە جەختیان لەسەر ئازادیی و خود-حوکمڕانی دەکردەوە. یاسای ماگدبێرگ هێندە ڕێزی

لێدەگیرا، کە سەدان لەو شارانەی تازە دروست دەکران لە سەرتاسەری ناوەندی ئەوروپادا، پەیڕەویان کرد و پرسە یاساییەکانی هەندێک لە شارەکانی ناوەندی ڕۆژهەلاتی ئەوروپاش برانە بەردەم دادوەرەکانی شاری ماگدبێرگ.

دواجار لە ساڵی 1222، کەمترخانەدانەکانی هەنگاریا، کە ئەو کات بەشێک بوو لە پێکهاتەی ئەوروپا، شا "ئەندروی دووەم"یان ناچارکرد تا بەڵێننامەی "**گۆڵدن بوڵ** the Golden Bull" واژۆ بکات، کە کەمترخانەدانەکان و پیاوانی ئایینی لە باجدان بەخشی، ئازادیی پێدان زەویەکانی خۆیان بەو شێوەیە بەکاربەرن کە بەلای خۆیانەوە شیاوبوو، هەروەها لە بەندکردنی هەڕەمەکیانە و دەستبەسەرداگرتنی موڵکەکانیان پاراستنی، کۆبوونەوەی ساڵانەی بۆ دابینکردن تاوەکو بەهۆیەوە سکاڵا بکەن و تەنانەت مافی " **یوس ریزیستێندی** the Jus Resisitendi" یشی پێ دان، کە بریتی بوو لە مافی بەرەنگاربوونەوەی پادشا گەر پادشا هێرشی بکرادیەتە سەر ئازادییەکان و ئیمتیازەکانی نێو "**گۆڵدن بوڵ**".

پرەنسیپەکانی نێو ئەم بەڵگەنامانە لە لیبراڵییەتەوە دوور بوون لەبەرئەوەی ئەوانیش زۆرێک خەڵکیان بەدەرکردبوو لە زەمانەتەکانی ئازادییەکانیان و هەردوو بەڵگەنامەی **ماگنا کارتا** و **گۆڵدن بوڵ** بە ئاشکرا هەلاوێردیان لە دژی جولەکەکان کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە بریتین لە دەستکەوتی دیار لە ڕێڕەو بەرەو ئازادی و حکومەتی سنووردار و فراوانکردنی چەمکی مرۆڤبوون تا هەموو کەسێک

بگرێتەوە. ئەوەشیان دەرخست کە خەڵک لە سەرتاسەری ئەوروپادا بیریان لە چەمکەکانی ئازادیی دەکردەوە، هەروەها چین گەلێکیان لە خەڵک دروستکرد کە زۆر سەرسەختانە داکۆکیان لە ئازادییەکانی خۆیان دەکرد.

دواتر لە سەدەی سیانزدەهەمدا، پیر "تۆماس ئەکواینەس"، کە دەشێت مەزنترین ئایینناسی کاسۆلیکی هەموو سەردەمەکان بێت، و فەیلەسوفانی دیکە ئارگیومێنتێکی تیۆلۆژیانەیان پەرەپێدا بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی شاهانە. ئەکواینەس نووسیوەتی:

ئەو پادشایەی دڵسۆزنیە بەرامبەر بە ئەرکی خۆی، ئەوام مافی گوێڕایەڵیخوازی لەدەستدەدات . لەعەرشخستنی بە مانای یاخیبوون نایەت، چونکە ئەو خۆی کەسێکی یاخییە کە گەل ئەو مافەی هەیە لای ببات، بەڵام چاکترە دەسەڵاتی کەمبکرێتەوە تاوەکو نەتوانێت بەخراپی بەکاری بهێنێت.

بەم شێوەیەش دەسەڵاتی تیۆلۆژیانە بوو بەپشتیوانی ئەو بیرۆکەیەی کە دەکرێت ستەمکاران لەحوکمبخرێن. قەشەی ئینگلیزی "جۆن خەڵکی سالیسبیوری"، کە ئاگاداری کوشتنی بێکت بوو لە سەدەی دوانزدەهەمدا، و "رۆجەر بەیکن"، کە زانایەکی سەدەی سیانزدەهەم بوو (کە لۆرد "ئاکتۆن" بە دیارترین نووسەری ئینگلیزی سەردەمی خۆی دادەنێت)، تەنانەت داکۆکییان لە مافی کوشتنی ستەمکاریش کردووە، کە ئەمە ئارگیومێنتێکە لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهاندا بەخەیاڵدا نەهاتوە.

زانـای سـەدەی شـانزدەهەم "فرانسیسـکۆ دی ڤیتۆریـا" ڕێبەرایـەتی بیرمەنـدە سکۆلاسـتیکە ئیسـپانیاییەکانی کـرد، کـە هەنـدێکجار بـە قوتابخانەی **سالامانکە** ناسراوە، کە راڤەکردنەکانی بۆ ئایناسی و یاسای سروشتی و ئابوریناسی لەسەر بنەمای کارەکانی ئەکوەینەس بەندبوون و ئەو پێشبینی زۆربەی ئەو تێزانەی کردبوو کە دواتر لە کارەکانی "ئادەم سمیس" و قوتابخانەی نەمساییدا درکیان پێکرا. لە پێگەی خۆی لـە زانکـۆی سـالامانکە، ڤیتۆریـا، لـە ڕووی تاکگـەرایی و مافگـەلی سروشتییەوە، کۆیلـەکردنی هیندییـەکانی مـەحکومکرد کـە لـە جیهـانی نوێدا لەلایەن ئیسپانیاوە ئەنجام دەدرا و ووتی "هەموو هیندیەک مرۆڤە و بەمشێوەیەش دەتوانێت وەک هەر مرۆڤێکی دیکە پاداشتی بەهەشت یـان سـزای دۆزەخ بەدەسـت بهێنێـت. . . . بـە ئەنـدازەی مرۆڤبـوونی، هەموو هیندیەک ئیرادەی ئازادی هەیە و لە ئەنجامدا خۆی سەروەری کردەوەکـانی خۆیـەتی . . . . هـەموو مرۆڤێـک مـافی ژیـان و مـافی سـەلامەتی فیزیکـی و عـەقڵی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە". ڤیتۆریـا و هاوکارەکانی برەویان دا بە پێڕەوی یاسای سروشتی لە بوارەکانی وەک مـوڵکی تایبـەتی، قـازانج، سـود و بـاج سـەندن. کارەکانیـان کاریگـەری لەسـەر "هۆگـۆ گرۆتیـوس" و "سـامویل پوفێنـدۆرف" و لـە ڕێگـەی ئەمانیشەوە لەسەر "ئادەم سمیس" و هاوکارە سکۆتلەندییەکانی دانا.

بـەرمێژوویی لیبراڵییـەت لەسـەردەمی ڕێنێسـانس و ریفـۆرمی پرۆتسـتانیدا دەگاتـە لوتکـە. زۆرجـار سـەرلەنوێ دۆزینـەوەی زانینـی کلاسیکی و هیومـانیزم، کـە ببوونـە سیمای سـەردەمی ڕێنێسـانس، بـە

سەرهەڵدانی جیهانی هاوچەرخ دادەنرێن لەپاش سەدەکانی ناوەڕاست. "ئایان راند"، بە راستگۆییە ئاشکرا سروشتیەکەی خۆی، یەک روانگەی ڕینێسانسی کورتکردۆتەوە بۆ ئەوەی کە بیری تەرزە عەقڵانی و تاکگەرایی و عیلمانیەتیەکەی لیبراڵییەتە، و نووسیویەتی "سەدەکانی ناوەڕاست سەردەمی تەسەوف بوون، کە باوەڕ و گوێڕایەڵی کوێرانە بۆ ئەو دۆگمایە حوکمی دەکردن کە پێیوابوو باوەڕ لە عەقڵ باڵاترە. سەردەمی ڕینێسانس بەتایبەتی بریتی بوو لە لەدایکبوونەوەی عەقڵ، لە ئازادکردنی بیری مرۆڤ، سەرکەوتنی عەقڵانییەت بەسەر تەسەوفدا— سەرکەوتنێکی شڵۆقی ناکامڵ، بەڵام گەرموگوڕ کە بووە هۆی سەرهەڵدانی زانست و سەرهەڵدانی تاکگەرایی و سەرهەڵدانی ئازادیی." لەگەڵ ئەمەشدا، "راڵف رایکۆ"ی مێژووناس گوتویەتی، کە دەشێت زیادەڕۆیی لە بەهای سەردەمی ڕێنیسانس بکرێت وەک بابەگەورەی لیبراڵییەت؛ دەستورگەلی مافەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زەمینەیەکی مسۆگەرتری فەراهەم کردبوو بۆ ئازادیی لەچاو تاکگەرایی پرۆمیسۆسانەی ڕینێسانسدا. یەکێک لە بەشدارییە مەزنەکانی ڕینێسانس بۆ هەڵوێستی لیبراڵیانە بەرامبەر دەسەڵات بریتی بوو لە کارەکەی "مێکیاڤیلی". مێکیاڤیلی پیاوی دەوڵەت و زانای سیاسی ئیتالیایی بوو، کە راستیی سەبارەت بە سیاسەت درکاندوە و ووتویەتی "سیاسەت دەربارەی دەسەڵاتە و سیاسەتمەدارانیش وەک ستراتیژێک باس لە دادپەروەریی دەکەن تا دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن". ئەم گاڵتەئامیزیە_تەندروستە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی، بیرۆکەیەکە

لە زۆربەی بیری سیاسی ئیتالیاییدا دەبینرێت تا دەگاتە زاناکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، بۆ نمونە وەکو "گایتانۆ مۆسکا" و "ڤیلفریدۆ پاریتۆ".

ریفۆرمی پرۆتستانی زیاتر بووە هۆی پەرەپێدانی بیرۆکە لیبراڵییەکان. ریفۆرمیستە پرۆتستانەکانی وەکو "مارتن لوسەر" و "جۆن کالڤن" بە هیچ شێوەیەک خەڵکانێکی لیبراڵ نەبوون، بەڵام بە شکاندنی پاوەنخوازیی کڵێسای کاسۆلیکی، ئەوان بەشێوەیەکی نەویستانە هانی بڵاوبونەوەی مەزهەبە پرۆتستانییەکانیان دا، کە هەندێکیان، بۆ نمونە وەکو **کوەیکەر** و **باپتیستەکان**، بەکردەوە بیری لیبراڵییان پەروەردە کرد. پاش **جەنگی ئایینەکان**، خەڵک دەستیان کرد بە گومانکردن لەو بیرۆکەیەی کە دەبوایە کۆمەڵگا تەنها یەک ئایینی هەبێت. بڕواوابوو کە بەبێ تاکە دەسەڵاتێکی ئایینی و ئەخلاقی، کۆمەڵگا زیادبوونێکی ناکۆتا لە پابەندبوونی ئەخلاقی بەخۆوە دەبینێت و بە کردەوە پارچە پارچە دەبێت. ئەم بیرۆکە هێجگار کۆنەپارێزە خاوەنی مێژوویەکی درێژە؛ بەلایەنی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتون کە سوربوو لەسەر ڕێکخستنی تەنانەت موزیکیش لە کۆمەڵگایەکی نمونەییدا.

ئەم بیرۆکەیە لە سەردەمی خۆشماندا لەلایەن نووسەری سۆسیالیستی "رۆبەرت هێیلبرۆنەر" گوزارشتی لێکراوە، کە دەڵێت سۆسیالیزم پێویستی بە "ئامانجێکی ئەخلاقی بەکۆمەڵ هەیە کە بەشێوەیەکی ویستراو پەسەند کرابێت" کە "هەموو دەنگێکی ناڕازی دەبێتە هەڕەشە لەسەری." هەروەها دەشکرێت لە ترس و نیگەرانی

خــەڵکی ناوچــەی "کاتلێــت" لــە ویلایــەتی ڤێرجینیــا (لــە ناوەڕاســتی خۆرهــەڵاتی ئەمــەریکا) هەســتی پــێ بکرێــت، کــە نیگــەرانی خۆیــان بــە ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست " ڕاگەیاندبوو کاتێک پەرستگایەکی بودایی لــە شــارە بچوکەکەیانــدا دروســتکرا. خەڵکەکــە بــە ڕۆژنامەکــەیان وتبــوو "ئێمــە باوەڕمــان بــە یــەک خــودای ڕاستەقینە هەیــە و پێمــان وایــە ئێمــە ترســاین لــە ئــایینێکی ســاختەی وەکــو ئەمــە، کــە دەشــێت کاریگــەریی هەبێت لەسەر منداڵەکانمان."

خۆشبەختانە، پاش سـەردەمی ریفـۆرمی پرۆتسـتانی، زۆربـەی خـەڵک تێبینیــان کــرد کــە کۆمــەڵگا پارچــە پارچــە نــەبوو لــە ئــەنجامی جیــاوازی ئاینی و تێڕوانینی ئەخلاقیەوە.

### وەڵامێک بۆ ڕەهاگەرایی

لە کۆتایی سەدەی شانزدەهەمدا، کڵێسا کە گەندەڵیی خۆی و **ریفۆرم** لاوازیان کردبوو، پێویستی زیاتری بە پشتیوانی دەوڵەت هەبوو لەچاو پێویســتی دەوڵــەت بــۆ پشــتیوانی کڵێســا. لاوازی کڵێســا بــووە هــۆی دروستبوونی دەرفەت بۆ هاتنە کایەوەی دەسەڵاتی ڕەهایی شاهانە و بە تایبــەتی ئــەم دیاردەیــە لــە ســەردەمی حــوکمڕانێتی پادشــا "لویســی چواردەهــەم" لــە فەرەنســا و خانــەوادەی پادشــاکانی "ســتیواردەکان" لــە ئینگلیستان بینرا. دەسەڵاتە شاهانەکان دەستیان کرد بە دامەزراندنی بیرۆکراسـیەتی خۆیـان، سـەپاندنی بـاجی تـازە، دامەزرانـدنی سـوپای سازوئامادە و جڵەوکردنی زیاتر دەسەڵاتی خۆیان. بە سوود وەرگرتن لە

کارەکەی "کۆپەرنیکۆس"، کە سەلماندی کە هەسارەکان بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە. پادشا لویسی چواردەهەم خۆی بە **پادشای خۆر** ناودێر کرد، چونکە ئەو ناوەندی ژیان بوو لە فەرەنسا و بە ئاشکرا رایگەیاند "من دەوڵەتم". لویسی چواردەهەم مەزهەبی "پرۆتستانیزم"ی قەدەغە کرد و هەوڵیدا خۆی بکات بە سەرگەورەی کڵێسای کاسۆلیکی لە فەرەنسا. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا، کە نزیکەی 70 ساڵی خایاند، هەرگیز داوای دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نەکرد. کۆلبێرت کە وەزیری دارایی پادشا لویسی چواردەهەم بوو، سیاسەتی "میرکانتیلیزم"ی پیادە کرد، کە لە سایەیدا دەوڵەت هەڵدەستا بە سەرپەرشتیکردن و ڕێبەریکردن و پلاندانان و نەخشەڕێژی و چاودێریکردنی ئابوریی، وەک کۆمەککردنی دارایی پێویست، قەدەغەکردن، پێدانی پاوەنخوازیی، خۆماڵیکردن، دیاریکردنی موچە و نرخ و دڵنیابوون لە چۆنایەتی.

لە ئینگلیستان، خانەوادی پادشاکانی "ستیواردەکان"یش هەوڵیاندا حوکمی رەها دابمەزرێنن. هەوڵیاندا یاسای کۆمۆن فەرامۆش بکەن و باج زیاد بکەن بەبێ رەزامەندیی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی – **پەرلەمان**- ئینگلیستان. بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتی پەرلەمان لە ئینگلیستان سەلماندیان کە لە هەموو کیشوەری ئەوروپادا خۆڕاگرتر بوون و هەڵمەتی رەهایی پادشاکانی ستیواردەکان لە ماوەی 40 ساڵی هاتنە سەر تەختی پادشا "جەیمسی یەکەم"دا بچوک کرایەوە.

بەرەنگاربوونەوەی رەهایی بە سەربڕینی پادشا "چارلسی یەکەم" ، کە کوڕی پادشا جەیمس بوو، لە ساڵی 1649 دا گەیشتە لوتکە.

لەهەمانکاتدا، لەگەڵ ریشەداکوتانی رەهاگەرایی لە فەرەنسا و ئیسپانیا، هۆڵەندا بووە بڵێسەی لێبووردەیی ئایینی، ئازادیی بازرگانی و حکومەتی ناوەندی سنووردار. پاش ئەوەی هۆڵەندییەکان سەربەخۆییان لە ئیسپانیا بەدەستهێنا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا، فیدراڵییەتێکی ئازادی شار و پارێزگاکانیان دامەزراند. هۆڵەندییەکان بوونە هێزی بازرگانی پێشەنگی سەردەم و هەروەها بوونە لانەیەک بۆ ئاوارەکان کە لە دەست چەوساندنەوە هەڵهاتبوون. پەرتوک و نامیلکەی ئینگلیز و فەرەنساییە نەیارەکان جاروبار لە شارە هۆڵەندییەکاندا بڵاودەکرانەوە. "باروک سپینۆزا"ی فەیلەسوف، کە یەکێک بوو لەو ئاوارانەی کە باوانی کە جولەکە بوون لە دەست زۆرداریی کاسۆلیکی پورتوگال هەڵهاتبوون، بەم شێوەیە باسی کاریگەری دڵخۆشانەی لێبووردەیی ئایینی و خۆشگوزەرانیی نێو ئەمستردامی کردووە لە سەدەی حەڤدەهەمدا:

شاری ئەمستردام، لە خۆشگوزەرانیی مەزنی خۆی و پێزانینی هەموو خەڵکەکانی دیکەدا، بەروبومی ئازادیی دەچنێتەوە. چونکە لەم وڵاتەدا کە بوژاوەترینە و لەم شارەدا کە مەزنترینە، مرۆڤەکانی هەموو نەتەوە و ئایینەکان پێکەوە لە گەورەترین هاوسەنگیدا دەژین و هیچ پرسیار ناکەن پێش ئەوەی متمانەی موڵکەکانیان بە هاوڵاتیەکی دیکە بسپێرن. ئایین و مەزهەبی هاوڵاتیەکی دیاریکراو هیچ گرنگیەکیان نیە

لەبەرئەوەی هیچ کاریگەرییەکیان نابێت لەبەردەم دادوەرەکاندا لە بردنەوەی یان دۆڕاندنی کێشەیەکدا و هیچ مەزهەبێکیش هێندە بێزراو نییە کە شوێنکەوتوانی، بە مەرجێک ئازاری هیچ کەسێک نەدەن و ڕێزی هەموو کەسێک بگرن و ژیانێکی راستگۆیانە بژین، بێبەش بن لە پاراستنی دەسەڵاتی قەزایی.

نمونەی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابوری هۆڵەندا بووە ئیلهام بۆ لیبراڵە پێشەنگەکانی ئینگلیستان و وڵاتانی دیکە.

## شۆڕشی ئینگلیزی

بەرهەڵستکاریی ئینگلیزی بۆ رەهایی شاهانە بووە مایەی خولقاندنی برێکی زۆر لە هەژاندنی رۆشنبیرانە و یەکەمین بیرۆکەگەلی چالاک کە بە ئاشکرا لیبراڵی پێشەنگبوون لە ئینگلیستانی سەدەی حەڤدەهەمدا. دوبارە، بیرۆکەگەلی لیبراڵی لە ئەنجامی داکۆکیکردن لە لێبووردەیی ئایینیەوە پەرەیان سەند. شاعیری گەورە "جۆن میڵتۆن" گوتاری "ئاریۆپاجیتیکا"ی بڵاوکردەوە لە ساڵی 1644 دا، کە ئارگیومێنتێکی بەهێزبوو لە پێناوی ئازادیی ئایین و دژی مۆڵەت پێدانی رەسمی چاپ و بڵاوکراوەکان. بە باسکردنی پەیوەندیی نێوان ئازادیی و فەزیلە، کە مەسەلەکەیە تا ئەمڕۆش جێگەی مشتومڕە لە سیاسەتی ئەمەریکاییدا، میڵتۆن نووسیویەتی "ئازادیی باشترین قوتابخانەی فەزیلەتە." میڵتۆن گوتویەتی کە فەزیلە تەنها کاتێک راست و چاکە گەر ئازادانە هەڵ بژێردرابێت. سەبارەت بە ئازادیی رادەبڕین، میڵتۆن

نووسیویەتی "کێ تا ئێستا بینیویەتی کە راستی لە روبەڕوبونەوەیەکی کراوە و ئازاددا خراپ بەکار هێنرا بێت؟"

لە ماوەی چۆڵ بوونی تەختی پاشایەتیدا، سەردەمی پاش سەربڕینی پادشا "چارلسی یەکەم" و کاتێک ئینگلیستان لە نێوان پادشاکان و لەژێر فەرمانڕەوایی "ئۆلیڤەر کرۆموێڵ"دا بوو، گفتوگۆیەکی روناکبیریانەی بەرفراوان لە ئارادا بوو. گروپێکی خەڵک کە بە "لێڤڵەرز Levellers" ناسرابوون، دەستیان کرد بە بانگەوازکردنی کۆمەڵە بیرۆکەیەکی پڕاوپڕ کە دواتر بە لیبراڵیزم ناسران. ئەوان پاراستنی ئازادیی ئایینی و مافە دێرینەکانی پیاوانی ئینگلیزیان خستە نێو سیاقێکی خود-خاوەنداریێتی و مافگەلی سروشتیەوە. لە وتارێکی بەناوبانگدا بە ناوی "تیرێک لە دژی گشت ستەمکاران"، "ڕیچارد ئۆڤەرتۆن"ی رابەری گروپی لێڤڵەرز ووتی کە هەموو تاکێک مافی "خود-موڵکداریی" هەیە؛ بە مانایەکی دیکە هەموو کەس خاوەنی خۆیەتی و بەم شێوەیەش مافی ژیان و ئازادیی و موڵکایەتییان هەیە. و وتی "هیچ پیاوێک دەسەڵاتی نییە بەسەر ماف و ئازادییەکانمدا و منیش ئەو دەسەڵاتەم بەسەر ماف و ئازادییەکانی هیچ پیاوێکدا نییە".

سەرەڕای هەوڵ و کۆششی گروپی لێڤڵەرز و ڕادیکاڵەکانی دیکە، بنەماڵەی ستیواردەکان لە ساڵی 1660 لە شێوەی کەسایەتی پادشا "چارلسی دووەم"دا، گەڕانەوە سەر تەختی پادشایەتی. چارلس پەیمانیدا ڕێز لە ئازادیی ویژدان و مافگەلی خاوەن موڵکەکان بگرێت، بەڵام خۆی و براکەی پادشا "جەیمسی دووەم" دوبارە هەوڵیاندا دەسەڵاتی

شاهانە فراوان بکەن. لە "شۆڕشی شکۆمەندانە"ی ساڵی 1688 دا، پەرلەمان تاجی پادشایەتی بەخشییە "ویلیەم" و "ماری" کە خەڵکی هۆڵەندا بوون (هەردووکیان نەوەی پادشا چارلسی یەکەم بوون). پادشا ویلیەم و شاژن ماری ڕازی بوون کە ڕێز لە "مافگەلی ڕاستەقینە و دێرین و جێگیر"ی پیاوانی ئینگلیز بگرن بەو شێوەیەی کە لە بەڵگەنامەی "**بیل ئۆڤ رایتس** Bill of Rights" لە ساڵی 1689 دا، هاتووە.

دەتوانین مێژووی لەدایکبوونی لیبراڵیزم بگێڕینەوە بۆ "شۆڕشی شکۆمەندانە". "جۆن لۆک" بە ڕاستی وەکو یەکەمین لیبراڵی ڕاستەقینە و وەک باوکی فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ دادەنرێت. ئەگەر لە بیرۆکەگەلی لۆک تێنەگەیت، ئەوا بە ڕاستی ناتوانیت لەم جیهانە تێبگەیت کە تێیدا دەژین. هەرچەندە کارە مەزنەکەی لۆک بە ناونیشانی "دووەمین تێزی حکومەت The Second Treatise of Government" لە ساڵی 1690 دا بڵاوکرایەوە بەڵام چەند ساڵێک لەوەوبەر نوسرابوو، بەمەبەستی بەربەرچدانەوەی فەیلەسوفی رەهاگەرا "سێر ڕۆبەرت فیلمەر"، کە داکۆکیکردن لە مافگەلی تاک و حکومەتی نوێنەرایەتی رادیکاڵتر کرد. لۆک پرسی: مەبەست لە بوونی حکومەت چییە؟ بۆچی حکومەتمان هەیە؟ هەرخۆشی وەڵامی دایەوە، کە خەڵک مافیان هەیە پێش ئەوەی حکومەت بێتە بوون – بەم شێوەیەش ئێمە بە مافگەلی سروشتی ناویان دەبەین، چونکە لە سروشتدا بوونیان هەیە. خەڵک حکومەت دروست دەکەن تا مافەکانیان بپارێزێت. خەڵک بەبێ

حکومەتیش دەتوانن مافەکانیان بپارێزن، بەڵام حکومەت سیستەمێکی کاریگەرە بۆ پاراستنی مافەکان. ئەگەر حکومەت ئەم ڕۆڵەی تێپەڕاند، ئەوا خەڵک مافی خۆیانە لێیهەڵبگەڕێنەوە. حکومەتی نوێنەرایەتی باشترین شێوازە بۆ دڵنیابوون لەوەی حکومەت پابەندە بە مەبەستە گونجاوەکەی خۆیەوە. بە دووبارەکردنەوەی نەریتێکی فەلسەفی کە چەندین سەدەیە لە ڕۆژئاوادا ریشەی داکوتاوە، لۆک نووسیویەتی "حکومەت ئازاد نییە لەوەی کە چی پێخۆش بێت بیکات . . . یاسای سروشت وەک حوکمێکی هەتاهەتایی بۆ هەموو پیاوان، یاسادانەران و هەروەها ئەوانی دیکەش دەمێنێتەوە".

*لۆک بەروونی بیرۆکەی مافگەلی موڵکدارییشی شیکردۆتەوە "هەموو پیاوێک خاوەنی موڵکی شەخسی خۆیەتی. ئەمەش هیچ کەسێک مافی بەسەریەوە نییە بێجگە لە خودی خۆی. کۆششی لەشی خۆی و کاری دەستەکانی خۆی، دەشێت بڵێین، بە شێوەیەکی گونجاو تایبەتن بە خۆی. لەبەرئەوە هەر شتێک کە ئەو لەو **دۆخەی** کە **سروشت** بۆی دابینکردووە بگوازێتەوە، و کۆششی خۆی تێکەڵ بکات و شتێکی بۆ زیاد بکات کە موڵکی خۆیەتی و بەو پێیەش دەیکاتە موڵکی خۆی.*

خەڵک مافی حاشاهەڵنەگری ژیان و ئازادیی و موڵکدارییان هەیە، شتێکیش بەدەستدەهێنن کە پێشتر موڵکی کەس نەبوبێت و "کۆششی خۆیانیان بۆ زیادکردبێت،" بۆ نمونە وەکو کشتوکاڵکردن. ئەوە ڕۆڵی حکومەتە کە "**ژیان**، **ئازادییەکان** و **موڵکەکانی**" خەڵک بپارێزێت.

ئەم بیرۆکانە بە گەرموگوڕییەوە پێشوازیان لێکرا. ئەوروپا هێشتا لە چنگی ڕەهاگەرایی شاهانەییدا بوو، بەڵام بە هۆی ئەزمونیان لەگەڵ خانەوادەی پادشاکانی ستیواردەکان لە ئینگلیستان، ئینگلیزەکان

بەگومان بوون لە هەموو شێوازەکانی حکومەت. ئەوان بە گەرمی ئەم داکۆکیکردنە فەلسەفیە بەهێزەی مافگەلی سروشتی، حوکمی یاسا و مافی شۆڕشکردنیان لە ئامێزگرت. بێگومان ئەوان دەستیشیانکرد بە گواستنەوەی بیرۆکەگەلی لۆک و گروپی لێڤلەرزەکان بەرەو **جیهانی نوێ**.

**سەدەی هەژدەهەمی لیبراڵ**

ئینگلیستان لە سایەی حکومەتی سنووردار‌دا گەشەیکرد. هەروەک چۆن هۆڵەندا سەدەیەک لەوەوبەر ئیلهامی بەخشیبووە لیبراڵەکان، مۆدیلی لیبراڵی ئینگلیزی ببوە جێگەی ئاماژە پێدان لە لایەن بیرمەندە لیبراڵەکان لە ئەوروپا و دوا جار لە سەرتاسەری جیهانیشدا. دەشێت سەرەتای سەردەمی **ڕۆشنگەریی** بگێڕینەوە بۆ ساڵی 1720، ئەو دەمەی نووسەری فەرەنسایی "ڤۆڵتێر" لە ستەمکاری فەرەنسا هەڵهات و گەیشتە ئینگلیستان. ڤۆڵتێر لە ئینگلستان لێبووردەیی ئایینی و حکومەتی نوێنەرایەتی و چینی ناوەندی خۆشگوزەرانی بینی. تێبینی ئەوەشیکرد کە بازرگانی لە ئینگلستاندا زیاتر ڕێزی لێگیراوە بەبەراورد لەگەڵ فەرەنسادا، کە ئەریستۆکراتەکان بە چاوێکی سوکەوە تەماشای ئەوانەیان دەکرد کە خەریکی بازرگانیکردن بوون. هەروەها ئەوەشی بینی کە کاتێک ڕێگە دەدرێت بە خەڵک ئازادانە بازرگانی بکەن، ئەوا دەشێت تێڕوانینە پێشوەختەکانیان بە پلەی دووەم بێت بەبەراورد لەگەڵ بەرژەوەندیی شەخسیدا، هەروەک باسکردنە بەناوبانگەی ڤۆڵتێردا بۆ بۆرسە دەردەکەوێت:

*بچۆرە نێو بۆرسەی لەندەن – کە شوێنێکی بەڕێزترە لەچاو زۆربەی دادگاکاندا– ئەو کات دەبینیت نوێنەرانی هەموو نەتەوەکان لەوێدا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی کۆبوونەتەوە. لەوێ، جولەکەکان و موسوڵمانەکان و مەسیحییەکان وەها مامەڵەی یەکتر دەکەن وەک ئەوەی هەموویان هەمان ئایینیان هەبێت و تەنها بەوانە دەڵێن کافر کە مایەپوچ دەردەچن. لەوێ باوەڕدارانی مەزهەبی **پرێزپەتێریەکان** متمانە بە باوەڕدارانی مەزهەبی **ئانەباپتیست** دەکەن و باوەڕدارانی مەزهەبی **ئەنگلیکانی** پەیمانی باوەڕدارانی مەزهەبی **کوەیکەر** قبوڵ دەکەن. لەگەڵ جێهێشتنی ئەم کۆبوونەوە ئاشتیخواز و ئازادانەیەدا، هەندێکیان رودەکەنە پەرستگای جولەکان، هەندێکی دیکە دەچن بۆ خواردنەوە . . . هەندێکی دیکە دەچنە کڵێساکەیان تا چاوەڕێی ئیلهامی خودا بن، کڵاوەکانیان لەسەر سەریانە و هەموویان ئاسودەن.*

**سەدەی هەژدەهەم، سەدەی مەزنی بیری لیبراڵی بوو.**

بیرۆکەکانی لۆک لە لایەن گەلێک نووسەرەوە پەرەیان پێدرا، بە تایبەتیش "جۆن ترێنچارد" و "تۆماس گۆردن"، کە زنجیرە وتارێکی رۆژنامەییان نووسی لە ژێر ناوی خوازراوی "کەیتۆ Cato"دا؛ ناوەکەشیان لە ناوی "کەیتۆی گەنج"وە خواستبوو کە داکۆکیکەری کۆماری رۆمانی بوو لە دژی مەرامەکانی یولیوس سیزار (*قەیسەر*) بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. ئەو وتارانە، کە ئیدانەی حکومەتیان کرد بۆ بەردەوام بوونی لەسەر پێشێلکردنی مافگەلی پیاوانی ئینگلیز، پاشتر بە "نامەکانی کەیتۆ Cato's Letters" ناسران. (ئەو ناوانەی کە ئاماژەبوون بۆ کۆماری رۆمانی لە نێو نووسەرانی سەدەی هەژدەهەمدا زۆر ئاشنابوون؛ بەروارردیان بکە لەگەڵ نووسینەکانی نێو پەراوە

فیدرالّییەکان Federalist Papers، کە لە ژێر ناوی "پیوبلیس Publius" نووسرابوون).

لە فەرەنسا فیزیۆکراتەکان پەرەیاندا بە زانستی هاوچەرخی ئابووریناسیی. ناوەکەیان لە دوو وشەی یۆنانیەوە هاتوە "فیزیس" بە مانای سروشت و "کراتۆس" بە مانای ڕێسا. ئەوان باسیان لە ڕێسای سروشت دەکرد، کە مەبەستیان لەمە ئەو یاسایانەی سروشت بوو کە هاوتای یاسا سروشتیەکانی فیزیک حوکمی کۆمەڵ و پێکەوەنانی سامانیان دەکرد. باشترین ڕێگا بۆ زیادکردنی دابینکردنی کاڵای ڕاستەقینە بریتی بوو لە ڕێگەدان بە بازرگانی ئازاد، کە بە پاوەنخوازی و سنووردارکردنی سەندیکا و باجی زۆر ڕێگری نەکرابێت. نەبوونی ئاستەنگی زۆرەملێ دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی هاوسەنگیی و فرەیی. بانگێشەی بەناوبانگی لیبرالّییانەی "لێگەڕان laissez-faire" سەریهەڵدا. بەپێی داستانێک، پادشا "لویسی پانزدەهەم" لە کۆمەڵە بازرگانێک دەپرسێت "چۆن بتوانم یارمەتیتان بدەم؟" ئەوانیش بەوەلام دێن "لێمان گەڕێ کاری خۆمان بکەین، وازمان لێ بهێنە؛ جیهان بۆ خۆی خۆی بەڕێوە دەبات".

"فرانسوا کوزنای" و "پیەر دوپۆ دو نومۆ" لە نێوان فیزیۆکراتە ڕابەرەکاندا بوون، کە لە دەست شۆڕشی فەرەنسایی هەڵ هاتبوون و هاتبوونە ئەمەریکا. کوڕی دو نۆمۆ لە ئەمەریکا بازرگانییەکی بچکۆلەی لە ویلایەتی دێلاوێر دامەزراندبوو. هاوکارێکی فیزیۆکراتەکان بریتی بوو لە ئابووریناسی مەزن "ئێی. ئارِ. جەی. تۆرگۆ"، کە پادشا "لویسی

شانزەدەهەم" کردبووی بە وەزیری دارایی. لویسی شانزدەهەم "دیکتاتۆرێکی رۆشنگەر" بوو کە ویستی باری حکومەت لەسەر شانی خەڵکی فەرەنسا سوک بکات و بەڵکو سامانێکی زیاتر بێتە بەرهەم تا باجی بخرێتە سەر، بەوپێیەی فیزیۆکراتەکان ئاماژەیان دابوو بەوەی کە "جوتیاری هەژار واتە شانشینی هەژار؛ شانشینی هەژاریش واتە پادشای هەژار". تورگۆ پرۆژەی "شەش فەرمانی بالا the Six Edicts"ی دەرکرد بۆ: کۆتاییهێنان بە سەندیکاکان (کە ببوونە پاوەنخوازیی نهێنی)، کۆتاییهێنان بە باجی ناوخۆ و کرێکاریی زۆرەملێی و فەراهەمکردنی لێبووردەیی بۆ پرۆتستانتەکان. تورگۆ توشی بەرهەڵستکارییەکی توند هات لە لایەن بەرژەوەندییە هەمیشەییەکانەوە و لە ساڵی 1776 دا لەسەر کار لادرا. لەگەڵ رۆیشتنی تورگۆ، "رایکۆ دەڵێت "دوا هیوای حوکمی شاهانەی فەرەنسایی ڕۆیشت" کە لە ڕاستیدا دوای سیانزدە ساڵ کەوتە بەر زەبری شۆڕش.

ڕۆشنگەریی فەرەنسایی باشتر ناسراوە لە مێژوودا، بەڵام ڕۆشنگەرییەکی گرنگیش لە سکۆتلەندا هەبوو. سکۆتلەندییەکان دەمێک بوو ڕقیان لە زاڵبوونی ئینگلیزی ببۆوە، لە سایەی سیاسەتی مێرکانتیلیزمی بەریتانیاییدا ئازارێکی زۆریان چەشتبوو و لە ماوەی سەدەی رابردووشدا ئاستێکی خوێندەواریی بەرزتر و قوتابخانەی باشتریان لەچاو ئەوانەی بەریتانیادا بەدەستهێنابوو. ئەوان بەباشی گونجابوون بۆ پەرە پێدان بە بیرۆکەگەلی لیبراڵی (و باڵادەستبوون لە ژیانی روناکبیریانەی ئینگلیزیدا بۆ ماوەی سەدەیەک). "ئادەم

فێرگەسۆن"ی نووسەری "وتارێک سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی Essay on the History of Civil Society,"، داهێنەری دەستەواژەی "ئەنجامی کاری مرۆڤ بەڵام نەک دیزاینی مرۆڤ" بوو، کە بوو بە ئیلهام بەخشی زانایانی داهاتووی نیزامی خۆبەخۆیی. "فرانسیس هەچسۆن" کە پێش یوتالیتاریانەکان کەت (داکۆکیکارانی فەلسەفەی سوودمەندگەرایی/یوتالیانتاریزم) لە بیرۆکەی "گەورەترین بەرژەوەندیی بۆ گەورەترین ژمارە" و "دوگالد ستیوارت" کە خاوەنی "فەلسەفەی بیری مرۆڤ Philosophy of the Human Mind" بوو کە بە بەرفراوانی لە زانکۆ سەرەتاکانی ئەمەریکا دەخوێندرایەوە، لە نێو زانا هەرەناسراوەکانی ڕۆشنگەریی سکۆتلەندا بوو. بەڵام دیارترینیان بریتی بوون لە "دەیڤید هیوم" و "ئادەم سمیس"ی هاوڕێی.

هیوم فەیلەسوف و ئابوریناس و مێژووناس بوو لە ڕۆژگارێکدا بەرلەوەی ئەرستۆکراسیی زانکۆ بڕیار بدات کە دەبێت زانین دابەشبکرێت بۆ دەستەگەلی دیاریکراو. هیوم لە لای خوێندکارە هاوچەرخەکان زیاتر بە گومانگەرا فەلسەفیەکەی ناسراوە، بەڵام یارمەتیدەریش بووە لە پەرەپێدانی تێگەیشتنی هاوچەرخمان لە بەرهەمهێنەریی و لە چاکەخوازیی بازاڕی ئازاد. هیوم داکۆکی لە موڵک و گرێبەست و بانکگوزاری بازاڕی ئازاد و لە ڕیزبەندی خۆبەخۆی کۆمەڵگای ئازاد کردووە. هیوم لە دژی ڕێبازی هاوسەنگیی بازرگانیی داکۆکیکارانی سیاسەتی مێرکانتیلیزمیش گفتوگۆیکردوە، ئەوەشی

دەرخستوە کە هەمووان سوودمەند دەبن لە خۆشگوزەرانی بەرامبەر، تەنانەت لە خۆشگوزەرانی خەڵکی وڵاتانی دیکەش.

هاوشانی "جۆن لۆک"، "ئادەم سمیس" بریتییە لە باوکەکەی دیکەی لیبراڵیزم، یان ئەوەی کە ئێمە ئێستا بە لیبریتاریەن ناوی دەبەین. لەبەر ئەوەی ئێمە لە جیهانێکی لیبراڵدا دەژین، ئەوا دەشێت سمیس و لۆک وەکو ئەندازیاری جیهانی هاوچەرخ تەماشا بکرێن. لە ناسراوترین کتێبیدا بە ناوی "سامانی وڵاتان The Wealth of Nations"، سمیس بناغەی زانستی هاوچەرخی ئابوریناسی دارِشتووە. ئەو گوتویەتی کە باسی "سیستەمێکی سادەی ئازادیی سروشتی" کردووە. لە زمانی سروشتی هاوچەرخدا، دەشێت بڵێین کە سەرمایەداریی ئەو شتەیە کە ڕوو دەدات، کاتێک لە خەڵک دەگەڕێیت. سمیس پێشانی داوە کە چۆن، کاتێک خەڵک بەرهەمهێن دەبن و لە خودبەرژەوەندیی خۆیاندا بازرگانی دەکەن، "دەستێکی نادیار" بەڕێوەیان دەبات کە سوود بە ئەوانی دیکەش دەگەیەنێت. بۆ بەدەستهێنانی کار یان بۆ فرۆشتنی شتێک بە پارە، هەموو کەسێک دەبێت بزانێت بەرانبەر حەز دەکات چی دەستبکەوێت. چاکەخوازیی گرنگە، بەڵام "لە چاکەخوازیی قەساب، لە مەی دروستکەر یان لە نانەواوە نایەت کە چاوەڕێی ژەمی ئێوارەیان لێ دەکەین، بەڵکو لە لەبەرچاوگرتنی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیانەوە دێت". بەم شێوەیەش بازاڕی ئازاد ڕێگە بە خەڵکی زیاتر دەدات بۆ تێرکردنی زیاتری حەزەکانیان و لە دوا جاردا بۆ چێژ وەرگرتن لە

ئاستێکی گوزەران، کە بەرزترە لە هی هەر سیستەمێکی دیکەی کۆمەڵایەتی.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ، زۆربەی ڕەخنەگرەکان گوتویانە کە "ئادەم سمیس"، یان ئابورناسەکان بە گشتی، یان لیبراڵەکان پێیان وایە کە پاڵنەری هەموو رەفتارێک بریتییە لە خۆدبەرژەوەندیی. لەگەڵ ئەوەشدا، نزیکەی دوو دەیە پێش کتێبی "سامانی وڵاتان The Wealth of Nations"، لە کتێبی "بیردۆزی هەستگەلی ئەخلاقی The Theory of Moral Sentiments"دا، سمیس جیاکاریی کردووە لە نێوان دوو جۆرە ڕەفتاردا: خودبەرژەوەندیی و چاکەخوازی. ڕوونیشیکردۆتەوە کە هەندێکجار خەڵک لە چاکەخوازییەوە ڕەفتار دەکەن و کۆمەڵگا دەبێت هانی ئەو چەشنە هەستانە بدات، بەڵام گوتوشیەتی کە ئەگەر پێویستی کرد ئەوا کۆمەڵگا دەتوانێت بەبێ چاکەخوازیەک کە سنورەکانی خێزان تێناپەڕێنێت ، بوونی هەبێت. خەڵک هێشتا تێر دەبن و ئابوری هێشتا کار دەکات و زانین گەشە دەکات. بەڵام کۆمەڵگا بەبێ دادپەروەریی ناتوانێت هەبێت ، کە بە مانای پاراستنی مافگەلی ژیان و ئازادیی و موڵک دێت. لە بەرئەوە، پێویستە دادپەروەریی یەکەمین خەمی دەوڵەت بێت.

گرنگترین بەشداریی سمیس بۆ بیردۆزی لیبراڵییەت بریتی بوو لە پەرە پێدانی بیرۆکەی ڕیزبەندیی خۆبەخۆ. زۆرجار دەبیستین کە ناکۆکیی هەیە لە نێوان ئازادیی و ڕیزبەندیدا و ئەو چەشنە تێڕوانینەش لۆژیکیانە دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بە شێوەیەکی

تـەواوتر لـە فیزیۆکراتـەکان و بیرمەنـدە سـەرەتاییەکانی دیکـە، سـمیس جەختیکردۆتـەوە کـە ڕیزبەنـدی لـە کاروبـاری مرۆڤـدا بـە شـێوەیەکی خۆبـەخۆ سـەرهەڵدەدات. لـێ گـەڕێ بـا خـەڵک ئازادانـە لەگـەڵ یـەکتر کارلێـک بکـەن و مافگـەلی ئـازادیی و موڵکـەکانیان بپـارێزە، ئیتـر ڕیزبەنـدی بـەبێ ئاراستەکردنی ناوەنـدی سـەرهەڵدەدات. ئابوری بـازار یەکێکە لە شێوەکانی ڕیزبەندیی خۆبەخۆ؛ هـەموو ڕۆژێـک سـەدان یـان هـەزاران – یـان ئـەمڕۆ ملیـاران – خـەڵک دەچنـە بـازاڕ یـان جیهـانی کـاری بازرگـانی کـە خولیـای ئـەوەن چـۆن بتـوانن کـاڵای زیـاتر بەرهەمبهێنن یان ئیشێکی باشتریان دەستبکەوێت یان پارەی زیاتریان دەستبکەوێت بۆ خۆیان و خێزانەکانیان. نە ئەوەیە دەسەڵاتێکی ناوەندی چاوساغییان بکات، نـە ئەوەشـە غەریزەیـەکی بـایۆلۆجی بەڕێوەیانبـەرێت وەک ئەوەی کە پاڵ بە مێشهەنگەوە دەنێت بۆ دروستکردنی هـەنگوین، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی بەرهـەمهێنان و بازرگانیکردنـەوە، سامان بـۆ خۆیان و بۆ بەرانبەریش بەرهەم دەهێنن.

بەڵام ئابوری بازاڕ تاکە شێوازی ڕیزبەندیی خۆبـەخۆ نیـە. زمـان بـە نمونە وەربگرە. هیچ کەسێک دانەنیشتوە زمانی ئینگلیـزی بنووسـێتەوە و دواتر ئینگلیزەکان فێری زمـانی ئینگلیـزی بکـات. زمـان، بـە شـێوەیەکی سروشـتی و خۆڕسـکانە و بـەپێی بەدەنگـەوە هـاتنی پێداویسـتیەکانی مرۆڤ، سەریهەڵداوە و گۆڕاوە. هەروەها یاسا بـە نمونـە وەربگـرە. ئـەمڕۆ وەهـا بیـر لـە یاسـا دەکەینـەوە کـە شـتێک بێـت لەلایـەن کۆنگرێسـەوە دەرکرابێت، بەڵام یاسای کۆمۆن لەمێژە گەشەی کردووە، پێش ئـەوەی

هیچ پادشایەک یان یاسادانەرێک هەوڵی دابێت بۆ نووسینەوەی. ئەو دەمەی دوو کەس ناکۆکیان هەبووە، داوایان لە کەسی سێیەم کردووە تا ڕۆڵی دادوەر ببینێت لە نێوانیاندا. هەندێکجار، دەستەی سوێندخۆران کۆبوونەتەوە تا گوێبیستی کێشەیەک بن. دادوەر و دەستەی سوێندخۆران لەسەریان نەبوە یاسا "دروست بکەن"؛ بەڵکو زیاتر ئەوان هەوڵیاندا بۆ "دۆزینەوەی" یاساکە، بۆ پرسیارکردن لەوەی کامە نەریتی پیادەکراو بووە یان چ بڕیارێک دراوە لە کێشە چونیەکانەدا. بەم شێوەیەش، کێشە لە دوای کێشە، ڕیزبەندیی یاساییەکە گەشە کردووە. پارە بەرهەمێکی دیکەی ڕیزبەندیی خۆبەخۆیە. پارە بە شێوەیەکی سروشتی پەیدا بووە ئەو دەمەی خەڵک پێویستیان بە شتێک بوو بۆ ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی. "هایاک" نووسیویەتی "ئەگەر [یاسا] بە مەبەست داڕێژرابێت، ئەوا شایەنی ئەوەیە لە ڕیزبەندی مەزنترین داهێنانەکانی مرۆڤدا بێت؛ بەڵام بێگومان داهێنانی تاکە عەقڵێک لە بوارەدا هێندەی داهێنانی تاکە ئەقڵێکە بۆ زمان و پارە و زۆربەی ڕەفتار و پەیماننامەکان کە ژیانی کۆمەڵایەتیان لەسەر بەندە". یاسا و زمان و پارە و بازاڕ – کە گرنگترین دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگای مرۆڤن – خۆبەخۆ سەریانهەڵداوە.

بە ڕوونکردنەوە سیستەماتییەکەی سمیس بۆ پرەنسیپەکانی ڕیزبەندیی خۆبەخۆیی، پرەنسیپە بنچینەییەکانی لیبراڵیزم بە شێوەیەکی سەرەکی کاملبوون. دەشێت ئێمە ئەو پرەنسیپە بنچینەییانە وەکو بیرۆکەی یاسایەکی باڵاتر یان یاسای سروشتی، کەرامەتی تاک،

مافگەلی سروشتی بۆ ئازادیی و موڵکایەتی و تیۆرەی کۆمەڵایەتی ڕیزبەندیی خۆبەخۆ پێناسە بکەین. چەندین بیرۆکەی تایبەتیتر لەم پرەنسیپە بنچینەییانەوە سەرچاوەدەگرن: ئازادیی تاکەکەسی، حکومەتی سنووردار و نوێنەرایەتی، بازاڕی ئازاد. ماوەیەکی زۆری پێچوو تاوەکو پێناسە کران، بەڵام هێشتاش خەباتکردن لە پێناویاندا کارێکی پێویست بوو.

## خولقاندنی جیهانێکی لیبراڵی

هاوشێوەی شۆڕشی ئینگلیزی، ماوەی بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمەریکا یەکێک بوو لە مەزنترین ساتەکانی ئارگیومێنتی ئایدۆلۆجی. تەنانەت زیاتریش لە جیهانی سەدەی ١٧هەمی ئینگلستان، بیرۆکەی لیبراڵی باڵکێشابوو بەسەر کەشی بیروڕا لە سەدەی ١٨هەمی ئەمەریکادا. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین هیچ بیرۆکەگەلێکی نالیبراڵی لە ئەمەریکا لە گۆڕێ نەبوو. تەنها لیبراڵە پارێزگارەکان (کۆنزێرڤاتیڤ) هەبوون، کە هانی ئەمەریکاییەکانیان دەدا بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەردەوام بن لە داواکردنی مافەکانیان وەکو پیاوانی ئینگلیز، و لیبراڵە رادیکاڵەکانیش هەبوون کە دواجار تەنانەت حوکمی شاهانەی دەستوریشیان ڕەتکردەوە و داوای سەربەخۆییان کرد. سەرسەختترینی لیبراڵە ڕادیکاڵەکان 'تۆماس پەین' بوو. پەین ئەو کەسە بوو کە دەکریت بە وروژێنەرێکی دەرەکی ناوی بەرین، کە بانگەوازدەر و ڕێبواری ئازادیی بوو. هەرچەندە لە ئینگلیستان لە دایک بووە، بەڵام

پەین ڕووی کردە ئەمەریکا تاوەکو هاوکاری سازدانی شۆڕش بکات. ئەو دەمەی کارەکەی لە ئەمەریکا تەواوبوو، پەین دوبارە زەریای ئەتڵەسی بڕی و گەڕایەوە تاوەکو هاوکاری فەرەنساییەکان بکات لە شۆڕشەکەیاندا.

### کۆمەڵگا بەرامبەر حکومەت

مەزنترین بەشداریکردنی پەین بۆ دۆزی شۆرشگێڕی بریتیبوو لە بڵاوکراوەکەی بە ناونیشانی "**کۆمۆن سێنس** Common Sense"، کە باوەڕوایە لە ماوەی چەند مانگێکدا نزیکەی ١٠٠هەزار کۆپی لێ فرۆشراوبێت لە وڵاتێکدا کە سێ ملیۆن دانیشتوانی هەبووە. هەموو کەسێک خوێندیانەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە نەیانتوانیوە بیخوێننەوە گوێبیستی بوون لە میوانخانەکاندا و بەشداریشیان کردوە لە گفتوگۆکردنی بیرۆکەکانی نێو نامیلکەکە. نامیلکەی "**کۆمۆن سێنس**" بە تەنها بانگەوازێک نەبوو بۆ سەربەخۆیی، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی تیۆرەیەکی لیبراڵی لەخۆ گرتبوو بۆ ڕەواکردنی مافگەلی سروشتی و سەربەخۆیی. لە نامیلکەکەیدا، پەین بە جیاکارییەک لە نێوان کۆمەڵگا و حکومەتدا دەستپێکردوە

"کۆمەڵگا لەڕێگەی ویستەکانمانەوە بەرهەم دێت و حکومەتیش بەهۆی بەدکردارییمانەوە.....کۆمەڵگا لە هەموو بارێکدا نیعمەتە، بەڵام حکومەت، تەنانەت لە باشترین باریشیدا، هیچ نییە جگە لە شەڕانگێزیەکی پێویست و لە خراپترین باریشیدا بوونێکی

تەحەمولنەکراوە". پەین بەردەوام دەبێت لە دەربڕینی بۆچوونەکەی و دەگاتە نەفرەتکردن لە بنچینەکانی ڕژێمی پادشایەتی "ئەگەر بکرێت پەردەی تاریکی سەردەمە دێرینەکان هەڵماڵین. . . ئەوا دەبێت بتوانین یەکەمین [پادشا] بدۆزینەوە کە هیچ باشتر نیە لە سەردەستەی چەتەکانی تاقمێکی تەوالابوو، کە ڕەفتارە دڕندەکانی و پێشەنگی لە تەڵەکەبازیدا بوونەتە مایەی ئەوەی ناونیشانی سەردەستە بەدەست بهێنێت لە نێو تالانچیاندا."

لە نامیلکەی **کۆمۆن سێنس** و نووسینەکانی دواتریدا، پەین ئەو بیرۆکەیەی گەڵاڵەکرد کە کۆمەڵگای مەدەنی پێش حکومەت بوونی هەبووە و خەڵکیش دەتوانن بە ئاشتیانە لەتەک یەکدا مامەڵە بکەن بۆ خولقاندنی ڕیزبەندیی (نیزامی) خۆکردەیی. باوەڕی پەین بە ڕیزبەندیی خۆکردەیی پتەوتر بوو ئەو دەمەی بینی کە کۆمەڵگا بەردەوامە لە ڕەوتی خۆی پاش ئەوەی حکومەتە کۆلۆنیالیستەکان وەدەرنران لە شار و کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکاندا. ئەو لە نووسینەکانیدا بە وردی تیۆرەی پێوانەیی مافگەلی تاکەکەسی ئاوێتەی بە شرۆڤەی عەمەلی ڕیزبەندیی خۆکردەیی کرد.

بێگومان، نە نامیلکەی **کۆمۆن سێنس** و نە پەرتوکەکەی "ئادەم سمیس" بە ناونیشانی "سامانی وڵاتان The Wealth of Nations"، بەتەنها نەبونە بەردی بناغەی خەباتی ئازادی کە لە ساڵی 1776 دا هاتە کایەوە. ناکرێت تەنانەت هیچ کامێکیان بە گرنگترینیش ناوبەرین لەو ساڵە سەرکەوتووەدا، چونکە لە ساڵی 1776 دا کۆلۆنییە

ئەمەریکاییەکان "**جاڕنامەی سەربەخۆیی**" خۆیان ڕاگەیاند کە دەشێت پوختەترین کاری نووسینی لیبراڵییەت بێت لە مێژوودا.

وشە پاراوەکانی "تۆماس جێفەرسۆن" دیدی لیبراڵیەتی بۆ هەموو جیهان راگەیاند:

ئێمە ئەو راستییانە بە بەڵگەنەویست دەزانین کە هەموو پیاوان بە یەکسانی خولقێنراون، کە لەلایەن خولقێنەرەکەیانەوە هەندێک مافیان پێدراوە کە ناکرێت لێیان جودابکرێنەوە، لەو مافانەش مافی ژیان و ئازادی و بەدەستهێنانی بەختەوەریە.

بۆ پاراستنی ئەو مافانەش، حکومەت دادەمەزرێندرێت لەنێو پیاواندا (خەڵکدا)، کە دەسەڵاتی رەوای لە رەزامەندی حوکمکراوەکانییەوە وەردەگرێت. هەرکاتێکیش هەرشێوازێک لە حکومەت بوو بە مایەی وێرانکردنی ئەو ئامانجانە، ئەو کات مافی گەلە کە بیگۆڕێت یاخود هەڵیبوەشێنێتەوە.

لێرەدا کاریگەریی گروپی لێڤڵەرەکان و 'جۆن لۆک' بە ئاشکرا دیارن. جێفەرسۆن بە پوختی باسی سێ خاڵی کردووە: خەڵک مافگەلی سروشتییان هەیە، مەبەست لە هەبوونی حکومەت بریتییە لە پاراستنی ئەو مافانە، و ئەگەر حکومەت لە مەبەستی گونجاوی خۆی لایدا، ئەوا مافی خەڵکە " بیگۆڕێت یان کۆتایی پێ بهێنێت." ستوننووس "جۆرج ف. ویل" نازناوی "پیاوی هەزارە"ی بەخشییە جێفەرسۆن، چونکە بە پاراوی گوزارشتی لە پرسی لیبراڵی کردووە و بە درێژایی تەمەنیشی ڕۆڵی هەبووە لە شۆڕشی لیبراڵیدا کە بووە هۆی گۆڕانی جیهان. بەڵام

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە نووسینی "**جاڕنامەی سەربەخۆیی**"دا، جێفەرسۆن زەمینەیەکی زۆر تازەی نەخولقاند. چەند ساڵێک پاشتر "جۆن ئادەمس"، کە دەشێت پەست بووبێت لەو گرنگیی پێدانە کە جێفەرسۆن بە دەستیهێنا، گوتویەتی کە "هیچ بیرۆکەیەک لە نێو **[جاڕنامەکەدا]** نییە بەڵکو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ناو کۆنگرێسدا بەردەوام قسەی لەسەر کراوە". جێفەرسۆن خۆشی وتویەتی کە "پەنای نە بۆ پەرتوک و نە بۆ نامیلکە بردوە لە نووسینیدا"، ئامانجی ئەوەنەبووە "پرەنسیپی نوێ یان ئارگویمێنتی نوێ بدۆزێتەوە"، بەڵکو بەتەنها ئەوەبوە گوزارشت لە "هزری ئەمەریکایی"یەکان بکات. بە پێی جێفەرسۆن، بیرۆکەگەلی نێو ***جاڕنامەکە*** بریتی بوون لە "هەستگەلی ڕۆژگار، کە لە وتویژدا، لە نامەدا، لە وتاری چاپکراوەکاندا، یان لە ناو پەرتوکە سەرەتاییەکانی مافی گشتیدا، گوزارشتیان لێکراوە." سەرکەوتنی بیرۆکەگەلی لیبراڵی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەڕادەبەدەربووە.

### سنووردارکردنی حکومەت

پاش سەرکەوتنە سەربازییەکەیان، ئەمەریکاییە سەربەخۆکان کەوتنەخۆ بۆ بەکرەوەکردنی ئەو بیرۆکانەی کە لیبراڵە ئینگلیزەکان بە درێژایی سەدەی هەژدەهەم پەرەیان پێدابوون. مێژووناسی پایەداری زانکۆی هارڤارد "بێرنارد بایلن" پێی وایە کە:

*"بیرۆکە سەرەکییەکانی لیبرالییەتی ڕادیکاڵی لە سەدەی هەژدەهەمدا لێرە بەرجەستەبوون. یەکەم بیرۆکە بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کە دەسەڵات شەڕانگێزە، کە دەشێت پێویستیی بێت بەڵام پێویستییەکی شەڕانگێز. کە دەسەڵات لەڕادەبەدەر گەندەڵکارە و پێویستە بە هەموو شێوەیەک کۆنترۆڵ و سنووردار و چوارچێوەدار بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ کەمترین ریزبەندی مەدەنیدا. دەستورە نووسراوەکان، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پرۆژە یاساگەلی مافەکان، سنووردارکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکار و یاسادارێژەر و دادوەری، سنووردارکردنی مافی زۆرلێکردن و جەنگ بەرپاکردن – هەموویان گوزارشت لە بێ متمانەیی پتەو دەکەن لە دەسەڵات. ئەو بێمتامانەییەی کە لە ناو دڵی ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئەمەریکاییدایە و وەک مەیلێکی هەمیشەییش لەنیوماندا ماوەتەوە."*

***دەستوری*** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر بیرۆکەگەلی ***جارنامەی سەربەخۆیی*** بونیاتنراوە لەپێناوی دامەزراندنی حکومەتێکدا کە شیاوی خەڵکی ئازاد بێت. دەستور لەسەر ئەو پرەنسیپە بنیاتنراوە کە تاکەکان مافگەلی سروشتیان هەیە، کە پێش دامەزراندنی حکومەت هەبوون و هەموو ئەو دەسەڵاتانەی حکومەت هەیەتی لەلایەن تاکەکانەوە پێی دەبەخشرێت، تا مافگەلی ئەوان بپارێزێت. بەرمەبنای ئەم تێگەیشتنە، **داڕێژەرانی دەستور** نە دەسەڵاتی پادشایەتییان دامەزراند و نە دیموکراسییەکی بێسنووریان خولقاند، حکومەتێکی دەسەڵات رەها کە تەنها بە دەنگدانی جەماوەری سنووردار دەکرێت. لەبری ئەوە، ئەوان وریایانە لە (ماددەی 1، برگەی 8 ی دەستوردا) ئەو دەسەڵاتانەیان ئەژمارکردووە کە حکومەتێکی فیدراڵی دەتوانێت هەیبێت. دەستور، کە "جەیمس مادیسۆن"ی هاوڕێ و دراوسێی

جێفەرسـون مـەزنترین داڕێـژەر وئەنـدازیاری بـوو، بەڕاسـتی شۆڕشگێڕانەبوو لـە ناوەڕۆکەکەیـدا بـۆ دامەزرانـدنی حکومـەتێک کـە دەسەڵاتەکانی پێبەخشراو و ئەژمارکراو و بەو پێیەش سنووردار کراون.

کاتێک یەکەمجار پرۆژەیاسای مافەکان/"بیـڵ ئۆف ڕایتس" پێشنیاز کـرا، زۆربـەی **داڕێژەرانـی دەسـتور** وا بـەوەڵام هـاتن کـە ئـەو چەشنە پرۆژەیاسایە پێویست نابێت، چونکە دەسەڵاتە ئەژمارکراوەکان هێندە سنووردارن کە حکومەت لە توانایدا نابێت مافگەلی تاکەکەس پێشێل بکات. دواجار بڕیار درا کە پرۆژەیاسای مافەکان/"بیـڵ ئۆف ڕایتس" بخرێتـە سـەر دەسـتور، بـە پێـی وتـەی مادیسـۆن لـەپێناوی "حـەزەر وەرگرتنی زیـاتر". پاش ئـەژمارکردنی کۆمـەڵێک مافگـەل لـە یەکـەمین هەشت هەموارکردندا، یەکەمین کابینەی کۆنگرێس دوو پـرۆژە یاسای زیاتری خستە سەر، کە پوختـەی هـەموو پێکهاتـەی حکومـەتی فیـدراڵی لـە خـۆ دەگرێت بـەو شێوەیەی کـە خـولقێنراوە: بـەپێی ***هـەموارکراوی ژمارە نۆی*** دەستور "نابێت ئـەژمارکردنی کۆمـەڵێک ماف لـە **دەستور**دا بــە شــێوەیەک لێکبدرێتــەوە کــە ببێتــە هــۆی بێبەشــکردنی یــان بچوککردنـەوەی مافـەکانی دیکـە کـە خاوەنـدارێتییان دەگەڕێتـەوە بـۆ خــەڵک". بــەپێی ***هــەموارکردنی ژمــارە دەیــەمی*** دەســتوریش "ئــەو دەســەڵاتانەی کــە لەلایــەن **دەســتور**ەوە نــە بەخشــراونەتە ویلایەتــە یەکگرتووەکان و لە ویلایەتەکانیش قەدەغـە نـەکراون، ئـەوا ئـەو مافانـە دەگەڕێنەوە بۆ هەریەکە لـە ویلایەتـەکان یان بـۆ خـەڵک." دوبارە پایـە بنەڕەتییەکانی لیبراڵیزم: خەڵک مافگەلیان هەیە پێش ئەوەی حکومەت

دروستبکەن و خەڵک خاوەنی ئەو مافانەی خۆیانن کە بە ئاشکرا نمایندەی حکومەتیان نەکردون، و حکومەتی نیشتمانیش خاوەنی هیچ دەسەڵاتێک نییە کە بەدیاریکراوی لە **دەستور**دا پێینەدرابێت.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کیشوەری ئەوروپادا، بڵاوبوونەوەی لیبراڵیزم بووە مۆرکی سەدەی پاش شۆرشی ئەمەریکایی. دەستورە نووسراوەکان و پرۆژەیاسای مافەکان بوونە هۆی پاراستنی ئازادیی و مسۆگەرکردنی حوکمی یاسا. سەندیکا و پاوەنخوازییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لەناوبران لەگەڵ کرانەوەی هەموو بازرگانییەکان بۆ ڕکابەریی لەسەر بنەمای لێهاتوویی. ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئایین بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیانکرد، مافگەلی موڵکداریی زامنتر کران و بازرگانیی نێودەوڵەتی ئازاد کرا.

### مافە مەدەنیەکان

تاکگەرایی و مافە سروشتیەکان و بازاڕە ئازادەکان بە شێوەیەکی لۆژیکیانە بوونە هۆی هەژاندنی بەرفراوانکردنی مافە مەدەنی و سیاسیەکان بۆ ئەوانەی کە بێبەش کرابوون لە ئازادیی هەروەک چۆن لە دەسەڵاتیش بێبەش کرابوون- بەتایبەتی کۆیلە و مسکێن و ژنان. یەکەم کۆمەڵەی دژە کۆیلایەتی لە جیهان لە ویلایەتی *فیلادلفیا* دامەزرا لە ساڵی 1775 دا و لە ماوەی سەدەیەکدا کۆیلایەتی لە سەرتاسەری جیهانی ڕۆژئاوادا کۆتاییپێهات. لە گفتوگۆکەی نێو پەرلەمانی بەریتانیادا کە تایبەت بوو بە بیرۆکەی قەرەبووکردنەوەی

کۆیلەدارەکان لەبەر ئەوەی "مولکەکانیان" لە دەست داوە، لیبرالیخواز "بێنجامین پیەرسۆن" وا وەلامی دایەوە کە "وامزانی کە کۆیلەکان دەبێت قەرەبووبکرێنەوە". نووسەری "ڕۆژنامەی پێنسلڤانیا Pennsylvania Journal"، تۆماس پەین زنجیرەیەک وتاری بلاوکردەوە لە سالی 1775 دا وەک داکۆکیکردن لە مافی ژنان. نووسەر ماری وۆلستۆنکرافت، کە هاوڕێی پەین و لیبرالیخوازەکانی دیکە بوو، پەرتوکی "داکۆکیەک لە مافەکانی ژنان A Vindication to the Rights of Women" بلاو کردەوە لە ئینگلیستان لە سالی 1792 دا. یەکەمین کۆنگرەی فێمینیستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سالی 1848 دا بەسترا، ئەو دەمەی کە ژنان دەستیانکرد بە داواکردنی مافە سروشتیەکان کە پیاوانی سپی پێست لە سالی 1776 دا بانگەشەیان بۆ کرد و کە لە هەمان کاتدا داوادەکران بۆ پیاوە ڕەش پێستەکان. بە وتەی مێژوونوسی ئینگلیز، هێنری سەمنەر مەین 'جیهان لە کۆمەلگایەکی خاوەن پلەوپایەوە بەرەو کۆمەلگایەکی خاوەن پەیمان دەڕۆیشت.

لیبرالیخوازەکان تاویشیان دایە پیرە دەردی جەنگ. "ڕیچارد کۆبدن" و "جۆن برایت" لە ئینگلیستان ماندوونەناسانە بانگەشی ئەوەیان دەکرد کە بازرگانی ئازاد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە نەتەوە جیاوازەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، و ئەگەری جەنگ کەمدەکاتەوە. سنووردارییە تازەکانی سەر دەسەلاتی حکومەت و گومانکردنی جەماوەری لە فەرمانڕەوایان ببوونە هۆی ئالۆزترکردنی مەسەلەکە بۆ سەرکردە سیاسییەکان تا

بتوانن دەست وەربدەنە کاروباری دەرەوە و بتوانن جەنگ بەرپابکەن. پاش پشێویەکەی شۆڕشی فەرەنسایی و دوا شکستی ناپلیۆن لە ساڵی 1815 دا و بێجگە لە جەنگی کریمیەن و جەنگەکانی یەکگرتنی نیشتمانی، زۆربەی خەڵکی کیشوەری ئەوروپا چێژیان وەرگرت لە سەدەیەک کە تا ڕادەیەک پڕ ئاشتی و گەشە بوو.

### ئەنجامەکانی لیبراڵییەت

ئازادکردنی توانای خولْقاندنی مرۆیی بووە هۆی گەشەی زانستی و مادی بەرچاو. بە ئاوڕدانەوە بۆ ساڵی 1900، گۆڤاری "زە نەیشن The Nation"، کە بەڕاستی لە رابردوودا بڵاوکراوەیەکی لیبراڵ بوو، نووسیویەتی "پاش ئازادبوونیان لە دەست تێوەردانی بێزارکەری حکومەت، پیاوان خۆیان تەرخانکرد بۆ ئەرکی سروشتی خۆیان، کە بریتی بوو لە باشترکردنی باری خۆیان بە ئەو ئەنجامە نایابانەی کە لە چواردەورمانن." پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیەکان، کە لە سەدەی نۆزدەیەمی لیبراڵیدا هاتنە دی، لە ژماردن نایەن: بزوێنەری هەڵمی، هێڵی ئاسنین، تەلەگراف، تەلەفۆن، کارەبا، بزوێنەری سوتێنەری ناوەکی. بەهۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە و "پەرجوی سودی کەڵەکەبوو،" ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە ئەوروپا و ئەمەریکا دەستیانکرد بە ئازادبوون لە کاری تاقەت پڕوکێن کە ببووە باری ئاسایی مرۆڤایەتی لە بەرەبەیانی ژیانەوە. ڕێژەی مردنی کۆرپە دابەزی و ڕێژەی تەمەن درێژی دەستیکرد بە هەڵکشان بەرەو ئاستێکی بێوێنە. ئەگەر کەسێک لە ساڵی 1800 دا

تەماشای جيهانی بکردايە، ئەوا جيهانێکی دەبينی کە بۆ زۆربەی خەڵک لە ماوەی هەزار ساڵدا کەمێک گۆڕابوو، بەڵام بە هاتنی ساڵی 1900، جيهان هێندە گۆڕابوو کە نەدەناسرايەوە.

باوەڕی ليبراڵی لە ماوەی سەدەی نۆزدەيەمدا بەردەوام بوو لە گەشەکردن. "جێرەمی بێنسەم" تيۆرەی يوتيليتاريانيزم (سوودمەندگەرايی) خستەڕوو، کە بريتی بوو لەو بيرۆکەيەی کە پێويستە حکومەت برەوی پێبدات "گەورەترين کامەرانيی بۆ زۆرترين ژمارە لە خەڵک." هەرچەندە پێگە فەلسەفييەکانی ئەو جياوازبوون لەوانەی بانگێشەکەرانی مافە سروشتيەکان، بەڵام تاڕادەيەک گەيشتەوە هەمان ئەنجام لەبارەی حکومەتی سنووردار و بازاڕی ئازاد. "ئەلێکسس دی تۆکيڤيل" سەردانی ئەمەريکای کرد تاوکو تێبگات چۆن کۆمەڵگای ئازاد هەڵدەسوڕێت و دواتر تێبينييە بايەخدارەکانی لە پەرتوکێکدا بە ناونيشانی "ديموکراسيی لە ئەمەريکا" لە نێوان ساڵانی 1834 و 1840 دا بڵاوکردەوە. "جۆن ستيوارت ميل" پەرتوکی "لەبارەی ئازادييەوە On Liberty" لە ساڵی 1859 دا بڵاوکردەوە کە بريتی بوو لە تێزێکی بەهێز بۆ ئازاديی تاکەکەسی. لە ساڵی 1851، زانای پايەبەرز "هێربەرت سپێنسەر"، کە ئەمڕۆ کارەکانی نادادپەروەرانە فەرامۆش کراون و جاروبار بە خراپی دەخرێتە ڕوو، پەرتوکی "نەبزووتە کۆمەڵايەتيەکان Social Statics"ی بڵاوکردەوە، کە تێدا "ياسای ئازاديی يەکسان"ی خستەڕوو، کە گوتاری سەرەتا و ئاشکرای ئەوە سەبارەت بە پەيڕەوی ليبراڵييەتی هاوچەرخ. پرەنسيپی سپێنسەر

ئـەوە بـوو کـە "دەشـێت هـەموو پیاوێـک (مرۆڤێـک) ئەوپـەڕی ئـازادیی هەبێت بۆ پیادەکردنی تواناکانی خۆی کە گونجاون لەگەڵ ئازادییـەکی هاوشێوە کە هەموو پیاوێکی دیکە هەیەتی." سپێنسەر ئاماژەی بەوە داوە کە "یاسای ئازادیی یەکسان بە ئاشکرا بەسەر هەموو ڕەگەزەکاندا پیادە دەکرێـت – مێینـە و هـەروەها نێرینـەش." هـەروەها سپێنسـەر سنووری ڕەخنەی کلاسیکی لیبراڵییەت لە دژی جەنگ گەیاندە ئاستی جیاکاری لە نێوان دوو جۆر کۆمەڵگادا: کۆمەڵگای پیشەسازی، کە تێیدا خـەڵک بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە و خۆویسـتانە کۆبونەتـەوە و خـەریکی بەرهەمهێنان و بازرگانیکردنن. و کۆمەڵگای جەنگاوەر، کە تێیدا جـەنگ بەربڵاودەبێت و حکومەت کۆنترۆڵی ژیانی ژێردەستەکانی دەکات وەک ئامرازگەلێک بۆ ئامانجەکانی خودی خۆی.

ئەڵمانیا لـە سـەردەمی زێڕینی خۆیدا نووسـەری مـەزنی بەرهـەمهێنا، وەک "گۆتـە" و " شـیلەر" کـە لیبراڵیخوازبـوون و بەشداریشـی کـرد لـە فەلسەفەی لیبراڵیدا لە شێوازی بیری فەیلەسوف و زاناکاندا، بۆ نمونـە "ئیمانوێـل کانـت" و "ویلهـێلم ڤۆن هەمبۆڵد". کارەکـەی کانـت جـەختی کـردە سـەر ئۆتۆنـۆمی تاکەکەسـی و هەوڵیـدا مـاف و ئازادییـە تاکەکەسـیەکان لـە شـێوەی پێداویسـتی خـودی ژێرییـدا بچەسـپێنێت. کانـت بانگەشـەی بـۆ "دەسـتورێکی یاسـایی کـرد کـە ئـازادیی هـەموو کەسـێک مسـۆگەر دەکـات لـە چوارچێـوەی یاسـادا بـۆ ئـەوەی هـەموو کەسێک بە ئازادی بمێنێتـەوە بۆ گـەڕان بـە دوای کامـەرانی خۆیـدا بـە هەر شێوەیەیەک کە ئەو کەسە پێی وایە باشترین ڕێگایە، بە مەرجێک

پێشێلی ئازادیی یاسایی و مافەکانی خەڵکانی دیکە نەکات". لە کارە کلاسیکیەکەی ڤۆن هەمبۆڵددا بە ناوی "***بوار و ئەرکەکانی حکومەت*** The Sphere and Duties of Government"، کە کاریگەرییەکی چڕی هەبوو لەسەر پەرتوکەکەی میڵ بە ناوی "لەباری ئازادیەوە On Liberty"، ڤۆن هەمبۆڵد پێی وابوو کە گەشەی تەواوی تاکەکەس بەتەنها پێویستی بە ئازادیی نییە، بەڵکو پێویستی بە "هەمەجۆریی بارودۆخ" هەیە کە مەبەست لێی، بە پێی ڤۆن هەمبۆڵد، ئەوە بوو کە دەبێت هەمەجۆرییەکی بەرفراوان لە بارودۆخ و پێکهاتەکانی گوزەرانکردن لە ئارادا بن بۆ خەڵک (دەشێت زاراوەی هاوچەرخ بریتی بێت لە "شێوازی ژیانی ئەڵتارناتیڤ ") کە دەتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام تاقیانبکەنەوە و هەڵیان بژێرن.

لە فەرەنسا، "بێنجامین کۆستانت" ناسراوترین لیبراڵیخواز بوو لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا لەئەوروپا. هاوزەمانێکی ووتویەتی "ئەو ئازادی خۆشویستوە هەروەک چۆن پیاوانی دیکە دەستەڵاتیان خۆش ویستوە. هاوشێوەی ڤۆن هەمبۆڵد، کۆستانت ئازادیی وەک سیستەمێک تەماشادەکرد، کە تێیدا خەڵک دەتوانن بە باشترین شێوە کەسایەتی و بەرژەوەندییەکانی خودی خۆیان بدۆزنەوە و گەشەیان پێبدەن. لە وتارێکی گرنگیدا، کۆستانت مانای ئازادیی لە کۆمارە دێرینەکاندا (بەشداریکردنی یەکسان لە ژیانی گشتیدا) بەراورد کردووە بە ئازادیی هاوچەرخ (ئازادی تاکەکەس لە قسەکردن و نووسین خاوەنداریێتی موڵک و بازرگانی و گەڕان بە دوای بەرژوەندییە تایبەتەکانی خوددا).

ڕۆمـاننوس "مـەدام دو سـتایل" یاریـدەدەری کۆسـتانت بـوو و دەشـێت زیـاتریش بـەو وتەیـە ناسـراو بێـت کـە دەڵێـت "*ئـازادیی دێرینـە، ئـەوە زۆرداریـیـە کـە شـتێکی تازەیـە،*" لـە ئاماژەیەکیـدا بـۆ هەوڵـەکانی شاهانە ڕەهاگـەراکان کـە دەیانویسـت ئازادیـە بەزەحمـەت بەدەسـتهاتووەکانی سەدەکانی ناوەڕاست زەوت بکەن.

فرێدریک باستیا یەکێکی دیکەیـە لـە لیبراڵیـە فەرەنسابیەکان ، وەک داکۆکیکارێکی بەپەرۆشی بازاڕی ئازاد لـە پەرلەماندا خزمـەتی کـرد و چەنـدین وتـاری بـەهێز و کاریگەریشـی نووسـی کـە بریتـی بـوون لـە هێرشکردنە سـەر دەوڵـەت و هـەموو کردەوەکانی دەوڵـەت. دوا وتـاری باسـتیا بـە نـاوی "***ئـەوەی دەبینرێـت و ئـەوەی نابینرێت***" تێڕوانینێکـی گرنگــی خســتەڕوو کــە هــەر شــتێک حکومــەت دەیکــات، وەکــو دروستکردنی پردێک یان کۆمەکی دارایی هونەر یاخود پێدانی موچـەی خانەنشینی، ئـەنجامی سادە و ئاشکرایان هەیـە. پارە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، کـار پەیـدا دەبێـت و خـەڵکیش وەهـا بڕوایـان دەبێـت کـە حکومـەت گەشـەی ئابوری خولقانـدوە. ئـەرکی ئابوریـناس بریتییـە لـە بینینـی ئـەو شتەی کە هێندە بە ئاسانی نابینرێت: ئـەو خانووانـەی دروستنەکراون، ئەو پۆشاکانەی کە نەکڕدراون، کار نەخولقێنراوە لەبەر ئـەوەی بـاج لـەو پارانـە وەرگیـراوە کـە خاوەنـەکانی خۆیـان بـەکاریان دەهێنـا. لـە وتـاری "***یاسا***"دا، باستیا هێرشی کردۆتە سەر بیرۆکەی "تالانچی یاسایی"، کە بـە پێـی ئـەم بیرۆکەیـە خـەڵک حکومـەت بـەکاردەهێنن بـۆ زەودکردنـی ئەوەی کە خەڵکی دیکە بەرهـەمیانهێناوە. هـەروەها لـە وتـاری "***سکاڵای***

***مۆم دروستکەر*** *لە دژی* ***ڕکابەریی*** *خۆر*"دا، باستیات گاڵتەی بە پیشەسازگەرە فەرەنساییەکان کرد، کە ویستیان پارێزراو بن لە ڕکابەریی بە شێوازێک کە خۆیان وا نواند کە بە ناوی ئەو مۆم دروستکەرانەوە قسەدەکەن کە ویستیان پەرلەمان بەر بە خۆر بگرێت، چونکە وای لە خەڵک دەکرد پێویستیان بە مۆم نەبێت لە ڕۆژدا — پوچەڵکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆ یاساگەلی "دژە-تالانفرۆشی". (*کاتێک بەرهەمهێنەران بەرهەمەکانیان بە کەمتر لە نرخی تێچوون دەفرۆشن بۆ ڕاکێشانی کڕیاران بەلای خۆیاندا و بردنەوەی بازاڕ و*)

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە شێوەیەکی سروشتی لیبراڵیخوازەکان بوونە پێشڕەوی بزوتنەوەی ***هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی***. ***هەڵوەشێنخوازە*** پێشەنگەکان کۆیلەیەتییان بە "پیاو-دزین" ناودێر کرد، بەو مانایەی کە کۆیلەیەتیی هەوڵیداوە بۆ بێبەریکردنی خۆخاوەنداریتی و دزینی خودی پیاو. ئارگیومێنتەکانیان هاوتەریبی ئەوانەی لێڤلەرەکان و "جۆن لۆک" بوو. ویلیەم لیۆید گاریسن دەنوسێت کە ئامانجی ئەو بەتەنها بریتی نەبووە لە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەیەتی، بەڵکو بریتی بوو لە "ڕزگارکردنی هەموو ڕەگەزی خۆمان لە زاڵبوونی پیاو، لە کۆیلەکردنی خود، لە حکومەتی خاوەن هێزی دڕندە". هەڵوەشێنخوازێکی دیکە بە ناوی "لیساندەر سپونەر" لە ئارگیومێنی مافە سروشتیەکانەوە سەرچاوەیگرت لە دژی کۆیلەیەتی و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ناکرێت هیچ کەسێک وەها تەماشابکرێت کە دەستبەرداری هیچ کام لە مافە سروشتیەکانی خۆی بوبێت لە ژێر

سایەی هەر پەیمانێکدا بێت، بە دەستوریشەوە، کە ئەو کەسە خۆی ئەو دەستبەرداربوونەی واژۆ نەکردبێت. فرێدریک دۆگلاس یش بەهان شێوە ئارگیومێنتەکەی خۆی لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بە هەمان تەرزی لیبرالیزمی کلاسیکی خستەڕوو: خودخاوەنی و مافە سروشتیەکان.

## داکشانی لیبراڵیزم

بەرەو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، لیبراڵیزمی کلاسیکی دەستیکرد بە ڕێگەپێدانی سەرهەڵدانی شێوازە تازەکانی پەیڕەوی کۆلێکتیڤیزم (بەکۆمەڵگەرایی) و دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەگەر لیبراڵییەت هێندە سەرکەوتوو بوو( لە ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤایەتی لە دەست باری تاقەت پڕوکێنی دەوڵەتگەرایی و بەرپاکردنی باشترکردنی ئاستی بژێویی بە شێوەیەکی ناوازە) ئەی بۆچی رووی لە داکشانکرد؟ ئەم پرسیارە بە درێژایی سەدەی بیستەم لیبراڵیخواز و داکۆکیکارانی لیبراڵییەتی هەراسانکرد.

یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە لیبراڵەکان دەستیان دایە تەمبەڵی: ئەوان هۆشدارییەکەی جێفەرسۆنیان لەبیر کرد کە دەڵێت "بە ئاگابوونی ئەبەدی بریتییە لە نرخی ئازادیی" و پێیان وابوو کە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی ئاشکرا و زێدەیی، کە لیبراڵیزم هێنابوونیە ئاراوە، بەو مانایە دێت کە هیچ کەسێک چیتر نایەوێت ***نیزامی کۆن*** ببوژێنێتەوە. هەندێک لە رۆشنبیرە لیبراڵەکان ئەو هەستەیان دەبەخشی

کە لیبراڵیزم سیستەمێکی داخراوە و هیچ کارێکی سەرنجراکێشی دیکە نەماوە ئەنجامبدرێت. سۆسیالیزم، بە تایبەتی مارکسیە جۆراوجۆرەکان، هاتنە مەیدان بە تیۆرەی تەواو تازەوە لەبارەی گەشەپێدان و کێشکردنی رۆشنبیرە لاوەکانەوە.

هەروەها دەشێت هۆکارێکیش ئەوە بێت کە خەڵک لەبیریانکرد خولقاندنی کۆمەڵگایەکی پڕ زێدەیی چەندە کارێکی گرانبووە. ئەو ئەمەریکایی و بەریتانیانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتنە ژیانەوە، کەوتنە جیهانێکەوە کە تێیدا سامان و تەکنۆلۆژیا و ئاستی گوزەران بە خێرایی بەرەوباشتر دەچوو. بەلای ئەوانەوە هێندە ئاشکرا نەبوو کە جیهان هەمیشە بەو شێوەیە نەبووە کە ئەوان بینیان. تەنانەت ئەوانەشی کە درکیان بەوەکردبوو کە جیهان جیاوازبووە، پێیان وابوو کە کێشەی دێرینی هەژاریی چارەسەر کراوە. چیتر گرنگ نەبوو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بپارێزرێن کە چارەیان کردبوو.

کێشەیەکی پەیوەندیداریش بریتی بوو لە جیاکردنەوەی مەسەلەی بەرهەمهێنان لە مەسەلەی دابەشکردن. لە جیهانی زێدەییدا، خەڵک بەرهەمهێنانیان وەک بەڵگەنەویست تەماشا دەکرد و دەستیان دایە گفتوگۆکردن لەبارەی "کێشەی دابەشکردن." فەیلەسوفی مەزن "فرەدریک هایاک" جارێکیان لە چاوپێکەوتنێکدا پێی ووتم "من تەواو دڵنیام ئەوەی بوە مایەی ئەوەی رۆشنبیران ڕوو بکەنە سۆسیالیزم، بە تایبەتی ئەو رۆشنبیرانەی بە زوبانی ئینگلیزی دەدوان، پیاوێک بوو کە بە پاڵەوانێکی مەزنی لیبراڵیزمی کلاسیکی دادەنرێت، ئەویش 'جۆن

ستیوارت میڵ' ـە". میڵ لە پەرتوکە ناودارەکەیدا بە ناوی "**پرەنسیپەکانی ئابوریی سیاسی** Principles of Political Economy" - کە لە ساڵی 1848 دا بڵاوبوەوە و بۆ ماوەی چەند دەیەیەکیش تێکستێکی تایبەت بوو بە بابەتەکە و بە بەربڵاوی خوێندرایەوە - میڵ ئەم گوتەیەی خوارەوە دەڵێت ئەو دەمەی لە تیۆرەی بەرهەمهێنانەوە دەچێتە سەر تیۆرەی دابەشکردن: "شتەکان هەر کە هاتنەبوون، ئەوا مرۆڤایەتی، بە تاک و دەستەجەمعی، بە ئارەزوی خۆیان چیانبوێت لێی دەکەن." کەواتە ئەگەر ئەوە ڕاست بوایە، ئەوا من دانمپێدادەنا کە ئەوە پابەندییەکی ئەخلاقی ئاشکرایە بۆ بینینی ئەوەی کە بە شێوەیەکی یەکسان دابەشکراوە. بەڵام ئەوە ڕاست نییە، چونکە ئەگەر هەر چییەک کە پێمان خۆش بوو لەو بەرهەمەمان بکردایە، ئەوا هەرگیز دوبارە بوونی نەدەبووەوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر جارێک بمانکردایە، ئەوا خەڵک هەرگیز ئەو شتانەیان بەرهەم نەدەهێنایەوە.

سەرباری ئەوەش، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا خەڵک دەستیانکرد بە پرسیارکردن لە مەسەلەی هەژاری. پێش ***شۆڕشی پیشەسازی*** هەموو کەس هەژار بوو، واتە هیچ کێشەیەک لە ئارادا نەبوو تا باس بکرێت. تەنها ئەو دەمەی زۆرترین خەڵک دەوڵەمەند بوون - بە پێی ستاندەردەکانی مێژوو - خەڵک بەڕاستی دەستیانکرد بە پرسیارکردن لەوەی بۆچی هێشتا هەندێکیان بە هەژاری مابوونەوە. بەم شێوازە، ڕۆمانوس "چارلس دیکنز" پەژارەیی خۆی دەربڕی بۆ دیاردەی

کرێکاری منداڵ کە تازە کەوتبووە کزیی، کە ژیانی چەندین منداڵی پاراست کە لە سەردەمەکانی پێشووتردا دەمردن، وەکو چۆن لە سەرەتای زەمانەوە زۆربەی منداڵان مردوون و "کارل مارکس"یش دیدگای جیهانێکی خاوەن ئازادیی تەواو و زەبەنەیی خستەڕوو. لە هەمانکاتدا، سەرکەوتنی زانست و کاروباری بازرگانیی بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەندازیاران و بەرپرسی جێبەجێکاری کۆمپانیاکان دەتوانن تێکڕای کۆمەڵگا و هەروەها کۆمپانیای گەورە دیزاین بکەن و بەڕێوە ببەن.

ڕێبازی سوودمەندگەرایی بێنسام و میڵ جەختیان لەسەر "زیاترین باشە بۆ زۆرترین ژمارە" دەکردەوە، بووە هۆی ئەوەی هەندێک لە بیرمەندان دەستبکەن بە پرسیارکردن لە پێویستی بوونی حکومەتی سنووردار و پاراستنی مافەکانی تاکەکەس. ئەگەر مەبەست لە هەموو ئەمانە بریتی بووبێت لە خولقاندنی خۆشگوزەرانی و کامەرانی، بۆچی پەنا براوەتە بەر شێوازی ناڕاستەوخۆ بۆ پاراستنی مافەکان؟ بۆچی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامانجەکە ئاراستەی گەشەی ئابوری و پێشکەوتنی بەربڵاو ناکرێت؟ دوبارە، خەڵک بیرۆکەی ڕیزبەندیی خۆبەخۆییان لەبیرکرد، سەرنجیان لەمەسەلەی بەرهەمهێنان وەلاناو و دەستیاندایە پەرەپێدانی بەرنامەگەلێک بۆ ڕێبەریکردنی ئابوری بە ئاراستەیەک کە لەڕووی سیاسیەوە هەڵبژێردرابوو.

بێگومان نابێت ئارەزووی دێرینی مرۆڤ بۆ دەسەڵات بەسەر ئەوانیتردا لەبیر بکەین. هەندێک خەڵک ڕەگورپشەی گەشەکردنی

ئابوریـان لـەبیرکرد، هەنـدێکی دیکـە پـەژارەیی خۆیـان دەربـڕی بـۆ پـەرتبوونی خێـزان و کۆمـەڵ کە ئازادیی و زێدەیی هێنابوونیـە کایـە و کەسانی دیکەش ڕاستگۆیانە باوەڕیان وابوو کە مارکسیزم دەتوانێت وا لـە هـەموو کەسـێک بکـات پێشکەوتوو و ئـازاد بێـت بـەبێ پێویسـتی کارکردن لە کارگە تاریکە شەیتانیەکاندا. بـەڵام زۆر خـەڵکی دیکـە ئـەو بیرۆکانەیان وەکو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکارهێنا. ئەگـەر مافـە ئاسـمانیەکانی پادشـاکان چیتـر وایـان لـە خـەڵکی نـەدەکرد واز لـە ئـازادی و موڵکـەکانیان بهێـنن، ئـەوا ئەوانـەی لـە هـەوڵی بەدەسـتهێنانی دەســـەڵاتدا بـــوون دەســـتیاندایە بـــەکارهێنانی ناســـیۆنالیزم یـــان یەکسانیخوازی یـان ڕەگەزپەرسـتی  یـان خـەباتی چینایـەتی یاخود ئـەو پەیمانـە تەمومژاویـەی کـە بـەڵێنی ئـەوەی دەدا کـە دەوڵـەت هـەموو گرفتەکانت ریشەکێش دەکات.

لەگەڵ نزیکبونەوەی کۆتـایی نۆزدەهەمـدا، پاشماوەی لیبراڵیخوازەکان بێئومێـد بـوون لـە ئاینـدە. گۆڤـاری "زە نەیشـن "The Nation لـە سـەروتارێکیدا نووسـیویێتی "خۆشـگوزەرانیی مـاددی بووەتـە هـۆی کوێرکردنی چـاوی نـەوەی ئێستا لـە ئاستی ئـەو مەسـەلەیەی کە بووە هۆی خولقاندنی ئـەو خۆشگوزەرانییە ماددییـە" و خـەمی ئەوەشیبوو کـە "پـێش ئـەوەی دەوڵەتگـەرایی دوبـارە ڕەتبکرێتـەوە، پێویسـتە تێکۆشـانی نێودەوڵـەتی بـە ئەندازەیـەکی بـەرفراوان بـوونی هـەبێت." 'هێربـەرت سپێنسـەر' پـەرتوکی ***"کۆیلەیـەتی بەڕەئێرە هـاتوو*** The Coming Slavery" بڵاوکـردەوە و لـە سـەرەمەرگیدا لـە سـاڵی 1903 دا

پەژارەیی خۆی دەربڕی کە جیهان لە گەڕانەوەدایە بەرەو جەنگ و بەربەریەت.

لە ڕاستیدا، هەروەکو لیبراڵیخوازەکان لێیدەترسان، سەدەی ئاشتی ئەوروپا کە لەساڵی 1815 وە دەستیپێکردبوو، لەگەڵ هاتنی ساڵی 1914 هەرەسی هێنا، بەو شتەی کە بە شێوەیەکی دروست ناونرا جەنگی جیهانی یەکەم. بەشێکی گەورە لۆمەکە دەکەوێتە ئەستۆی جێگرتنەوەی لیبرالیزم بە دەوڵەتگەرایی و ناسیۆنالیزم، و دەشێت خودی جەنگیش گورزی کوشندەی لە لیبراڵیزم وەشاندبێت. بۆ بەدەنگەوە هاتنی جەنگەکە، حکومەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا بوار و دەسەڵاتی خۆیان فراوان کرد. باجدانانی زیادە، خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، سانسۆر، خۆماڵیکردن و پلاندانانی ناوەندی (سەرەڕای مردنی 10 ملیۆن کەس لە مەیدانە جەنگیەکانی فلاندەرس و ڤیردەن و شوێنی دیکە) ئاماژە بوون کە ئێستا خودی سەردەمی لیبراڵیزم، کە بەم دواییانە شوێنی نیزامی کۆنی گرتبووەوە، ئێستا خۆی بە سەردەمی دەوڵەتی زەبەلاح شوێنی گیراوەتەوە.

### سەرهەڵدانی بزوتنەوەی لیبریتاری هاوچەرخ

بە درێژایی قۆناغی *پێشکەوتنخوازیی (قۆناغێکە لە مێژووی سیاسی ئەمەریکا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم)*، *جەنگی جیهانی یەکەم*، عەهدی نوێ (*سەردەمێکی تایبەتی مێژووی ئەمەریکا لە سەدەی بیستەمدا*) و *جەنگی جیهانی دووەم*، مەیلێکی

بەرفراوان لە نێو رۆشنبیرانی ئەمەریکادا هەبوو بەرامبەر بە حکومەتی گەورەتر. 'هێربەرت کرۆلی' یەکەمین سەرنووسەری "نیو ڕیپەبلیک The New Republic"، پەرتوکی "بەڵێنی ژیانی ئەمەریکایی The Promise of American Life" نووسی، کە تێیدا گوتویەتی بەڵێنەکە دیتە دی "نەک لە ڕێگەی . . . ئازادیی ئابورییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئاستێکی دیاریکراوی دیسپلن؛ نەک لە ڕێگەی زێدە تێرکردنی ئارەزووی تاکەکەسیەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئاستێکی گەورەی بەپاشکۆکردنی تاکەکەس و ڕەتکردنەوەی خود." تەنانەت ئەو بەکۆمەڵگەراییە بەربادەی کە لە ئەوروپاش سەریهەڵدا نەبوونە مایەی قێزلێبونەی چەندین ڕۆژنامەنووس و رۆشنبیری"پێشکەوتنخوازی" لە ئەمەریکا. لە مانگە سەرەتاییەکانی سەردەمی "عەهدی نوێ"ی سەرۆک فرانکلین ڕۆزەڤەڵتدا، ڕۆژنامەنووس "ئان ئۆهێر مەکۆرمیک" لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی نیو یۆرک تایمزدا نووسیوێتی

*"بارودۆخەکە [لە واشنتۆن] بە شێوەیەکی سەیر لە ڕۆمای چەند هەفتەی پاش ڕێپێوانی "کراس ڕەشەکان" و لە سەرەتای "پلانی پێنج-ساڵە"ی مۆسکۆ دەچێت...*

*شتێک کە زۆر پۆزەتیڤانەترە لەوەی دەسەڵاتی هاوشێوەی دکتاتۆری داوەتە سەرۆک. ئەم دەسەڵاتە دیارییەکی خۆڕاییە، جۆرێکە لە وەکالەتی گشتی لای دادوەری گشتی. . . . ئەمەریکا ئەمڕۆ بەڕاستی داوای نیزام دەکات . . . . سەرۆکی ئێستای کۆشکی سپی نەک بەتەنها دەسەڵاتی زۆرتری هەیە لە هەر یەکێک لە ئەوانەی پێش خۆی، بەڵکو سەرۆکایەتی حکومەتێک دەکات کە کۆنترۆڵی زیاتری هەیە بەسەر چالاکی تایبەتی زۆرتردا زیاد لە هەر حکومەتێکی*

*دیکە کە بوونی هەبووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا . . . . [ئیدارەی ڕۆزەڤەڵت] فیدراسیۆنێکی پیشەسازیی و کار و حکومەت بەشێوەیەک وێنا دەکات کە لە دوا مۆدێلی دەوڵەتی گەورەکۆمپانیا دەچێت وەک ئەوەی لە ئیتالیا هەیە".*

هەرچەندە چەند لیبراڵخوازێکی کەم - بە تایبەتی ڕۆژناموس "هـ ل. مەنکن" - دەنگیان زوڵاڵبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەزامەندیەکی رۆشنبیری و جەماوەری باو لە ئارادا بوو بەئاراستەی مەیلی حکومەتی گەورە. سەرکەوتنی ئاشکرای حکومەت لە کۆتایهێنان بە گرانی گەورە و سەرکەوتن لە **جەنگی جیهانی دووەمدا**، بەردەوامییان بەخشییە ئەو بیرۆکەیەی کە حکومەت دەتوانێت هەموو جۆرە کێشەیەک چارەسەر بکات. نزیکەی 25 ساڵی پێچوو پاش کۆتایی هاتنی جەنگ کە سۆزی جەماوەری بە خێرایی دەستیکرد بە هەڵگەڕانەوە لە دژی ڕۆڵی گەورەی دەوڵەت.

### ئابورناسە نەمساییەکان

بەڵام تەنانەت لە تاریکترین ساتەکانی ڕێبازی لیبراڵیزمیشدا، بیرمەندی مەزن بەردەوام سەریان هەڵداوە و برەویان دا بیرۆکەگەلی لیبراڵی. یەکێک لە مەزنترینیان بریتی بوو لە "لودڤیگ ڤۆن میسیس"، ئابورناسێکی نەمسایی بوو کە لە دەست نازییەکان هەڵهاتبوو، یەکەمجار لە ساڵی 1934 ڕووی کردە سویسرا و دواتر لە ساڵی 1940دا رویکردە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. پەرتوکە وێرانکەرەکەی میسیس بە ناونیشانی "سۆسیالیزم Socialism"

دەریخست کە مومکن نیە سۆسیالیزم بتوانێت سەرکەوتوو بێت چونکە بەبێ موڵکداریی تایبەت و سیستەمی نرخ، ئاستەمە دەستنیشانی ئەوە بکرێت کە پێویستە چی بەرهەم بهێنرێت و چۆن بەرهەم بهێنرێت. "فرەدریک هایاک"ـی قوتابیی میسیس ئەو کاریگەرییەی ڕوون کردۆتەوە کە سۆسیالیزم هەیبوو لەسەر زۆرێک لە رۆشنبیرە لاوەکانی سەردەم کە زۆرترین هیوایان لێدەکرا. هایاک نووسیویتی:

*کاتێک سۆسیالیزم بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1922 دا دەرکەوت، کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەبوو. سۆسیالیزم وردە وردە بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی تێڕوانینی زۆربەی گەنجە ئایدیالیستەکانی گۆڕی کە دەگەڕانەوە بەرەو خوێندن لە زانکۆکانیان پاش* ***جەنگی جیهانی یەکەم****. من دەزانم، چونکە من یەکێک بووم لەو گەنجانە . . . . سۆسیالیزم بەڵێنی هێنانەدی هیواکانمان بۆ جیهانێکی عەقڵانیتر و دادوپەروەرانەتری پێداین. پاشان ئەم پەرتوکە هاتە کایەوە، ئیدی هیواکانمان هەرەسیان هێنا.*

رۆشنبیرێکی گەنجی دیکە، کە بە هۆی "میسیس"ـەوە باوەڕی بە سۆسیالیزم هەرەسیهێنا، بریتی بوو لە "ویلهێلم ڕۆپیکە"، کە دواجار بوو بە ڕاوێژکاری سەرەکی بۆ "لودڤیگ ئیرهارد"، کە وەزیری ئابوریی ئەڵمانیای پاش جەنگی جیهانی دووەم و داڕێژەری سەرەکیی "پەرجووی ئابوریی ئەڵمانیا" بوو لە سالانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا. کەسانی دیکە زۆرتریان پێچوو تا تێگەیشتن. ئابورىناس و نووسەری پڕفرۆشی ئەمەریکایی "ڕۆبەرت هێیلبرۆنەر"، لە سالانی سییەکاندا ئەو دەمەی خەریکی خوێندنی ئابوریناسی بوو، نووسیویتی کە گوتاری "میسیس" سەبارەت بە مەحاڵ بوونی پلانداناں "وا

دەرنەکەوت کە بە تایبەتی هۆیەکی لەبار بێت بۆ ڕەتکردنەوەی سۆسیالیزم". لە پاش پەنجا ساڵ، هێیلبرۆنەر لە گۆڤاری "زە نیو یۆرکەر The New Yorker"دا نووسیویێتی "دەرکەوت کە بێگومان میسیس ڕاستیکرد".

"کرداری مرۆڤ Human Action" بریتی بوو لە شاکاری "میسیس"، کە تێزێکی گشتگیربوو سەبارەت بە ئابوریناسی. لەم تێزەدا، میسیس پەرەی بە زانستێکی تەواوی ئابوریناسی دا، کە بە بڕوای ئەو بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەی هەموو کردە مەبەستدارەکانی مرۆڤ. میسیس داکۆکیکارێکی سازشنەکەری بازاڕی ئازاد بوو، کە بە چڕی دەستنیشانی کردبوو کە چۆن هەموو دەست تێوەردانێکی حکومەت لە بازاڕدا دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی سامان و تێکڕای ئاستی گوزەران.

"هایاک"ـی قوتابیی "میسیس"، نەک هەر بوو بە ئابوریناسێکی بلیمەت -کە خەڵاتی "نۆبڵ"ی بەدەستهێنا لە ساڵی 1974 دا- بەڵکو بوو بە مەزنترین بیرمەندی کۆمەڵایەتی سەدەی بیستەم. پەرتوکەکانی هایاک، بە ناونیشانەکانی "نیزامی هەستەکی The Sensory Order"، "دژە شۆرشی زانست The Counter-Revolution of Science"، "پێکهاتەی ئازادیی The Constitution of Liberty" و"یاسا، یاسادانان و ئازادیی Law, Legislation, and Liberty"، بریتی بوون لە گەڕان و پشکنینی بابەتەکان هەر لە دەروناسیی و خراپ پیادەکردنی میتۆدگەلی زانستە فیزیکییەکان لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا تا دەگاتە یاسا و تیۆری سیاسی. لە

ناودارترین پەرتوکیدا بە ناونیشانی "ڕێگای بەرەو کۆیلایەتی The Road to Serfdom"، کە لە ساڵی 1944 دا بڵاوکرایەوە، هایاک هۆشداریی دایە خودی ئەو وڵاتانەی، کە ئەو دەمە تێوەگلابوون لە جەنگی دژە تۆتالیتاریانیزم، کە پلاندانانی ئابوری نەک نابێتە هۆی سەرهەڵدانی یەکسانیی، بەڵکو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمێکی تازەی چین و پایەی کۆمەڵایەتی، نەک نابێتە هۆی بوژاندنەوە بەڵکو دەبیتە هۆی هەژاریی، نەک نابێتە هۆی ئازادی بەڵکو دەبێتە هۆی کۆیلایەتی. پەرتوکەکەی هایاک بە توندی لەلایەن رۆشنبیرە سۆسیالیست و مەیل-چەپەکانەوە لە ئینگلیستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەوتە بەر هێرش، بەڵام بەباشی فرۆشرا، کە رەنگە هۆکارێک بێت بۆ ڕقلێبوونی نووسەرانی پەرتوکی ئەکادیمیەکان، و ئیلهامیشی بەخشییە گەنجەکانی نەوەی تازە تا لە بیرۆکەگەلی لیبراڵییەت بکۆڵنەوە. دوا پەرتوکی هایاک بە ناونیشانی "وەهمی کوشندە The Fatal Conceit"، کە لە ساڵی 1988 دا ئەو دەمەی ئەو تەمەنی دەگەیشتە 90 ساڵ بڵاوکرایەوە، گەڕایەوە بۆ ئەو مەسەلەیەی کە هایاک زۆرترین بەشی تەرکیزی روناکبیریانەی خۆی بۆ تەرخانکردبوو: مەسەلەی ڕیزبەندیی خۆبەخۆیی، ڕیزبەندییەک کە بەرئەنجامی "کاری مرۆڤە، نەک بەرئەنجامی دیزاینی خودی مرۆڤ." هایاک پێی وایە کە وەهمی کوشندەی رۆشنبیران بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کە خەڵکی زیرەک دەتوانن ئابورییەک یان کۆمەڵگایەک دیزاین بکەن کە باشترە لە کارلێککردنی بێسەروبەری ملیۆنان خەڵک.

ئەو جۆرە رۆشنبیرانە ناتوانن درک بە برِی نەزانینی خۆیان بکەن یان بە برِی سوود وەرگرتنی بازارِ لە هەموو زانینە کۆکراوەکان بکەن، کە هەر یەکێک لە ئێمە هەیەتی.

## دوایین لیبراڵە کلاسیکییەکان

هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی "قوتابخانەی ئابوریی نەمسایی"، کۆمەڵێک نووسەر و بیرمەندی سیاسیش خەریکی زیندوو راگرتنی بیرۆکەگەلی لیبراڵی بوون. "هـ ل. مەنکن" زیاتر وەک رۆژنامەنووس و رەخنەگری ئەدەبی ناسراوبوو ، بەلام ئەو بەقوڵی بیری لە سیاسەت کردبووەوە؛ مەنکن ووتوویەتی نمونەی بالا لای ئەو بریتی بووە لە "حکومەتێک کە یەک مووی ماوە لە حوکمەتبوون بکەوێت." ئەلبێرت جەی نۆک، کە نووسەری پەرتوکی "دوژمنەکەمان: دەوڵەت Our Enemy, the State"ـە، "گاریت گارێت" و "جۆن ت. فلین" و"فلێکس مۆرلی" و "فرانک چۆدۆرۆڤ" نیگەران بوون سەبارەت بە داهاتووی حکومەتی دەستوریی سنووردار لە بەرامبەر پرۆژەی عەهدی نوێدا New Deal و ئەوەی کە لە هەنگاوەکانی جەنگێکی هەمیشەیی دەچوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەدەی بیستەمدا نابووی. "هنری هازلیت"ی رۆژنامەنووس کە سەبارەت بە ئابوریناسی دەینووسی، وەکو ئەڵقەیەک لە نێوان ئەم قوتابخانانەدا رۆڵی بینی. هازلیت کاری بۆ گۆڤاری "نەیشن Nation" و رۆژنامەی "نیو یۆرک تایمز New York Times" کردووە، ستونێکی بۆ گۆڤاری "نیوزویک

"Newsweek" نووسیوە، ڕاناندنێکی بە جۆشی بۆ پەرتوکی "کرداری مرۆڤ Human Action"ـی "میسیس" نووسیوە و ڕەواجی دا بە ئابوریناسی بازاڕی ئازاد لە پەرتوکێکی بچوکدا بە ناونیشانی "ئابوریناسی لە یەک وانەدا Economics in One Lesson"، کە وێناکردنێک بوو بۆ بەرئەنجامەکانی کارەکەی "باستیا" لە وتاری "ئەوەی دەبینرێت و ئەوەی نابینرێت". مەنکن دەڵێت "هازلیت یەکێک بوو لە ئابوریناسە دەگمەنەکان لە مێژووی مۆرڤایەتیدا کە بەڕاستی توانای نووسینی هەبوو."

لە ئەنگوستە ساڵی 1943 و لە قوڵایی "جەنگی جیهانی دووەم" و کارەساتی "هۆلۆکۆست"ـدا، کاتێک بەهێزترین حکومەت لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هاوپەیمانی یەکێک لە هێزە تۆتالیتارییەکان بوو بۆ شکست پێهێنانی هێزێکی تۆتالیتاری دیکە، سێ ژنی دیار پەرتوکیان بڵاوکردەوە کە دەشێت بگوترێت بوونە هۆی لە دایکبوونی بزوتنەوەی لیبرتاریەنی هاوچەرخ: "رۆز وایەڵدەر لەین" کچی "لۆرا ئینگالس وایەڵدەر"، کە پەرتوکی "ماڵە بچوکەکەی نزار Little House of the Prairie" و چیرۆکگەلی دیکەی تایبەت بە تاکگەرایی سەختی ئەمەریکایی نووسیوە، وتارێکی مێژوویی میهرەبانی بڵاوکردەوە لە ژێر ناوی "دۆزینەوەی ئازادیی The Discovery of Freedom". "ئیزابێل پاتەرسۆن"ی ڕۆماننوس و ڕەخنەگری ئەدەبی، پەرتوکی "خودای ئامێر The God of the Machine" بەرهەم

هێنا کە بریتی بوو لە داکۆکیکردن لە تاکگەرایی وەک سەرچاوەی پێشکەوتن لە جیهاندا.

## ئایان راند

"چاوگە The Fountainhead" پەرتوکێکی چاکی دیکەی ساڵی 1943 بوو، کە "ئایان راند" نووسیویێتی و رۆمانێکی پەلهاوێژ بوو سەبارەت بە تەلارسازیی و ڕاستگۆیی. بیری تاکگەرایی پەرتوکەکە لەگەڵ گیانی سەردەم نەگونجا، بۆیە رەخنەگران بەتوندی دایەنە بەر رەخنە. لەگەڵ ئەوەشدا، رۆمانەکە خوێنەری خۆی دۆزیەوە. سەرەتا فرۆشی رۆمانەکە کەم بوو، پاشان وردە وردە فرۆشی زیادیکرد، بە شێوەیەک کە بۆ دوو ساڵی تەواو پاش بڵاوبوونەوەی هێشتا لە لیستی پڕفرۆشترین پەرتوکی رۆژنامەی "نیو یۆرک تایمز New York Times" دا بوو. سەدان هەزار کەس لە ساڵانی چلەکاندا رۆمانەکەیان خوێندەوە و دواجار خوێنەرانی گەیشتە چەندین ملیۆن. چەند هەزارێک لەو خوێنەرانە هێندە ئیلهامیان وەرگرتبوو، کە سۆارخی زانیاری زیاتریان دەکرد سەبارەت بە بیرۆکەکانی ئایان راند. راند بەردەوامبوو و رۆمانێکی سەرکەوتووتری نوسی بە ناوی "ئەتڵەس شانی هەڵتەکاند Atlas Shrugged" لە ساڵی 1957دا و کۆمەڵەیەکی دامەزراند لەو خەڵکانەی کە هاوبیری فەلسەفەکەی ئەوبوون و ناوی نا "بابەتگەرایی Objectivism". هەرچەندە فەلسەفەی سیاسی راند لیبراڵیزم بوو، کەچی هەموو لیبراڵەکان هەمان بیروبۆچوونی ئەویان

نەبوو سەبارەت بە میتافیزیک و ئەخلاق و ئایین. هەندێکی تر لە لیبراڵەکان لێی دوورکەوتنەوە بەهۆی توندیی خستنەڕووکان و شوێنکەوتوە لە مەزهەبچووەکانی.

وەک "میسیس" و "هایاک"، راند گرنگیی کۆچکردن نەک بۆ ئەمەریکا، بەڵکو بۆ لیبراڵیزمی ئەمەریکایی دەخاتەڕوو. میسیس لە دەست نازییەکان هەڵاتبوو و راند لە دەست کۆمیونیستەکان هەڵاتبوو کە لە روسیای زێدی ئەو، هاتبوونە سەر حوکم. کاتێک بێزارکەرێک لە گوتارێکی گشتیدا لە راند دەپرسێت "بۆچی دەبێ گوێ بدەینە ئەوەی بێگانەیەک رای چیە؟"، راند بە گڕە ئاساییەکەی خۆی وەڵام دادەتەوە "من بە ئەمریکایی بوونم هەڵبژارد. تۆچیت کردوە جگەلەوەی لەدایکبوویت؟"

**بوژاندنەوەی پاش جەنگ**

بە ماوەیەکی کەم پاش بڵاوبوونەوەی رۆمانی "ئەتڵەس شانی هەڵتەکاند Atlas Shrugged"، "میلتۆن فریدمان"ی مامۆستای ئابوری لە زانکۆی شیکاگۆ پەرتوکی "سەرمایەداری و ئازادی Capitalism and Freedom" بڵاوکردەوە، کە تێیدا دەڵێت ئازادیی سیاسی بەبێ موڵکایەتی تایبەت و ئازادیی ئابوری نایەتەدی. پایە و هەڵوێستی_فریدمان وەکو ئابورناسێک، کە بەهۆیەوە خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێنا لە ساڵی 1976 دا، پشتی بە کارەکەی خۆی بەستبوو لە ئابورناسیی دراویدا. سەرەڕای ئەمە، فریدمان لەڕێگەی

پەرتوکەکـەی "سـەرمایەداری و ئـازادی Capitalism and Freedom" و سـتوونە بەردەوامـەکانی لـە گۆڤـاری "نیوزویـک Newsweek" و زنجیرە پـەرتوک و بەرنامـەی تەلـەفزیۆنی "ئازاد لـە هەڵبژاردندا Free to Choose" لە ساڵی 1980 دا، بووە دیارترین لیبراڵی ئەمەریکایی نەوەی رابردوو.

"مـورای رۆتبـارد"، کـە ئابوریناسـێکی دیکەیـە، کـەمتر ناسـراوە بـەڵام رۆڵـی گرنگـی بینیـوە لـە بنیاتنـانی بناغـەی تیـۆری بیـری لیبراڵیزمـی هاوچەرخ و بزووتنەوەیەکی سیاسی کە تـەرخانکراون بۆ ئـەو بیرۆکانـە. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی چەندین نامیلکە و وتار لە گۆڤار و رۆژنامەکانـدا، رۆتبارد ئەم بەرهەمانەشی نووسیوە "پیـاو(مـرۆڤ) و ئابوری و دەوڵـەت Man, Economy, and State"، تێزێکی ئابوری گەورەیە، "خولقاو لەناو ئازادیدا Conceived in Liberty"، مێژوویەکی چوار بەرگییـە سەبارەت بە شۆڕشی ئەمـەریکایی. "ئـەخلاقی ئازادی The Ethics of Liberty"، کورتـە ڕێبەرێکـە سـەبارەت بـە تیـۆرەی مافـە سروشتییەکان و جێکەوتـەکانی. "بۆ ئازادییـەکی نوێ For a New Liberty"، مانیفیستۆیەکی لیبراڵانەی بەناوبانگە. لیبراڵەکان بەراوردیان کردوە بە "مارکس"، کە دانەری تیۆرەی تێکهەڵکێشی سیاسی-ئابورییە، و "لینین"، کە رێکخەرێکی چالاکی بزووتنەوەیەکی رادیکاڵییە.

لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی پـەرتوکی "ئـاژاوە، دەوڵـەت و یوتۆپیـا Anarchy, State and Utopia" لە ساڵی 1974 دا لەلایـەن فەیلەسـوفی زانکـۆی هارڤـارد "رۆبـەرت نۆزیـک"، لیبریتاریـانیزم

تاووتینێکی گەورەی بە خۆوە دی لە ڕووی ڕێزی ئەکادیمییەوە. بە دانایی و مەنتقی جوان هەڵچنراو، نۆزیک کەیسێکی بۆ مافەکان دیاری کردووە کە پێی وایە کەمترین ئاستی دەوڵەت کە کورتکرابێتەوە بۆ ئەرکی پاراستن لەدژی هێز و دزی و فرتوفێڵ، سەپاندنی بەڵیننامەکان، و هتد، ئەمانە دەبنە پاساو بۆ هەبوونی دەوڵەت. بەڵام هەر ئاستێکی بەرفراوانتری دەوڵەت ڕێگەپێنەدراو و نالەبارە، چونکە مافی خەڵک پێشێل دەکات کە نابێت ناچار بکرێن بۆ کردنی کۆمەڵێک شت. بۆیە کەمترین ئاستی دەوڵەت هەم ئیلهام بەخشە و هەم راستیشە.

لە هەڵوێستێکی سەرنجڕاکێشتردا، نۆزیک بانگەشەی بۆ ریسای "یاسای سەرمایەدارانەی نێوان کەسانی کامڵی ڕێککەوتوو لەسەر شتێک" کرد. پەرتوکەکەی نۆزیک، هاوشانی مانیفیستۆی "بۆ ئازادییەکی نوێ For a New Liberty"ـی "ڕۆتبارد" و وتارەکانی "ڕاند" سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی، بوونە هۆی پێناسەکردنی تەرزی "سەرسەختانەی"ـی لیبراڵیزمی هاوچەرخ، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی یاسای ئازادی یەکسان ی "سپێنسەر" ی دوبارە کردۆتەوە، کە دەڵێت: تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە هەرچیەکیان دەوێت بیکەن ، بەو مەرجەی ڕێزی هەمان مافەکانی بەرانبەر بگرن. رۆڵی حکومەتیش بریتیە لە پاراستنی مافەکانی تاکەکەس لە هێرشی بیانی و لەو دراوسێیانەی کە دەمانکوژن و لاقەمان دەکەن و دەمانبڕن و لێماندەدەن یاخود فرتوفێڵمان لێدەکەن. ئەگەر حکومەت هەوڵ بدات

لەمـە زیـاتر بکـات، ئـەوا خـودی حکومـەت خـۆی لـە مافـەکانمان و ئازادییەکانمان بێبەریمان دەکات.

## لیبراڵیزم لەمڕۆدا

هەنـدێکجار لیبراڵـیزم بـەوە تۆمـەتبار دەکرێـت کـە ڕەق و دۆگماییـە، بەڵام لە ڕاستییدا تەنها چوارچێوەیەکی سەرەکییە بۆ ئەو کۆمەڵگایانـەی کە تێیاندا تاکە ئازادەکان دەتوانن پێکەوە بە ئاشـتی و هاوسازی بـژین، کـە هـەر یـەکێکیان خـەریکی بەدەستهێنانی ئەوەیـە کـە جێفەرسـۆن بـە "گەڕانیان بە دوای پیشەسازی و باشـتربووندا" نـاوی بـردووە. کۆمـەڵگای بنیاتنراو بـە چوارچێوەی لیبـراڵ دینـامیکترین وداهێنـەرترین کۆمەڵگایـە کە تا ئێستا لەسەر ڕووی زەوی بینرابێت، وەک شایەتحاڵی پێشکەوتنی بێوێنە لە زانست و تەکنۆلۆژیا و ئاستی گوزەران لە سـەردەمی شۆرشـی لیبرالیەوە لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی هـەژدەهەمدا. کۆمـەڵگای لیبـراڵ بـە خێرخـوازی بـەربڵاو دەناسـرێتەوە کـە بەرئـەنجامی بەخشـندەیی تاکەکەسیە، نەوەک جێهێلرابیت بۆ زۆرەملێی دەوڵەت.

لیبراڵـیزم بەهـەمان شـێوە چوارچێوەیـەکی داهێنـەر و دینامیکیشـە بـۆ چـالاکی ڕۆشـنبیری. ئـەمڕۆ بیرۆکـەکانی دەوڵـەتگـەرایی پیـر و مانـدوو دەنوێنن، لە کاتێکدا تەشەنەکردنێکی بـەرچاوی کـاری زانسـتی لیبراڵانـە لـە ئارادایـە لـە بوارەکـانی ئابورینـاسـی و یاسـا و مێـژوو و فەلسـەفە و دەروونناسی و فێمینیزم و گەشەسـەندنی ئابوری و مافە مەدەنییـەکان و فێرکـردن و ژینگـە و تیـۆرەی کۆمەڵایـەتی و ئـەخلاقیاتی زینـدەیی و

ئازادییـە مەدەنییـەکان و سیاسـەتی دەرەکی و تـەکنۆلۆژیا و **سـەردەمی زانیـاری** و چەنـدین بـواری دیکـە. لیبرالّیـزم پـەرەی بـە چوارچێوەیـەک داوە بـۆ کـاری ئـەکادیمی وچـارەکردنی کێشـە، بـەلاّم تێگەیشـتنمان لـە بنـــەما دینامیکییـــەکانی کۆمـــەلّگای ئـــازاد و نائـــازاد بـــەردەوام لـــە گەشەکردندایە.

ئەمڕۆ گەشەی رۆشنبیریانەی بیرۆکەکانی لیبریتاریەنیزم بـەردەوامن، بـەلاّم کاریگـەری فراوانتـری ئـەو بیرۆکانـە لـە تـۆڕی گەشەسـەندووی گۆڤـار و دامـەزراوە فیکرییـەکان و لـە ژیاندنـەوەی بەرهەلّسـتکاری تەقلیدی ئەمەریکایی بەرانبەر بە حکومەتی ناوەندی و ،لە هەمووشیان گرنگتـر لـە فەشـەلهێنانی بـەردەوامی حکومـەتی گـەورەدا لـە هێنانـەدی بەلّێنەکانیەوە سەرچاوە دەگرن.

## بەشی دووەم

### کەرامەتی تاکەکەس

ماوەیەک لەمەوبەر، لە بەیانیەکی شەممەدا لە شارێکی بچوکی فەرەنسا، خۆم گەیاندە بەردەم ئامێریکی بانکی خودکار کە لە ناو دیوارێکی بەردینی پتەوی بانکێکدا دانرابوو، بانکەکە داخرابوو لەبەر پشووی کۆتایی هەفتە. پارچەیەک پلاستیکم کردە ناو ئامێرەکەوە و پەنجەم نا بە چەند دوگمەیەکدا، پاش چەند چرکەیە بڕی 200 دۆلاری کاشی دایە دەستم. هەموو ئەمانەم کرد بەبێ ئەوەی هیچ بەرکەوتنێک بکەم لەگەڵ مرۆڤدا، ئینجا چ جای مرۆڤێک کە بمناسێت. پاشان تەکسیەکم گرت و چووم بەرەو فرۆکەخانە. لەوێ چومە بەردەمی مێزی کەسێک کە ئۆتۆمبیلی بەکرێ دەدا، پارچەیەکی دیکەی پلاسیکم پێدا و فۆرمێکم ئیمزاکرد، لە نوسینگەکەی چومە دەرەوە و سویچی ئۆتۆمبیلێکی 20 هەزار دۆلاریم بەدەستەوە بوو کە بەڵێنم پێدابوو پاش چەند رۆژێکی دیکە بیگەڕێنمەوە بۆیان بەلام لە شارێکی دیکە.

ئەم جۆرە لە مامەڵەی بازرگانی هێندە رۆتینیە، رەنگە خوێنەر بڵێت بۆچی خۆی ماندوو دەکات بە باسکردنی. بەڵام هەڵوێستەیەک بکە بۆ ساتێک و تێرامان بکە لە دنیای هاوچەرخ: پیاوێک کە هەرگیز لەوەو پێش نەم بینیوە، و هەرگیزیش نایبینمەوە، کە با ئاستەم لە یەکتر تێدەگەیشتین، متمانەی ئەوەی پێکردم سویچی ئۆتۆمبیلەکەم بداتێ. بانکێک سیستەمێکی خودکاری دامەزراندوە کە پارەی کاش دەدات بە من لە دوری هەزاران هەزار کیلۆمەتر لە وڵاتەکەمەوە. نەوەیەک بەر لە ئێستا شتی لەم جۆرە مەحاڵ بوو، چەند نەوەیەک پێش ئێستا شتی لەم جۆرە هەر نەدەچوو بە عەقڵدا. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بونەتە ژێرخانی باوی ئابوری سەردەم. ئایا ئەم تۆڕە جیهانیەی متمانەکردن چۆن چۆنی هاتە بوون؟ لە بەشەکانی داهاتوودا بەتایبەت باس لە لایەنە ئابووریەکانی ئەم مەسەلەیە دەکەم. لەم بەشە و چەند بەشێکی دوای ئەمەدا دەمەوێت لەوە بکۆڵمەوە کە چۆن لە تاکەکەسێکی تەنیاوە گەیشتینە ئەم تۆڕە ئاڵۆزەی کۆبونەوە و پەیوەستبوون کە پێکهێنەری جیهانی نوێن.

**تاکگەرایی**

لەلای لیبراڵەکان، یەکەی بنەڕەتی شیکاری کۆمەڵایەتی بریتیە لە تاکەکەس. زۆر زەحمەتە بیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە وەک یەکەی بنەڕەتی. تاکەکەسەکان لە هەموو بارەکاندا سەرچاوە و بنەمای داهێنان و چالاکی و کۆمەڵگان. تەنها تاکەکەسەکان دەتوانن بیربکەنەوە و

خۆشەویستی بکەن و پرۆژە ئەنجام بدەن و کردار بکەن. گروپەکان پلان و نیازیان نیە. تەنها تاکەکەسەکان توانای هەڵبژاردنیان هەیە، بە مانای ئەوەی کە پێشبینی ئەنجامەکانی کردەوەی دیکە دەکەن لە کردارەکانیاندا و هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانی ئەو کردارانە. بێگومان تاکەکەسەکان زۆرجار گروپ پێکدەهێنن و دەچنە ناویان، بەڵام ئەوە هزری تاکەکەسەکانە کە لە دواجاردا بڕیاری هەڵبژاردنی شتێک دەدات. لە هەمووشی گرنگتر، تەنها تاکەکەس دەتوانێت بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە کردەوەکانی. وەک تۆماس ئەکواینەس لە پەرتوکی 'لەبارەی یەکێتی داناییەوە' دەنوسێت چەمکی هزر یان ئیرادەی دەستەجەمعی بە مانای ئەوەدێت کە تاکەکەس "لە توانایدا نیە سەروەری کردەوەکانی خۆی بێت، نە ئەوەتاش هیچ کام لە کردارەکانی جێگای ستایش یان سەرزەنشتکردن بن." هەر تاکەکەسێک بەرپرسیارە بەرامبەر بە کردارەکانی خۆی. هەر ئەمەشە مافی پێدەبەخشێت و وابەستەی دەکات کە ڕێزی مافی ئەوانی دیکەش بگرێت.

بەڵام ئەی کۆمەڵ؟ ئایا کۆمەڵ مافی هەیە؟ ئایا کۆمەڵ بەرپرسیار نیە بەرامبەر بە کۆمەڵێک کێشە؟ کۆمەڵ زۆر گرنگە بۆ تاکەکەس، وەک لە بەشەکانی دیکەدا باسی دەکەم. وەک جۆن لۆک و دەیڤد هیوم دەڵێن ئەوە بۆ بەدەستهێنانی سودەکانی تێکەڵبوونە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کە وا دەکات تاکەکەسەکان بچنە ناو کۆمەڵەوە و سیستەمی مافەکان دابمەزرێنن.

بەڵام لەسەر ئاستی چەمکگەرایی، پێویستە لەوە تێبگەین کە کۆمەڵ لە تاکەکەسەکان پێکهاتووە. کۆمەڵ سەربەخۆ بونی نیە. ئەگەر 10 کەس کۆمەڵ پێک بهێنن، هەر 10 کەسن نابنە 11. لە هەمان کاتیشدا زەحمەتە سنورەکانی کۆمەڵ دیاریبکەین. لە کوێدا کۆمەڵێک تەواو دەبێت و کۆمەڵێکی دیکە دەستپێدەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا، کارێکی ئاسانە ئەوە دەستنیشان بکەین کە تاکەکەسێک لە کوێدا کۆتایی دێت و یەکێکی دیکە دەستپێدەکات، کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ شیکاری کۆمەڵایەتی و هەروەها بۆ بەخشینی ماف و ئەرکەکان.

نوسەری لیبراڵ، فرانک چۆدۆرۆڤ دەڵێت "کۆمەڵ بریتیە لە خەڵک"

کۆمەڵ چەمکێکی دەستەجەمعیە و بەس. بریتیە لە ئاسانکاریەک بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەیەک لە خەڵک..... چەمکی کۆمەڵ وەک چەمکێکی میتافیزیکیە کە هیچ مانایەکی نامێنێت کاتێک دەبینین کۆمەڵێک فەنا دەبێت کاتێک بەشە پێکهێنەرەکانی فەنا دەبن. وەک لە باری "شاری خێوەکاندا" یاخود ئەو شارستانێتانەی کە ئێمە لە ڕێگەی دەستکردە جێماوەکانیانەوە دەیان ناسینەوە.

کاتێک کە تاکەکەسەکان فەنا دەبن، بە هەمان شێوەش گشتەکە فەنا دەبێت. گشت بە جیا هیچ بوونێکی نیە.

ناکرێت ئێمە خۆمان لە بەرپرسیارێتی کردارەکانمان بدزینەوە بە لۆمەکردنی کۆمەڵ. کەسانی دیکە ناتوانن وابەستەیی بەسەر ئێمەدا بسەپێنن لە ڕێگەی پەنابردنیان بۆ مافەکانی کۆمەڵ یاخود جڤاک. لە

کۆمەڵێکی ئازاددا ئێمە مافی سروشتیمان هەیە و هەروەها وابەستەیی گشتی بۆ ڕێزگرتن لە مافی تاکەکەسەکانی دیکە.

وابەستەییەکانی دیکەمان بریتین لە وانەی کە خۆمان هەڵیان دەبژێرین لە ڕێگەی پەیمانەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کام لەمانە لە پێناوی ئەوەدا نین کە داکۆکی لەو جۆرە لە 'تاکگەرایی تاق و تەنیا' بکەین کە فەیلەسوفان و مامۆستایانی زانکۆ قۆشمەی پێدەکەن.

ئێمە بە کردەوە پێکەوە دەژین و بە گروپ کاردەکەین. مرۆڤ چۆن دەتوانێت تاکەکەسێکی تاق و تەنیا بێت لەم کۆمەڵ هاوچەرخە ئاڵۆزەماندا، مەسەلەیەکی روون نیە: ئایا ئەمە بە مانای ئەوەدێت کە تەنها ئەو شتانە بخۆیت کە خۆت بەرهەمیان دەهێنیت، و ئەو بەرگانەش بپۆشیت کە خۆت دروستیان دەکەیت، و لە خانویەکدا بژیت کە خۆت بۆ خۆتت دروستکردوە، و خۆت ببەستیتەوە بەو داودەرمانە سروشتیانەوە کە خۆت لە ڕوەکان دەرتهێناون؟ هەندێک لە رەخنەگرانی سەرمایەداری و بانگێشەکەرانی 'گەڕانەوە بۆ سروشت' رەنگە پلانی لەم جۆر پەسەند بکەن، بەڵام زۆر کەم لیبراڵ هەن کە بیانەوێت بچن لە دورگەیەکی بیابانی بژین و هەموو ئەو سودانە رەتبکەنەوە کە ئادەم سمیس پێیان دەڵێت 'کۆمەڵی مەزن'، ئەو کۆمەڵە ئاڵۆز و بەرهەمهێنەی کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتیەوە خولقێنراوە.

تاکەکەسـەکان زۆر سـوود وەردەگـرن لـە تێکـەڵبوونیان لەگـەڵ تاکەکەسـەکانی دیکـەدا، ئەمـە مەسـەلەیەکە کـە زۆرجـار لەلایـەن فەیلەسـوفە باوەکانـەوە بـە 'هاریکـاری' وەسـفکراوە و لـە دەقـە هاوچەرخـەکانی سۆسـیۆلۆجیا و بەڕێوەبردنـدا بـە 'دوودەسـتەیی' ناودەبرێت. لەراستیدا ژیان قێزەون و دڕندانەو و کورتخایەن دەبوو ئەگەر بهاتایە و بە تەنیایی بوایە.

## کەرامەتی تاکەکەس

لـە راسـتیدا، کەرامـەتی تاکەکـەس لـە دیـدی لیبرالیـدا بریتیـە لـە کەرامەتێک کە برەودەدات بە خۆشنودی کۆمەڵایەتی. لیبرالیەت نەک تـەنها بـۆ تاکەکـەس بـەڵکو بـۆ کۆمـەڵگاش باشـە. بناغـەی راشکاوانەی لێکدانـەوەی کۆمەڵایـەتی لیبرالیـەت بریتیـە لـە تاکگـەرایی میتـۆدی، پەسەندکردنی ئەوەی کە تەنها تاکەکان کردار دەکەن.

بناغەی ئاکاری و نمونەیی لیبراڵیەت بریتیە لە ریزگرتنی کەرامـەت و بـەهای هـەموو تاکێـک. وەک ئـەوەی ئیمانۆئێـل کانـت لـە وتـە کاریگەرەکەیدا گوزارشتی لێکردوە کە دەڵێت هـەر کەسێک دەبێت وەها مامەڵە بکرێت کە نەک تـەنها ئامرازێکە بـەڵکو ئامانجێکە لـە خودی خۆیدا.

بێگومان، هەتا سەردەمی تۆماس جێفەرسۆن و دواتریش، چەمکی تاکەکەس بە مافی تەواوەتیەوە هەموو کەسی نەدەگرتەوە.

کەسانی زیرەک سەرنجی ئەو گرفتەیان داوە لە کاتی خۆیدا و دەستیانکردوە بە هێنانەوەی دەستەواژە لە پەرتوکەکەی لۆک 'دووەم تێز دەربارەی حکومەت' و هەروەها جارنامەی سەربەخۆی و دەقی دیکە. یەکسانی و تاکگەرایی کە بونە بنەمای سەرهەڵدانی سەرمایەداری، بە شێوەیەکی سروشتی هانی خەڵکیان دا کە بیربکەنەوە لە مافەکانی ژنان و کۆیلەکان، بەتایبەتی کۆیلە رەشپێستەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

کارێکی رێکەوت نیە کە فێمێنیزم و هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە هەناوی شۆرشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی فەرەنسا و ئەمەریکاوە سەریان هەڵدا.

دەمودەست دوای ئەوەی کە تێگەیشتنێکی باشتر گەڵاڵە بوو لەبارەی مافە سروشتیەکانەوە لە وادەی تێکۆشانی ئەمەریکیەکانەوە لە دژی هەندێک ناعەدالەتی دیاریکراو کە کۆلۆنیەکان بەدەستیانەوە دەیاننالاند، ئەنجێلینا گریمکی فێمێنیست و دەژە کۆیلایەتی دەنوسێت "دەبینم کە دۆزی دژە کۆیلایەتی بۆتە قوتابخانەی ئاکاریی لە خاکەکەماندا، ئەو قوتابخانەیەی کە تیایدا مافەکانی مرۆڤ بە پڕاوپڕی لێیان دەکۆڵرێتەوە و لە هەر قوتابخانەیەکی تر باشتر تێگەیشتن لەبارەیانەوە هەیە و وەک وانە دەوترێنەوە."

**فێمینیزم**

نوسەری لیبرالّ ماری وۆلّستۆنکرافت وەلاّمی نوسینەکەی ئێدمۆند بێرک 'تێڕامان لە شۆرشی فەرەنسا' دەداتەوە بە نوسینی 'پاساوهێنانەوە بۆ مافەکانی پیاو' کە تیایدا دەلّێت "مافی بنەڕەتی پیاو هێندە ئاستێکی بەرزە لە ئازادی، مەدەنی و ئاینی، کە هاوگونجاوە لەگەلّ ئازادی هەر تاکێکی دیکەدا کە ئەم لەگەلّیدا لە پەیمانێکی کۆمەلاّیەتیدایە."

تەنها دوو سالّ دوای ئەوە پەرتوکی "پاساوهێنانەوە بۆ مافەکانی ژن"ی نوسی کە تیایدا دەپرسێت "بیهێنە پێش چاوت کاتێک پیاوان تێبکۆشن لە پێناوی سەربەستی خۆیاندا و ڕێگەیان پێبدرێت خۆیان بڕیاربدەن لەبارەی بەختیاریی خودی خۆیانەوە، ئایا ناشیاو و ناڕەوا نابێت ئافرەت بەکۆیلە بکرێت؟"

ئەو ئافرەتانەی کە لە بزوتنەوەی هەلّوەشاندنەوەی کۆیلایەتیدا بوون، لە هەمان کاتدا دروشمی فێمێنیستیان بەرزکردبووەوە، و بنەمای ئارگیومێنتەکەشیان لە هەردوو باردا بیرۆکەی خود-خاوەنداری بوو، مافی بنەڕەتی خاوەنداریکردنی خودی خۆت.

ئەنجێلینا گریمک کارەکانی خۆی لەبارەی هەلّوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و مافەکانی ژنانەوە لەسەر بنەمای لیبرالیانەی بیری جۆن لۆک دارشت: مرۆڤاکان مافیان هەیە، لەبەر ئەوەی بونەوەری ئاکارین، مافی هەموو پیاوان لە سروشتی ئاکاریانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەو پێیەی هەموو پیاوان سروشتی ئاکاریان هەیە، بۆیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەمان مافیان هەیە..... ئەگەر مافەکان لەسەر بنەمای بوونی

ئاکاریمـان دامـەزراون، کەواتـە تـەنها دۆخـی رەگـەز (جـنس) مـاف و بەرپرسیاریتی باڵاتر نابەخشێتە پیاوان، زیاتر لە ژنان."

سارا گریمکی خوشکی، کە بەهـەمان شێوە داکۆکیکار بـوو لـە مـافی رەشپێسـتەکان و ژنـان، رەخنـەی ئاراسـتەی پرەنسـیپی یاسـایی ئـەنگلۆ ئەمەریکی کرد کە ژن بەرپرس نیـە لـە تاوانیـک کـە بـە رێنیشـاندان و تەنانـەت ئامـادەبوونی مێردەکـەی ئەنجامـدرابێت. "کـارێکی زەحمـەت دەبێت یاسایەک دابڕێژرێت کە لەمە باشتر حسابی بۆ وێرانکردنی بەرپرسیاریتی ئافرەت کردبێت وەک بونەوەرێکی ئاکاری، یان کەسێکی ئازاد." لەم ئارگیومینتەدا جەختی لەسەر ئەو خاڵە تاکگەراییە بنەڕەتیـە کردۆتـەوە کـە هـەموو تاکەکەسێک دەبێت، و بـە تـەنها هـەر خۆشیان دەتوانن، بەرپرسیاربن لە کردارەکانیان.

کەسی لیبرال دەبێت بە زەرورەت فێمێنیست بێت، بەو مانایـەی کـە داکۆکیکار بێت لە یەکسانی سـەرجەم پیاوان و ژنـان لەسایەی یاسادا، بەڵام بەداخەوە لە سەردەمی ئێستاماندا، زۆرێک لـە فێمێنیستەکان زۆر لەوە دورترن کە لیبراڵ بن.

لیبرالیـەت فەلسـەفەیەکی سیاسیە، نـەوەک بەرنامەیـەکی پڕاوپـڕ بـۆ ژیـــان. دەکرێـــت ئافرەتێـــک و پیـــاوێکی لیبـــراڵ بڕیاربـــدەن کـــە هاوسەرگیریەک پێکەوە بنێن کە پیاوەکە کار بکات و ئافرەتەکە کار نـەکات، بـەڵام ئەمـە رێکـەوتنێکی خۆویسـتانەی خۆیانـە، کـە پابەنـدە لەسەر پەیمانی ئاشکرا یان شاراوەی نێوانیان.

تاقە شێک کە لیبرالیەت پێمان دەڵێت ئەوەیە کە ئەو دوانە لەرووی سیاسیەوە یەکسانن لە مافی تەواوەتیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەوە شێوازی ژیانەی لەسەری رێکدەکەون.

دەیڤد کیرپ و مارک یۆدۆف ومارلین سترۆنگ فرانکس لە پەرتوکەکەیاندا 'دادوەری جێندەریی' (١٩٨٦) تەبەنای ئەم چەمکە لیبرالیە دەکەن بۆ فێمێنیزم "ئەوە نە یەکسانیە وەک هاوشێوەبوون نە ئەوەتا یەکسانیش وەک جیاوازبوون کە بە شێوەیەکی گونجاو مەسەلەکە ئیستیعاب دەکات، بەڵکو لەبری ئەوە ئەو چەمکە جیاوازەی ئازادی یەکسانە لەژێر سایەی یاسادا کە رەگی داکوتاوە لەناو بیرۆکەی خودموختاری تاکەکەسیدا."

**کۆیلایەتی و رەگەزپەرستی**

بزوتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بەهەمان شێوە لە ناو هەناوی لیبرالیەتی لۆک و شۆرشی ئەمەریکیەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەمەریکیەکان چۆن دەتوانن بانگێشەی ئەوە بکەن کە "هەموو پیاوان بە یەکسانی خولقێنراون... و لەلایەن خولقێنەرەکەیەناوە مافی لێکدانەبڕاویان پێدراوە،" بەبێ ئەوەی درک بەوە بکەن کە ئەمان خۆیان ژنان و پیاوانی دیکەیان لەژێر بەندەیی خۆیاندا هێشتۆتەوە؟

بێگومان ناتوانن و لە راستیشدا یەکەم گروپی دژە کۆیلایەتی لە فیلادێلفیا دامەزراساڵێک پێش ئەوەی تۆماس جێفەرسن ئەو وشانە بنووسێت.

جێفەرسن خۆی کۆیلەی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی پرهەستی لەبارەی کۆیلایەتیەوە خستۆتە ناو دەقی رەشنوسی جاڕنامەی سەربەخۆییەوە. "پادشا جۆرج شەڕێکی دڵرەقانەی بەرپاکردوە لەدژی سروشتی مرۆڤ، کە پێشێلکاری پیرۆزترین مافەکانی ژیان و ئازادی ئەو کەسە دوردەستانەیە کە هەرگیز زیانیان پێنەگەیاندوە." گۆنگرێسی کیشوەریش ئەو بەشەی سڕیەوە، بەڵام ئەمەریکیەکان بە نائارامی ژیانیان گوزەراند لە سایەی ناکۆکی نێوان وابەستەبوونیان بە مافەکانی تاکەکەس لەلایەک و کۆیلایەتی لەلایەکی دیکە.

هەرچەندە ئەو دوانە زۆر لێکەوە نزیکن لە مێژووی ئەمەریکادا، بەڵام کۆیلایەتی و رەگەزپەرستی بەشێوەیەکی لێکدانەبەڕاو پێکەوە نەبەستراون. لە دنیای دێریندا کردەی کۆیلەکردنی کەسێکی دیکە بەو مانایە نەهاتووە کە کەسەکە لەڕووی ئاکاری و ژیریەوە پلەنزمترە. بەڵکو تەنها وا هاتووە کە داگیرکەر توانای هەیە دەستگیرکراوەکان بکاتە کۆیلە. کۆیلە یۆنانیەکان زۆربەی کات مامۆستابوون لەماڵی رۆمانەکاندا، توانای ژیریان دانی پیدانراوە و بەکارهێنراوە.

بەهەرحاڵ، رەگەزپەرستی بە شێوەیەک لە شێوەکان کێشەیەکی دێرینە، بەڵام بە ئاشکرا ناکۆکە لەگەڵ ئەخلاقیاتی لیبرال و مافە سروشتیە یەکسانەکانی سەرجەم پیاوان و ژنان. وەک ئەیان راند رونی دەکاتەوە:

رەگەزپەرستی نزمترین و سەرەتاییترین شێوازی کۆمەڵگەراییە. رەگەزپەرستی بریتیە لە پیوەلکانی تایبەتمەندی ئاکاری و کۆمەڵایەتی

و سیاسی بە رەچەڵەکی کەسێکەوە.... کە بە شێوەی کرداری بەو مانایە دێت کە ئەو کەسە دەبێت هەڵبسەنگینرێت، نەک لە رێگەی کەسایەتی و کردارەکانی خۆیەوە، بەڵکو لەرێگەی کەسایەتی و کردارەکانی باوباپیرانیەوە بە دەستەجەمعی.

راند لە کارەکانیدا جەختی خستۆتە سەر گرنگی تاقە دەستکەوتە بەرهەمدارەکان بە ئاراستەی مەبەستهێنانەدی و شادمانیدا.

راند دەنوسێت "وەک هەموو شێوازێکی دیکەی کۆمەڵگەرایی، رەگەزپەرستی هەوڵێکە بۆ گرتەنەدەستی ئەو شتەی کە بە هەوڵدان بەدی نەهێنراوە. هەوڵێکە بۆ زانینی خۆبەخۆ، بۆ هەڵسەنگاندنێکی خۆبەخۆیانەی کەسایەتی مرۆڤ کە خۆی لادەدات لە بەرپرسیارێتی پیادەکردنی گەلاڵەکردنی ئاکاری و عەقڵیانە. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، هەوڵێکە بۆ خودبەهایی خۆبەخۆ (یاخود خودبەهایی درۆ)."

ئەمەش بە واتای ئەوەی هەندێک کەس دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن کە رەنگی پێستیان وەک رەنگی پێستی لیۆناردۆ داڤینچی و تۆماس ئەدیسۆنە، لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو شتانەبێت کە وەک تاکەکەس توانیویانە بەدەستیان بهێن. هەروەها هەندێک کەس دەستکەوتەکانی کەسانی دیکە وەلا دەنێن کە لە خۆیان زیرەکترن و بەرهەمدارترن و شتی زیاتریان بەدەستهێناوە، هەموو ئەمانەش دەکەن لە رێگەی گوزارشتی رەگەزپەرستانەوە.

**تاکگەرایی لە رۆژگاری ئەمرۆدا**

دۆخی تاکەکەس لە ئەمەریکا لە رۆژگاری ئەمرۆدا چۆنە؟ پاریزگاران و لیبراڵەکان و جڤاتگەرایان هەموویان جارجارە گلەیی دەکەن لە 'زیادەڕۆیی تاکگەرایی'، بەشێوەیەکی گشتی مەبەستیان لەوەیە کە پێدەچێت ئەمەریکیەکان زیاتر بایەخ بدەن بە پیشە و خێزانەکانی خۆیان زیاتر وەک لە پرۆژەی پلاندارێژەرانی کۆمەڵایەتی، رەخنەگران ، و گروپەکانی بەرژەوەندی لە واشنتۆن.

لە راستیدا، لە رۆژگاری ئەمرۆدا چەندین رێگا هەن کە حکومەت لە رێگەیانەوە ماف و کەرامەتی تاکەکەس پێشێل بکات.

بە درێژایی زۆربەی مێژووی خۆرئاوا، رەگەزپەرستی لە لایەن سپی پێستەکانەوە پیادەکراوە بەرامبەر رەشپێستەکان و بە رێژەیەکی کەمتر بەرامبەر رەگەزەکانی دیکە. لە کۆیلایەتیەوە بۆ جیم کرۆ لەوێوە بۆ کۆمیسیۆنی_سەروەری ویلایەتی میسیسیپی لەوێوە بۆ سیستمی گشتگیری رەگەزپەرستی ئاپارتاید بۆ مامەڵەکردنی جێنشینە دێرینەکانی ئوستورالیا و نیوزیلەند و ئەمەریکا، هەندێک سپی پێست میکانیزمە زۆرەملێیەکانی دەوڵەتیان بەکارهێناوە تاوەکو نکوڵی لە مرۆڤبوون و مافە سروشتیەکانی خەڵکە ناسپیپێستەکان بکەن.

ئاسیاییە ئەمەریکیەکان بەهەمان شێوە دوچاری بیبەشکردن لە ئازادی بوونەتەوە، هەرچەندە هەرگیز بەقەدەر ئەوەی کۆیلایەتی نەبووە: یاسای وەلانانی چینیەکان لە ساڵی ١٨٨٢، یاسای قەدەغەکردنی چینیەکان لە چونە دادگا لە سەدەی ١٩ دا، و لە

هەموانیش بەدناوترین بریتیە لە دەستگیرکردنی ژاپۆنیە ئەمەریکیەکان (و دزینی موڵکەکانیان) لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا. کۆچکردوە ئەوروپاییەکان بۆ باکوری ئەمەریکا هەندێکجار بازرگانیان کردوە و بە ئاشتیانە ژیاون لەگەڵ هیندە سورەکاندا، بەڵام زۆربەی جار زەوی هیندیەکانیان دزیوە و پەیڕەوی سیاسەتیکاری پاکتاوکردنیان کردوە، وەک نمونەی بەدناوی ریشەکێشکردنی هیندیە سورەکان لە ویلایەتەکانی باشور و کۆڕەوی زۆرەملێیان بە ڕارەوی فرمیسکەکاندا لە ساڵی ١٨٣٠کاندا.

ملیۆنان ئەمەریکی جەنگان لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و لەم دواییانەشدا لەدژی جیم کرۆ و چەند شێوازێکی تەڵەکبازانەی دیکەی رەگەزپەرستی دەوڵەت-سەرپەرشت.

لەجیاتی زامنکردنی مافی یەکسان بۆ هەموو ئەمەریکیەکان لە موڵکایەتی و گرێبەستکردن و بەشداریکردن لە دامەزراوە گشتیەکاندا، یاسای رۆژگاری ئەمڕۆ جیاکاری رەگەزی ***دەخوازێت*** لەلایەن حکومەت و بازرگانی تایبەتەوە. خزمەتگوزاری تویژینەوەی گونگرێسی لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە ١٦٠ بەرنامەی فیدراڵی بۆ کارپەیداکردنی بەشێوەیەکی شاراوە مەرجی رەگەز و جێندەر لەخۆ دەگرێت. بە درێژایی سەرەتای نەوەدەکان، سیاسەتیکاری زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی ئەوەبووە کە نیوەی خوێندکارەکانی لەسەر بنەمای نمرە وەربگرێت و نیوەکەی دیکەشی لەسەر بنەمای رێژەدیاریکردنی

رەگـەزی. کـۆلیژی گـەورەی دیکـە، سـەرباری قسـەی زۆر لـە پێنـاوی شاردنەوەی مەسەلەکەدا، هەمان شتیان کردوە.

ئەگەر بێتو ئێمە کار و وەرگرتن لە زانکۆکان لەسەر بنەمای رەگەز ببەخشینەوە، دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە زۆرێک لە گروپەکان نـاکۆکبن لـەبارەی ئـەوەی کـام گـروپ چەنـد کورسـی بەردەکـەوێت. هەروەک چۆن لە جێگەی دیکەی دنیا بینیمان کە کەلوپەل لەسەر بنەمای رێژەدیاریکردنی رەگەزی دابەشدەکرا.

بـاری زیـاتری وەک ئـەو ئەندامـە هیسـپانیکەمان دێتـە پـێش کـە لـە دەستەی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری پۆستەی ئەمـەریکا کـار دەکات و گلـەیی ئـەوەی کـرد کـە خزمـەتگوزاری پۆسـتە خـەڵکی رەشپێسـتی زۆر زیـاتر دادەمـەزرێنێت و هێنـدەی پێویسـت هیسـپانیک دانامـەزرێنیت. هــەروەک چــۆن هەنــدێک رەشپێســت هەوڵیانــدا وەک سپیپێســت خۆبنـوێنن تـاوەکو ئـەو مـاف و هەلانـەیان دەستبکەوێت کـە بـەگویرەی یاسا تەنها بە سپیپێستەکان دەدرا لـە سـەرەتای سـەدەی رابـردوودا، لـە ئەمرۆدا خەڵک دەبینین (چاوەڕوانی زیادبوونیشی دەکـەین) هەوڵـدەدەن خۆیا ن وا پیشان بدەن کە ئەندامن لە هەر گرۆپێکدا بێت کە لەسەر بنەمای رەگەز زیاترین رێژەدیاریکراویان پێدراوە.

لە کەرتی مۆنتگەمەری لە ویلایەتی مێریلاند، دوو کچـی نیـو سـپی و نیـو ئاسـیایی، داواکـەیان رەتکرایـەوە کـە وەک ئاسـیاییەک لـە پـۆلێکی خویندنی زمانی فەرەنسی بەشداربن، و پێیان راگەیەندرا کە وەک سپی داوای بەشدرابوون بکەن. لە سان فرانسیسکۆ سەدان بـاوک سـاڵانە بـە

شــێوەیەکی فــەرمی پێناســی رەچەڵــەکی خۆیــان دەگــۆڕن تــاوەکو منداڵــەکانیان لــەو قوتابخانانــە وەربگیــرێن کــە لــەلای ئــەو باوکانــە پەسەندن. هەروەها زۆرێک لە کارمەندانی ئاگرکوژێنەوەی سپی پێست چەنـدین توێژینـەوەی گرانبـەها ئـەنجام دەدەن بـۆ دۆزینـەوەی جینـی باوانـە ئیسـپانیە دێرینـەکانیان کـە مـافی ئـەوەیان پێدەبەخشـێت وەک هیسپانی بچنە ریزی ئاگرکوژینەوەوە.

بەڵێنـدەرێک لـە کالیفۆرنیـا پەیماننامەیـەکی بـۆ دەرچـوو کـە بڕەکـەی ١٩ ملیـۆن دۆلار بـوو لـە سیسـتەمی خێـرای هـاتووچۆی شـاری لـۆس ئەنجلس لەبەر ئەوەی کە یەک لەسەر ٦٤ی باوانی هیندی سور بووە.

رەنگە بەم زوانە وا پێویست بکات کە چاودێر بنێرین بۆ ئەفەریقای باشـور تـاوەکو بـزانن کـە یاسـای کـۆنی تۆمـارکردنی دانیشـتوان لـەلای ئەوان چۆن بووە، بە هەبوونی دادگایەکی رەگەزپەرست کە بڕیاریـدەدا کێ بە راستی سپییە، رەشە، رەنگی ترە یان ئاسیاییە. ئەمـەش زەحمەتـە ببێتـە ئاسـۆیەکی دڵخۆشکەر بـۆ وڵاتێـک کـە لەسـەر بنـەمای مافـەکانی تاکەکەس دامەزراوە. ئاخۆ ئێستا چەند باشتر دەبـوین ئەگـەر بهاتایـە و فەرمانگەی ئامار پێشنیازی سەندیکای ئازادیە مەدەنیەکانی ئەمەریکای پەسەند بکردایە کە داوای لابردنی دیاریکردنی (رەگـەز race) دەکـرد لە فۆرمەکانی ئاماردا لە ساڵی ١٩٦٠ دا.

بێگومان جیاوازیکاری رەگـەزی و جێنـدەری فـەرمی تاقـە رێگەیـەک نیـە کـە بەهۆیانـەوە حکومـەت لـە ئـەمڕۆدا وەک گـروپ تەماشـامان دەکات و لە بری تاکەکەس. ئێمە بەردەوام هاندەدرێین بۆ سەرنجدانی

بەندەکانی سیاسەتیکاری گشتی و بۆ گەڕان بەدوای کاریگەریکانی لەسەر گرۆپەکان، نەک بۆ گەڕان بەدوای ئەوەی ئایا ئەو بەندانە مامەڵەی تاکەکەس لەسەر بنەمای ماف یەکسانی دەکەن یان نا.

گروپە سودخوازەکان لە کۆمەڵەی خانەنشینانی ئەمەریکاوە بیگرە بۆ ڕێکخراوی نیشتمانی ژنان بۆ هێزی ئامادەی نیشتمانی هاورەگەزخوازان بۆ فیدراسیۆنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ئەمەریکا هانمان دەدەن بۆ ئەوەی وەها بیر لە خۆمان بکەینەوە کە ئەندامی گروپەکانیان، نەوەک تاکەکەس.

هیلاری کلینتۆن نمونەی هەندێک لەو کێشانە دەهێنێتەوە کە لە ئەمەریکای هاوچەرخدا روبەڕی تاکەکەس دەبنەوە. بەو پەندە هەستیارە زیادپیوەنراوە دەست پیدەکات کە دەڵێت "تایەفەیەکی ئەویت" منداڵێک بەخێو بکات، لە کۆتایی پەرتوکەکەیدا "تایەفەیەکی ئەویت" بانگێشەی سەرجەم ئەمەریکیەکان دەکات کە هەریەکەیان منداڵێک بەخێوبکەن. بێگومان ریگەی تێناچێت هەموومان بەرپرسیاربین لە ملیۆنان منداڵ. کلینتۆن بانگێشە بۆ "یەکڕابوونێک دەکات لە بەها و دیدی هاوبەشدا لەبارەی ئەوەی لە ئەمڕۆدا دەتوانین ئەنجامی بدەین، بە تاک و بە کۆمەڵ، بۆ بونیاتنانی خێزان و جڤاکی بەهێز." بەڵام ناکریت یەکڕایی دەستەجەمعی لەو جۆرەمان هەبێت. لە کۆمەڵێکی ئازاددا، ملیۆنان خەڵک بیرۆڕای جیاوازیان دەبێت لەبارەی چۆنێتی پێکەوەنانی خێزان، چۆنێتی بەخێوکردنی منداڵ، و چۆنێتی کۆمەڵە دروستکردنی خۆبەخۆییانە لەگەڵ یەکتردا. ئەو جیاوازیانە تەنها

ئـەنجامی لەیـەکتر تێنەگەیشـتن نـین. بـا چەنـدین کـۆڕ و سـیمیناریش بگێڕین، هەرگیز ناگەینە ئەوەی کە یەکڕاییەکی نیشتمانیمان هەبێت لەبارەی مەسەلەی ئاکاری هەستیاری لەم جۆرە.

کاتێک بیڵ کلینتۆن ئاشکرایکرد کە بەگوێرەی دەستەڵاتەکانی خۆی ڕێنمایی نوێی دەرکردوە لەبارەی جگەرە و جگەرەکێشان لە ژێر ناوی "لاوانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ئێمە باوانیانین و لەسەرمانە کە بیانپارێزین." هیلاری کلینتۆن بە گۆڤاری نیوزویکی وتووە "شتێک نیە بەناوی وەچەی خەڵکانی دیکە." ئەمانە بانگەشەی بەهێزن لە دژی تاکگەرایی و لە دژی خێزان. لەبری پەسەندکردنی تاقە باوانەکان وەک بونەوەری ئاکاری کە لە توانایاندا هەیە و پێویستە لەسەریان بەرپرسیاربن لە بڕیار و کردارەکانی خۆیان، کلینتۆن و هاوسەرەکەی هەڵیاندەلوشنە ناو باوانگەراییەکی زەبەلاحی دەستەجەمعی کە لەلایەن حکومەتی فیدرالیەوە بەڕێوەدەبرێت.

دەوڵەتی فراوانخواز بەردەوام مامەڵەی منداڵی لەگەڵ هاوڵاتیە باڵقەکانی کردوە. تا دێت پارەی زیاتر لەوانە دەستێنێت کە پەیدای دەکەن و جارێکی تری پێمان دەبەخشێتەوە وەک پاداشت، لە ڕێگەی گورزەیەک لە "بەرنامەی گوێزەرەوە" هەر لە دەستپێکردنەوە بۆ قەرزی خوێندن بۆ کۆمەکی دارایی بە خاوەن کێڵگەکان، بۆ خۆشگوزەرانی کۆرپۆرەت، پرۆگرامی بێکاری، و بیمەی کۆمەڵایەتی.

متمانەی بە ئێمە نیە بڕیار بۆ خۆمان بدەین (تەنانەت لە ڕاوێژکردندا بە پزیشک) چی دەرمانێک بەکاربێنین، یاخود

منداڵـەکانمان بچـن بـۆ کـام قوتابخانەیـە، یـاخود لـە ئینتـەرنیت چـی بخوێنینەوە و ببینین.

لەباوەشگرتنی هـەموو شتێک لەلایـەن دەوڵەتـەوە بەتایبـەت بـەلای ئەوانەوە باشە کە سودیان لە تۆڕی سەلامەتی حکومەت بینیوە، کە لـە ئەنجامـدا خـەڵکی دەخاتـە نـاو دێوەزمـەی کۆمـەکی دارایـی و پشـت بەویـدی بەسـتنەوە، و بێبـەریان دەکـات لـەو ئەرکـەی لەسـەر شـانیانە وەک کەسانی پێگەیشتووی بەرپرسیار کە دەتوانن خۆیان بژێنن.

کەسێک لـە پەیوەندیەکـەی تەلەفۆنیـدا بـە بەرنامەیـەکی رادیـۆیی دەوڵەتیـەوە، لـەم دواییانـەدا گلـەیی لـەوە کـرد کـە "ناتوانیـت بودجـە کەمبکەیتەوە بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی ئـەوەی کە سـەرتاپای ئابوری و لـە هەنـدیک باریشـدا سڕینەوەی فیزیکی ملیۆنـان لـە ئێمـە کـە هـیچ شوێنێکمان نیە روی تێبکەین بێجگە لە حکومەت."

ئاخۆ حکومەتی چی کردبێت وا ملیۆنان ئەمـەریکی پێگەیشتوو لـەوە دەترسـن کـە رەنگـە نـەتوانن بەرگـەی لەدەسـتدانی پـارەی خۆشـنودی بگرن؟ (ئـەو پارەیـەی کە حکومـەت دەیـدات بـە خـەڵک وەک بیمـەی بێکاری)

لیبراڵەکان هەنـدێک جـار دەڵێن "پارێزگارەکـان دەیانـەوەێت ببن بـە باوکت، پێت دەڵێن چی بکەیت و چی نەکەیت. لیبراڵیـە سیاسیەکان دەیانەوێت ببن بە دایکت، خواردنت دەدنێ، دەتگرنـە باوەش، و لوتـت دەسـڕن. بـەڵام لیبراڵـەکان دەیانـەوێت وەک کەسـێکی پێگەیشـتوو مامەڵەت لەگەڵ بکەن."

لیبراڵیەت بریتیە لەو جۆرە لە تاکگەرایی کە گونجاوە بۆ کۆمەڵێکی ئازاد، کە مامەڵەی خەڵکی وەک کەسانی پێگەیشتوو دەکات، لێیان دەگەڕێت بڕیار بۆ خۆیان بدەن تەنانەت کاتێک کە هەڵەش دەکەن، متمانەی ئەوەیان پێدەکات کە باشترین چارەسەر بدۆزنەوە بۆ ژیانیان.

## بەشی سێهەم
### کۆمەڵی مەدەنی

لە دیدی لیبرالّیدا، رۆڵی حکومەت بریتیە لە پاراستنی مافەکانی خەڵک و هیچی تر. بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا بەسە وەک ئەرک، ئەو حکومەتەشی کە کارێکی باش دەکات لەم بارەیەوە شایەنی رێز و دەستخۆشی ئێمەیە.

هەرچەندە، پاراستنی مافەکان تەنها لانی کەمی بارودۆخی لەبارە بۆ دەستەبەرکردنی خۆشبەختی. وەک لۆک و هیوم دەڵێن، ئێمە حکومەت دادەمەزرێنین بۆئەوە پارێزراوبین لە ژیان، ئازادی، و موڵکەکانماندا کاتێک کە سەرقاڵی گوزەران و نەشونماکردن دەبین.

بەبێ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکانی تردا، بە ئاستەم دەتوانین لە ژیاندا بمێنینەوە و بە زەحمەتیش دەتوانین نەشونما بکەین. ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی دروستبکەین بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە بنەڕەتیەکانمان: بەرهەمهێنانی خۆراکی زیاتر، ئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکان، پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای نوێ. بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەرئەوەی کە ئێمە هەست بە پێویستیەکی مرۆیی قوڵ دەکەین بۆ

وابەستەبوون، بۆ خوشەویستی و هاوڕێیەتی و جڤاک (کۆمیونیتی). ئەو کۆمەڵانەی کە ئێمە لەگەڵ ئەوانی تردا پێکیان دەهێنین، دەبنە پێکهێنەری ئەوەی کە ئێمە بە کۆمەڵگای مەدەنی ناویدەبەین.

ئەو کۆمەڵانە دەکرێت چەندین شێوەی جۆراوجۆری سەرسوڕهێنەر لە خۆبگرن: خێزان، کڵێسا، قوتابخانە، یانە، دەستەی برایان، کۆمەڵەی ئەپارتمانەکان، گروپەکانی گەڕەک، و شێوەی بێشومار لە کۆمەڵەی بازرگانی وەک شەریکایەتی، کۆرپۆرەیشنەکان، سەندیکای کرێکاران، و کۆمەڵەی بازرگانی. هەموو ئەم کۆمەڵانە بەڕێگای جیاواز خزمەتی پێویستیەکانی مرۆڤ دەکەن. دەکرێت کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی گشتی وەک سەرجەمی کۆمەڵە سروشتی و خۆویستەکان لەکۆمەڵگادا پێناسە بکرێت .

هەندێک شیکەرەوە جیاکاری دەکەن لە نێوان رێکخراوە بازرگانی و قازانج نەویستەکاندا، بە بەهانەی ئەوەی کە بزنس بەشێکە لە بازاڕ نەوەک لە کۆمەڵگای مەدەنی. بەڵام من دوای ئەو نەریتە دەکەوم کە دابەشکرنی راستەقینە لە نێوان ئەو کۆمەڵانەدایە کە زۆرەملێ -دەوڵەت- لەگەڵ ئەوانەی کە سروشتی یان خۆویستن - هەموو ئەوانی تر. ئینجا ئایا کۆمەڵەیەکی دیاریکراو بۆ قازانجکردن دروستبوە یاخود بۆ بەدەستهێنانی هەندێک ئامانجی تر، خاسیەتی سەرەکی ئەوەیە کە بەشداریکردنی ئێمە تیایاندا بەشێوەیەکی خۆویستانە هەڵبژێردراوە. دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو دروستکروان، بەڵام کۆمەڵگای

مەدەنی خۆی وەک گشتێک بێ مەبەستە. بریتیە لە دەرئەنجامی نەخشەبۆنەکێشراو لەخۆوە سەرهەڵداوی هەموو کۆمەڵە مەبەستدارەکان.

هەندێک خەڵک ئارەزوی کۆمەڵگای مەدەنی ناکەن، بۆ نمونە، کارڵ مارکس. دەربارەی ئازادی سیاسی لە ووتارێکی سەرەتاییدا بە ناوی "لەبارەی پرسی (یان مەسەلەی)جولەکە"وە، مارکس دەنوسێت "ئەوەی پێیدەوترێت مافەکانی مرۆڤ... هیچ نین بێجگە لە مافەکانی ئەندامێکی کۆمەڵگای مەدەنی، واتە، مرۆڤی خۆپەرست، مرۆڤێک کە لە مرۆڤاکانی تر و جڤاک (کۆمیونیتی) جیابۆتەوە." مارکس دەڵێت "مرۆڤ وەک ئەوەی کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدایە" بریتیە لە "تاکە کەسێک کە کەوتۆتە شوێن دەستکەوت و ئارەزوە تایبەتیەکانی و لە جڤاک دەبڕاوە."

ئەوە بێنەروە یاد کە تۆماس پەین کۆمەڵگای جیاکردۆتەوە لە حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنیشی جیاکردۆتەوە لە کۆمەڵگای سیاسی.

مارکس ئەو جیاکاریە دەژێنێتەوە بەڵام لەگەڵ بادانەوەیەکدا: ئەو دەیەوێت کۆمەڵگای سیاسی کۆمەڵگای مەدەنی دەربهاوێت. ئەو دەڵێت، کاتێک خەڵک بە تەواوەتی ئازادبن، خۆیان وەک هاوڵاتی سەرجەمی جڤاکی سیاسی دەبینن، نەک هەڵوەشاو بۆ رۆڵی جیاواز و گەردونی وەک بازرگانێک، کرێکارێک، جولەکەیەک، پرۆتستانێک. هەر کەسێک دەبێت بە "بونێکی هاوبەش" کە لەگەڵ هەموو هاوڵاتیەکانی تردا یەکی گرتووە. بەم شێوەیەش دەوڵەت وەک ئامرازێک تەماشاناکرێت بۆ پاراستنی مافەکان تاوەکو تاکەکان بتوانن بەدوای

ئامانجە خۆپەرستیەکانی خۆیاندا بگەڕێن بەڵکو وەک یەکەیەک کە لەڕێگەیەوە هەموو کەسێک "ناوەرۆکی مرۆیی کە بریتیە لە دەستەجەمعی راستەقینەی مرۆڤ" بەدەستدێنێت. هەرگیز ئەوە روننەکرایەوە کە چۆن ئەم ئازادکردنە دێتەدی و ئەزمونی راستەقینەی رژێمی مارکسیەتیش بە زەحمەت ئازادکەرانە بوو، بەڵام شەڕانگێزیشی بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنی زۆر ئاشکرایە.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا مارکسیەت وشەیەکی خراپە (کە دەشبێت واشبێت)، بەڵام کاریگەری بەهێزی مارکس لەسەر خەڵکێکی زۆر بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوە دەردەخات کە ئەو بەنیازی شتێک بووە کاتێک دەربارەی ئەو خەڵکانەی نوسیوە کە هەستدەکەن نامۆ و پەرتبوون. خەڵک دەیانەوێت لانی کەم هەست بە هەندێک وابەستەیی بکەن لەگەڵ خەڵکانی تردا. لە جڤاکە باو و پێش سەرمایەداریەکاندا ئەوان ئەوەندە توانای هەڵبژاردنیان نەبوو دەربارەی ئەمە. لە لادێیەکدا، ئەو خەڵکانەی کە بە درێژایی هەموو ژیانت ناسیبوتن هەمیشە لەدەوروبەرت بوون. (پێت خۆشبێت یان نا) ئارەزوی بکەیت یان نا، ناتوانیت رێبگریت لە هەبوونی هەستی جڤاکی.

هەر کە لیبرالیزم و شۆڕشی پیشەسازی، ئازادی و دەوڵەمەندی و شوێنگۆڕینی لەگەڵ خۆهێنا بۆ خەڵکانی زیاتر، زیاتر و زیاتری ئەو خەڵکانە ئەوەیان هەڵبژارد کە لادێکانی شوێنی لەدایکبونیان جێبهێڵن، زۆرجاریش تەنانەت وڵاتانی لە دایکبونیان و بڕۆن بەرەو شوێنی تر بۆ بونیادنانی ژیانێکی باشتر. بڕیاری بەجێهێشتن نیشانەی ئەوەیە کە

خەڵک چاوەڕوانی ئەوەبوون ژیانێکی باشتر بدۆزنەوە -و شوێنگۆڕکێ و کۆچی بەردەوامی نەوە لە دوای نەوە، لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، وا دیارە نیشانەی ئەوەیە کە خەڵک *بەڕاستی* هەلی باشتر دەدۆزنەوە لە جێگە نوێیەکاندا. بەڵام تەنانەت ئەو کەسەشی کە خۆشحاڵە لادێیەکەی یان وڵاتە کۆنەکەی جێهێشتووە لەوانەیە هەست بە ونبوونی ئەو هەستە توندەی جڤاکبوون بکات. بەهەمان شێوە کە کەسێک خێزانەکەی جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی پێگەیشتوو لەوانەیە هەستێکی قوڵی لەدەستدانی هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسێکە چێژ لە سەربەخۆیی و خۆدژیانی دەبینێت. ئەوە ئەو پەرۆشییەیە کە مارکسیەت لەلای زۆر خەڵک وادەردەکەت کە وەڵامی پێبێت بۆی.

بە پێچەوانەوە، مارکسیەت پەیمانی ئازادی و جڤاکی دابوو، بەڵام ستەمکاری و پەرتبوونی بەرهەمهێنا. ستەمکاری وڵاتە مارکسیەکان باش ناسراون، بەڵام ئەوەی کە لە وانەیە بە باشی ئاشکرا نەبێت ئەوەیە کە مارکسیزم کۆمەڵگایەکی خوڵقاند کە زۆر دابەشکراوتربوو لە چاو هەر شتێکدا لە جیهانی سەرمایەداریدا.

دەسەڵاتدارە مارکسیەکانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت پێش هەر شتێک لە روی تیۆرییەوە باوەڕیان وابوو کە مرۆڤ لە سایەی رەوشی "ئازادی راستەقینەدا" پێویستی بە رێکخراو نابێت بۆ بایەخدان بە دەستکەوتە تاکەکەسیەکانی، دووەمیش لە روی پراکتیکەوە واتێگەیشتبوون کە کۆمەڵە سەربەخۆکان هەڕەشە لە دەسەڵاتی دەوڵەت دەکەن. لەبەر ئەمە نەک هەر تەنها چالاکی ئابوری تایبەتیان لەناو برد، بەڵکو هەوڵی

داخستنی کڵێساکان، قوتابخانە سەربەخۆکان، ڕێکخراوە سیاسیەکان، ئەنجومەنی گەڕەکەکان، و هەموو شوێنێکی تریشیان دا هەتا دەگاتە یانەی باخچەکان.

لە کۆتاییدا، بە پێی تیۆرەکە، ڕێکخراوی ناگەردوونی لەم جۆرە بەشدارییان لە پەرتبووندا کرد. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە رویدا بریتیبوو لەوەی کە ئەو خەڵکانەی لە هەموو شێوەیەکی جڤاک و هاوبەستەیی لە نێوان خێزان و دەوڵەتی پڕدەسەڵاتدا بێبەشکرابوون، بوونە تاکەکەسی پەرتبووی تۆڵەخواز.

وەک ئەوەی فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆجیست ئێرنست گێڵنەر نوسیویەتی "سیستەمەکە تاکەکەسی دابڕاو و بەدەر لە ئاکار (واتە ئاکار هیچ بەهایەکی نیە لەلای، بەپێچەوانەی بێئاکار کە کەسێکە ئاکاری نیە) و گاڵتەجاڕی دروستکرد- بێهەل و شارەزا لە قسەی پڕوپوچ و ساختەچێتیدا." ئەو شێوازە ئاساییەی کە خەڵکی بەستبووەوە بە دراوسێکانیەوە، بە هاوعیبادەتکەرەکانیەوە، بەو کەسانەوە کە مامەڵەی بازرگانیان لەگەڵ دەکردن تێکدران و خەڵکی بەدگومان و بێبڕواکرد لەگەڵ یەکتریدا کە هیچ هۆکارێک نەبیننەوە بۆ ئەوەی هاوکاری ئەوانی تر بکەن یان تەنانەت بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

شتێکی لەمە دژبەیەکتریش لەوانەیە ئەوە بێت کە مارکسیەت بووبە هۆی بەرهەمهێنانی ڕێزێکی نوێبوەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی. لەگەڵ ڕەویەنەوەی ساڵەکانی گەندەڵی بریژنێڤدا و هاتنی ئازادکردن لە سایەی گۆرباچێڤدا، خەڵک دەستیانکرد بە گەڕان بەدوای بەدیلێکدا بۆ

سۆشیالیزم و ئەمـەیان لـە کۆمـەڵگای مەدەنیـدا دۆزییـەوە، لـە چـەمکی فرەیی و ئازادی ڕێکخراوبوون.

بلیۆنەری وەبەرهێنەر جۆرج سۆرۆس کە بە تاسەوە دەیویست خاکی لەدایکبوونی (هەنگاریا) و دراوسێکانی ئازاد بکات بەوە دەستی پێکرد کە کۆمەکێکی زۆی بەخشی بۆ بنیاتنانـەوەی کۆمـەڵگای مـەدەنی نـەک هێنانـە کایـەوەی شۆرشێکی سیاسی. ئـەو دەسـتی کـرد بـە یارمەتیـدانی هـەموو شـتێک، هـەر لـە یانـەکانی شـەترەنجەوە هـەتا دەگاتـە ڕۆژنامـە سەربەخۆکان، ئەمەش بۆ ئەوەی کـە جارێکی تـر خـەڵک دەستبکەنەوە بە پێکەوەکارکردن لـە دامـەزراوەی نادەوڵەتیـدا. نەشونماکردنی خێـرای کۆمــەڵگای مــەدەنی تــەنها هۆکـار نــەبوو لــە گێڕانــەوەی ئازادیــدا بــۆ ئــەوروپای ناوەڕاســت و خۆرهــەڵات، بــەڵام کۆمەڵگایــەکی مــەدەنی بەهێزتر یارمەتی پاراستنی ئەو ئازادیە نوێیـە دەدات و هـەروەها هـەموو ئــەو دەســتکەوتانە بــە خــەڵک دەبەخشــێت کــە تــەنها لــە ڕێگــەی کۆمەڵەکانەوە بەدەستیدێنن.

تەنانـەت ئـەو کەسانەی کە مارکسیش نـین هـەڵگری هەنـدێک لـە بایەخــەکانی مارکســن دەربــارەی جڤــاک و دابەشــبوون. فەیلەســوفە جڤاکییەکان (کۆمیونیتارییەکان)، ئەوانەی باوەڕیان وایـە کـە تاکەکـەس پێویستە وەک بەشێک لـە جڤاک تەماشا بکرێت، خـەمی ئەوەیانـە کە خەڵک لە خۆرئاوا، بەتایبەت لە ئەمەریکا، زیاد لە پێوسیت پێ لەسـەر مافە تاکەکەسیەکان دادەگرن لەسـەر حسابی جڤـاک. تێڕوانینـی ئـەوان لەسەر پەیوەندیـەکانی ئێمـە بـە ئـەوانی تـرەوە دەکرێـت وا پیشـانبدرێت

کە بریتین لە زنجیرەیەک لە بازنەی هاوچەق: تاکەکەسێک بەشێکە لە خێزانێک، گەڕەکێک، شارێک، ناوچەیەکی مێترۆپۆلیتان، ویلایەتێک، وڵاتێک. دەرئەنجامی ئەم گفتۆگۆیانە ئەوەیە کە ئێمە هەندێک جار لە یادمان دەچێتەوە گرنگی بە هەموو بازنەکان بدەین و هەروەها پێویستیشە بەجۆرێک لە جۆرەکان هانبدرێین بۆ گرنگیدان.

بەڵام ئایا ئەم بازنانە بەتەواوەتی هاوچەقن؟ ڕێگەیەکی باشتر بۆ تێگەیشتن لە جڤاک لە دنیای مۆدێرندا تەماشکردنیەتی وەک زنجیرەیەک بازنەی یەکتربڕ کە ژمارەیەکی بێشومار لە بەستەری ئاڵۆز لە نێوانیاندا هەیە. هەر یەکێک لە ئێمە چەندین شێوازی هەیە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکانی تردا. ئەمەش کتومت ئەوەیە کە مارکس نارەزایی بەرامبەر دەردەبڕی و لیبراڵەکانیش ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. کەسێک لەوانەیە هاوسەرێک بێت، دایکێک، کچێک، خوشکێک، ئامۆزایەک، فەرمانبەر لە یەکێک لە بزنسەکاندا، خاوەنی بزنسێک، خاوەنی پشک لە دانەیەکی تردا، کرێچی یان خاوەن موڵک، کارمەندێک لە کۆمەڵەیەکی ئەپارتمانەکاندا، ئەندامی کڵێسایەک، کارمەندێکی ناوچەیی پارتی دیموکرات، ئەندامی کۆمەڵەیەکی تایبەتمەند، ئەندامی یانەیەکی پردەکان، یانەیەکی هەوادارانی جەین ئۆستن، گروپێکی هۆشیارکردنەوە دەربارەی فێمینیزم، کۆمەڵەی چاودێریکردنی تاوان لە گەڕەکدا و چەندینی تر بن.

(ڕاستە ئەو کەسە لەوانیە هەست بە ماندوبوونێکی زۆر بکات بەڵام لانی کەم بەشێوەیەکی گشتی هەر تاکێک دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتا

لـە کۆمەڵـە و پەیوەنـدی هـەبێت.) زۆربـەی ئـەم کۆمەڵانـە خزمـەتی مەبەستێکی دیاریکراو دەکەن- بۆ پارە پەیداکردن، بۆ کەمکردنەوەی تـاوان، بـۆ یارمەتیـدانی منـداڵان- بـەڵام ئـەم کۆمەڵانـە وابەسـتەییش دروسـت دەکـەن لـە نێـوان خەڵکدا. لـە کاتێکـدا، هـیچ یـەکێک لـەم کۆمەڵانە کەسایەتی تاکێک دانامالّن و بەتەواوەتیش پێناسەی ئەو تاکە ناکـەن. (کەسـێک دەتوانێـت نزیکبێتـەوە لـەو پێناسـە گشـتگیرە بـە پەیوەنـدیکردن بـە جڤـاکێکی ئـاینی گشـتگیری فرەئاسـتەوە، بـۆ نمونـە، کۆمەڵەی راهیبەکانی کلّێسای رۆمان کاسۆلیک، بەڵام هەڵبژاردنی لـەم جـۆرە خۆویسـتانەیە -لەبـەر ئـەوەی کـەس ناتوانێـت مـافی هـەڵبژاردن لـەخۆی دابـڕێـت- و جێگـەی پەشیمانبونەوەشـە (واتـە کەسـەکە بـۆی هەیە ئەو هەڵبژاردنەی بگۆرێت)).

لـەم تێگەیشـتنە لیبراڵیـەدا ئێمـە لەسـەر بنـەمای ویسـتی ئـازاد و خۆویسـت بـە شـێوەی جیـاواز لەگـەڵ خـەڵکانی جیـاوازدا پەیوەنـدی دروستدەکەین. ئێرنێست گێڵنـەر دەڵێت کۆمـەڵگای مـەدەنی هاوچـەرخ پێویسـتی بـە "مرۆڤـی خۆشـگونجاو*" هەیـە. لـە بـری مرۆڤێـک کـە بەتەواوەتی بەرهەمی کەلتورێکی دیاریکراو بێت و و تـواوە بێت لـە ناو کــەلتورێکی دیــاریکراودا، مرۆڤــی خۆشــگونجاو "دەتوانێــت تێکــەڵی کۆمەڵـەی دیـاریکراوی مەبەسـت تایبـەت ببێـت، بـە بێ ئـەوەی خـۆی وابەستەی هیچ سروتێکی خوێنی بکات (واتە سروتێک کە لەسەر خوێن بەندە)." ئەو مرۆڤە دەتوانێت لەگەڵ ئـەوانی تـردا پەیوەنـدی ببەستێت

"ئەو پەویوەندیانە کاریگەرن هەرچەندە کە خۆشگۆڕاو و دیاریکراو و بنەڕەتین."

کاتێک تاکەکان بە چەندین ڕێگەی بێشومار تێکەڵ دەبن، جڤاک سەرهەڵدەدات؛ نەک جڤاکی داخراوی لادێیەک، یاخود ئەو جڤاکە فریادەرەسەی کە مارکسیەت، یاخود سۆسیالیزمی نەتەوەیی و ئاینە سەراپاگیرەکان پەیمانیان دابوو دابینی بکەن، بەڵکو جڤاکی تاکەکەسە ئازادەکان لە کۆمەڵەی خۆویستانەدا.

تاکەکەسەکان لە جڤاکەوە سەرهەڵنادەن بەڵکو جڤاک لە تاکەکەسەکانەوە دێتەبوون. دێتەبوون نەک لەبەر ئەوەی کەسێک پلانڕێژیکردوە، بە دڵنیایشەوە لە لایەن دەوڵەتەوە دانەڕێژراوە، بەڵکو جڤاک لەبەرئەوە دروستدەبێت کە دەبێت دروستببێت. تاکەکەسەکان بۆ ئەوەی پێویستی و ئارەزوەکانیان بەدەستبهێنن دەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا کۆببنەوە. کۆمەڵگا کۆبونەوەی تاکەکانە کە ڕێسای یاسایی حوکمی دەکات، یاخود لەوانەیە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵەکان بێت -بەڵام یەک جڤاکی گەورەنا، یان یەک خێزان نا، وەک ئەو تێگەیشتنە تەواو هەڵەیەی کە ماریۆ کیۆمۆ و پات بیوکانن ئاماژەی بۆ دەکەن. ڕێساکانی خێزان یان گروپی گچکە هەمان ڕێساکانی سەرتاپای کۆمەڵگا نین و ناشکرێت هەمان ڕێسا بن.

جیاکاری لە نێوان تاکەکەس و جڤاکدا دەکرێت چەواشەکار بێت. هەندێک ڕەخنەگر دەڵێن کە جڤاک گەشەدەکات لەسەر حسابی لەدەستدانی تاکایەتی کەسەکان. بەڵام ئەندامبوون لە گروپێکدا

پێویست ناکات تاکایەتی ئەو کەسە بسڕێتەوە، بەڵکو دەکرێت بەهێزی بکـات، ئەمـەش لەرێگـەی ئازادکردنیانـەوە لـەو سـنوردارییانەی کـە روبـەڕوی دەبنـەوە وەک تاکەکەسـی تـەنیا و هـەروەها لـە زیـادکردنی دەرفەتەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان. ئەم بۆچونە لەسـەر جڤاک ئەوە دەخوازێت کە ئەندامبوون بە هەڵبژاردن بێت نەوەک بە زۆر.

## هاریکاری

لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ بـە تـەنیا ناتوانێـت زۆربـەی ئـەو شـتانە بەدەسـتبهێنێت کـە دەیـەوەێن، لەبەرئـەوە لەگـەڵ خـەڵکانی تـردا بـە چەندین رێگەی جیاواز هاریکاری دەکات. پاراستنی مافـەکان و ئازادی کـردار لەلایـەن حکومەتـەوە ئـەو ژینگەیـە دەرەخسـێنێت کـە تیایـدا تاکەکان دەتوانن هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجـەکانیان بـدەن و خۆیـان و موڵکەکانیشیان پارێزراوبن. ئەنجامی ئەمەش تۆڕێکی ئاڵۆزە لـە کۆمەڵـە ئازادەکـان کـە تیایـدا خـەڵک بـە شـێوەیەکی خۆویستانە دەکەونەشوێن بەرپرسیارێتی و پەیماننامەکانیان و جێبەجێشیان دەکەن.

ئـازادی کۆبونــەوە یارمــەتی نەهێشــتنی(کەمبونــەوەی) ململانێــی کۆمەڵایـەتی دەدات. رێگـە بـە ئەنـدامانی کۆمـەڵگا دەدات کـە خۆیـان بەیـەکترەوە وابەستەبکەن و تـۆڕی پێکـداچوی پەیوەندییـە کەسییەکان دروستبکەن. زۆربـەی ئـەم پەیوەندییانـە سنورەکانی ئاین، سیاسـەت، و رەگـەز دەبـەزێنن. (بـە دڵنیاییـەوە، ئـەوانی تـر وەک کۆمەڵـە ئاینی و

رەگەزییەکان خەڵک لە ناو گروپێکی دیاریکراودا کۆدەکەنەوە.) ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە خەڵکانی جیاواز و نەناس لە چوارچێوەیەکی هاوڕێیانەدا پێکەوە کۆدەبنەوە. ئەو گرژیانەی کە لەوانەیە وەکوتر خەڵکیان دابەشبکردایە ئەوا بە هۆی ئەم هاوبەستەییەوە لەناودەبرێن.

کەسێکی کاسۆلیک و یەکێکی پرۆتستانت، کە ئەگەر ئەم کۆمەڵانە نەبوونایە لەوانەیە خۆیان لە ململانێدا ببینیایەتەوە، لەگەڵ یەکتریدا وەک کڕیار و فرۆشیار پێگدەگەن، وەک ئەندامانی هەمان کۆمەڵەی مامۆستایانی خاوەن منداڵ، یاخود وەک بەشداریکەری خولێکی سۆفتبۆڵ* کە تیایدا بە هەمان شێوە لەگەڵ موسوڵمان، جولەکە، هیندو، تاویست، و بێباوەڕیشدا یەکدەبینن و پەیوەندی دروستدەکەن. لەوانەیە ئەوان دەربارەی ئاین لەگەڵ یەکتردا ناکۆک بن، تەنانەت لەوانەیە باوەڕیشیان وا بێت کە ئەوانی تر بە هەڵەی گەورەدا چووبن، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی ئەو ژینگەیە دەرەخسێنێت کە هەمووان بتوانن تیایدا بە شێوەیەکی ئاشتیانە هاریکاری یەکتر بکەن.

وتارێکی *واشنگتۆن پۆست* دەربارەی زیادکردنی جەماوەری خزمەتگوزاری عیبادەتی دەمەونێوەڕوان بەم شێوەیە دەستپێدەکات، "لە دەرەوە، ئەم ژن و پیاوانە فەرمانبەر و دادوەرن، دیموکرات و کۆمارییین، خەڵکی شار و دەرەوەی شارن. لێرە، کاسۆلێکن." وتارێکی تر لەوانەیە بەم جۆرە دەستپێبکات، "لە دەرەوە، ئەم ژن و پیاوانە

---

*جۆرێکی بەیسبۆڵە

کاسۆلیک و باپتیستن، ڕەش و سپین، هۆمۆسێکسواڵ و هێترۆسێکسواڵن، خێزاندار و بێخێزانن. لێرە، فەرمانبەری ئەمەریکا ئۆنلاینن." یاخود "لێرە، وانەبێژی منداڵانی کەمدەرامەتن." لە هەر یەکێک لەم دۆخانەدا، ئەو خەڵکانەی کە حەز ناکەن وەک ئەندامانی کۆمەڵەیەکی تەسک لەگەڵ ئەوانی تردا خۆیان ببیننەوە ئەوا پێکەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لەگەڵ ئەوانی تردا لە گروپێکدا کۆدەبنەوە، لە پرۆسەیەکدا کە فێری پێکەوەژیان دەبن ئەگەر فێری لە ئامێزگرتنی یەکتریش نەبن.

هیچ کەسێک هەڵنەستاوە بە دروستکردنی ئەم زنجیرە ئاڵۆزەی کە سەریهەڵداوە. هیچ کەسێک نەخشەی بۆ نەکێشاوە. ئەمە بەرهەمی کاری چەندین مرۆڤە بەڵام بەبێ نەخشە.

**بەرپرسیاریتی شەخسی و متمانە**

لە بەشێکی پێشودا، باسی ئەو تۆڕە سەرسوڕهێنەرەی متمانەم کرد کە ڕێگەم پێدەدات لە ئەوپەڕی دنیا پارە و سەیارەم دەستبکەوێت. ئەگەر ڕەخنەگرانی لیبراڵیزم ڕاستبوونایە، ئایا کۆمەڵگای بازرگانی"پەرتبوو" هەوڵی نەدەدا بۆ *کەمکردنەوەی* ئەو ئاستی متمانە و هاوکارییەی کە ڕێگە بە ئامێرەکانی بانک دەدات پارە بدەن بە خەڵکانی نەناسراو؟ ئەو بەڵگانەی کە لە دەوروبەرمانن ئەم ڕەخنە باوە بە درۆ دەخەنەوە.

ئەگەر بڕیار وابێت کە ئێمە بە بەستنی گرێبەست لەگەڵ ئەوانیتردا هەوڵی بەدەستهێنانی بەختەوەری دەدەین، ئەوا متمانەکردن بە یەکتری شتێکی گرنگ دەبێت. جگە لە بچوکترین وابەستەیی بۆ پێشێلنەکردنی مافی ئەوانی تر، لە کۆمەڵگای ئازاددا ئێمە تەنها ئەو ئەرکانەمان لەسەر شانە کە خۆویستانە پەسەندیان دەکەین. بەڵام کاتێک کە ئێمە ئەو ئەرکانە پەسەند دەکەین، ئیتر بە هۆی چونە ناو گرێبەستێکەوە یان بوون بە ئەندامی کۆمەڵەیەکەوە بێت، ئەوا ئێمە لە روی ئیتیکی و یاساییەوە پابەندین بە گرێبەستەکانمانەوە. چەند هۆکارێک هەن کە بە دڵنیایەوە گەرەنتی ئەمە دەکەن: هەستکردنی خۆمان بە راست و هەڵە، ئارەزومان بۆ دانپیانان لەلایەن ئەوانی ترەوە، ئەرکی ئیتیکی، و ئەگەریش پێویست بکات ئەوا رێگەی جیاواز بۆ چەسپاندنی ئەو ئەرکانە دەگیرێنە بەر وەک ئەنجام نەدانی بزنس لەگەڵ ئەوانەدا کە ئەرکەکانیان بە جێنەهێناوە و پابەندی نەبوون.

لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگادا و ویستی خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەرکی گەورەتر، متمانەکردن بە خەڵکی زیاتر دەبێتە شتێکی پێویست. لە سەرەتادا لەوانەیە خەڵک تەنها متمانەیان بە خێزانەکانی خۆیان یان ئەو خەڵکانە کردبێت کە لە گوندەکەیاندان یاخود لە تایەفەکەیاندان. فراوانبوونی بازنەی متمانە یەکێکە لە گرنگترین پێشکەوتنەکانی شارستانیەت. گرێبەست و کۆمەڵەکان رۆڵێکی گەورە دەبینن لەوەدا کە ئێمە متمانە بە ئەوانی تر بکەین.

وەک ئەو پاڵەوانەی لە گۆرانی لادێدا باس دەکرێت، باوکم پیاوێک بوو "کە دەیتوانی لەسەر قسەی خۆی پارە لە بانک وەربگرێت." ئەم شێوازە لە شەرەف و شایەنی متمانەکردن پێگەیەکی سەرەکی بازاڕ و شارستانیەتە. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی فراواندا ئەمە بە تەنها بەس نیە. ناوبانگی باشی باوکم لەو شارۆچکە بچوکەی تیایدا دەژیان زۆر زیاتر بڕی نەدەکرد و ئەگەر بە پەلەش بیویستایە پارە لە چەند شارۆچکەیەک لەولا ترەوە قەرز بکات ئەوا بە ئاسانی نەیدەتوانی ئەمە بکات و زۆر ئەستەمیش بوو لە سەرتاپای وڵاتدا یان لە جیهاندا ئەمە بکات. بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، من دەتوانم لە هەرشوێنێکی دنیا دەستم بگاتە پارە و کرێدت (رەسید)- نەک لەبەر ئەوەی کە من ناوبانگێکی باشترم هەیە لە باوکم، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بازاڕی ئازاد دامەزراوەی کرێدتی لە سەرتاپای جیهاندا دروستکردووە. تا ئەو کاتەی من بە رێکوپێکی قیستی پارەکانم بدەمەوە، ئەوا تۆڕە ئاڵۆزەکانی ئەمێریکان ئێکسپرێس و ڤیسا و ماستەر کارد رێگەم پێدەدەن کە شتومەک و خزمەتگوزاری یاخود پارەم بە پێی کرێدت دەستبکەوێت بۆ هەرشوێنێک بچم.

ئەم سیستەمانە ئەوندە باش کار دەکەن کە ئێمە پێیان نازانین (وەک بەڵگەنەویستیان لێهاتوە لەلامان)، بەڵام ئەمانە بە ڕاستی کاری مەزنن. بەدڵنیایشەوە لەسەر ئاستێکی زۆر لەوە گەورەتر کار دەکەن کە تەنها پەیوەندی بە راکێشانی پارەی شەخسی من یان بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێلەوە هەبێت. کۆی ئەو دەزگایانەی کە شایەتی کرێدت باشی بۆ

کەسـەیک دەدەن و ئـەو دامـەزراوە یاساییانەی کـە سزای پێشـێلکارانی گرێبەسـتەکان دەدەن لـە کـاتی پێویسـتدا، وا دەکـەن کـە ئـەم پرۆسـە ئابوریـیـە گەورەیـە بێتـەئاراوە. هـەر لـە نەخشەکێشـان و دروسـتکردنی فڕۆکەوە بۆ دروستکردنی تونێلێک لە ژێر کەناڵی ئینگیزیدا هەتا دەگاتە تۆڕی جیهانی کۆمپیوتەری وەک کۆمپوسێرڤ و ئەمەریکا ئۆنلاین.

لەگەڵ بڵاوبونـەوەی کرێدیت دا بـە شـێوەیەکی فـراوان و ئامـادە بـۆ بـەکارهێنان، هەنـدێک خـەڵک وەک مـاف تەماشـای کرێـدیت دەکـەن. کاتێـک کـە خـەڵک نـاتوانن متمانـە بەدەسـتبێنن روبـەڕوی تاقیکردنەوەیـەکی ئاکـاری دەبنـەوە. داوای ڕێسـادانان دەکـەن بـۆ دەزگاکانی کرێدیت، خەفەکردنی زانیاری لەبارەی کرێدیتی خراپەوە، سنوردانان بۆ **ڕێژەی سود** (*ڕێژەی ئەو سووەی کۆمپانیا قەرزدەرەکە لە قـەرزوەرگری دەسـێنێت*) و چەنـدینی تـریش. ئـەم جـۆرە خەڵکانـە لـە گرنگی هەستیاری متمانەکردن تێناگەن لە شارستانیەتدا. وا دیارە لەوە تێناگەن کە خەڵک نایانەوێت ئەو پارەیـەی کـە بـە ئارەقی ناوچەوانیان پەیدایان کردوە بە قەزر بیدەن بەو کەسانەی کە شوێنی متمانە نین. ئەگەر زانیاری باوەڕپێکراو لەسەر کرێدیت نەبێت، ئەوا ڕێژەی سود بـەرز دەبێتـەوە بـۆ قەرەبوکردنـەوەی **سەرکەشی** (*واتـە لـەو کاتـەدا کـە کۆمپانیای قەرزدەر پارە دەدات بە کەسێک کە ناوبانگی باشی نیە لە قەرزدانەوەدا*) کرێدیت. ئەگەر زانیارییەکە بەپێی پێویست باوەڕپێکراو نەبێت، ئەوا فروانتربوونی کرێدت لە شوێنێکدا دەوەستا -یان کرێدیت تـەنها لـە ڕێگـەی پەیوەنـدی شەخسـی و خێزانیـەوە بەدەسـتدەهێنرا-

ئەمەش بە دڵنیاییەوە پێچەوانەی ئەوەیە کە رەخنەگرانی دەزگاکانی کرێدیت دەیانەوێت.

تۆڕی متمانەپێکردن و کرێدیت پشت بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگایەکی ئازاد دەبەستێت: مافی تاکەکەس و بەرپرسیارێتی، مافی موڵکداری پارێزراو، ئازادی پەیماننامەبەستن، بازاڕی ئازاد، و حوکمی یاسا. سیستەمێکی ئاڵۆز لەسەر بنەمایەکی سادە بەڵام زامن وەستاوە. وەک ئەوەی لە تیۆرەی فەوزادا هەیە هاوکێشەیەکی سادەی نارێک دەکرێت ئاڵۆزییەکی ماتماتیکی ناکۆتا دروستبکات، بە هەمان شێوە رێسا سادەکانی کۆمەڵگایەکی ئازاد دەکرێت پەیوەندی ئاڵۆزی ئابوری و یاسایی بێشومار دروستبکەن.

## رەهەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

وەسفیکردنی سەرجەم ئەو شێوانەی کە کۆمەڵگای مەدەنی لە جیهانێکی ئاڵۆزدا لەخۆی دەگرێت شتیکی زەحمەتە. زیاد لە 100 ساڵ لەمەوبەر، ئەلێکسیس دی تۆکڤیل لە 'دیموکراسی لە ئەمەریکا' دا نوسیویەتی "ئەمەریکیەکانی سەر بە هەموو تەمەنەکان، هەموو رەوشەکان، هەموو کەسایەتیەکان بەردەوام کۆمەڵە دروستدەکەن... بۆ چێژ بەخشین، بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی ئاینی، بۆ دروستکرنی مۆتێل، بۆ بونیادنانی کڵێسا، بۆ دابەشکردنی پەرتوک، بۆ ناردنی موژدەبەخشانی ئاینی (مەسیحی) بۆ لایەنی بەرامبەر؛ بەم شێوەیە نەخۆشخانە و زیندان و قوتابخانەیان دامەزراند." ئەمڕۆ دەتوانیت سەیری هەر رۆژنامەیەکی

رۆژانە بکەیت و چاوێک بخشێنی بە چەندین جۆری کۆمەڵەدا کە باسکراون -بزنسەکان، کۆمەڵە بازرگانیەکان، کۆمەڵە ئاینی و ئیتنیەکان، گروپەکانی گەڕەک، گروپەکانی مۆسیقا و شانۆ، مۆزەخانەکان، ریکخراوی خێرخوازی، قوتابخانەکان و چەندینی تر. ئەو رۆژەی کە دەستم کرد بە نوسینی ئەم بەشە، رۆژنامەی واشنتۆن پۆستم خوێندەوە. سەرەڕای هەموو ئەو گروپانەی کە باکگراوندی هەر یەک لە هەواڵەکانی رۆژانە پێکدەهێنن، تیایدا سێ بابەتم دۆزییەوە کە بۆ من وەک نمونەی فرە رەنگیی کۆمەڵگای مەدەنی هاتنە بەرچاو.

لە لاپەڕەی یەکەمدا بابەتێک هەبوو دەربارەی سێ خێزانی جووت-داهاتی (واتە دوو موچە) دەرەوەی شار، هەستابوون بە دروستکردنی یانەیەکی ژەمی ئێوارە کە تیایدا هەر خێزانێک هەفتەی یەک جار ژەمێک چێشت لێدەنێت و دوو خێزانەکەی تر هەندێک لەو چێشتە دەبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان. بەم شێوەیەش ئەو خێزانە سەرقاڵانە دەتوانن زیاتر ژەمی خواردنی لە ماڵەوەلێنراو بخۆن وەک لەوەی کە خۆیان بە تەنها دەتوانن دروستی بکەن لە جیهانی جەنجاڵی ئەو خێزانانەی کە هەردوو باوان کار دەکەن. لەوانەیە ئەمە ئەوەندە چڤاکی نەبێت لەچاو ئەوەی هەر سێ خێزانەکە بیانتوانییایە پێکەوە دابنیشن و نانەکە پێکەوە بخۆن، بەڵام بەشدارانی ئەم یانەیە دەڵێن کە ئەوان هەست دەکەن هەموویان وەک خزمی یەکن "ئێمە لە موبەقی یەکتریدا پێکەوە قسە ئەکەین و باسی منداڵەکانمان دەکەین."

بابەتێکی تر دەربارەی خێزانێکی مولتەزیمی **بابتیست** (*جۆرێکە لە کڵێسای مەسیحی لە باشوری ئەمەریکا زۆر بڵاوە.و*) بوو کە "دەیانویست (واتە باوان) هەر شەش منداڵەکەیان لە فریودان و تاقیکردنەوەکانی جیهانی عەلمانی بپارێزێن، بۆ ئەمەش ژیانێکیان دروستکردبوو کە پڕیبوو لەو خەڵکانەی خاوەنی هەمان بەها و باوەڕن." دایکەکە لە ماڵەوە وانەی بە منداڵەکان دەوتەوە، هەوڵی دەدا کە کتێب، ڤیدیۆ و یاری سودمەندیان بۆ پەیدا بکات، تێکەڵیان بکات لەگەڵ منداڵانی تردا لە کڵێساکەیان، لە تۆڕی قوتابخانەکانی ماڵەوە و لە ڕێگەی ئارەزوی کوڕە گەورەکەیانەوە بۆ پیانۆ. لە هەندێک ڕووەوە لەوانەیە وا دەربکەوێت کە ئەم خێزانە لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکشێتەوە، بەڵام بە باوەڕی من دەبێت وەک نمونەیەکی ئەو فرە ڕەنگییە سەیری ئەم چیرۆکە بکەین کە کۆمەڵگای مەدەنی ڕێگای پێدەدات، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەشی کە دەیانەوێت جیاواز لە زۆربەی خەڵک لە کۆمەڵگایەکی گەورەتردا شێوەیەکی ژیان هەڵبژێرن.

### خێرخوازی و کۆمەک هاوبەشی

دامەزراوە خێرخوازییەکان لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنین. ئەوان ناوەرۆکی ئەو دەستەواژەیەی سەرەوەی تۆکڤیلین. خەڵک ئارەزویەکی سروشتیان هەیە بۆ یارمەتیدانی نەداران و بۆ کردنی ئەم کارەش لەگەڵ ئەوانی تردا کۆمەڵەکان دروستدەکەن، هەر لە ژەمە خۆراک بەخشە ناوخۆییەکانەوە (ئەو ڕێکخراوە خێرخوازانە دەگرێتەوە

کە رۆژانە ژەمێک یان دوو ژەم خواردن دەدەن بە هەژاران) بۆ بازاڕی خێرخـوازی کلێسـا هــەتا دەگاتــە گروپــە دەوڵــەتی و نێودەوڵەتییــە ئاڵۆزەکانی وەک یونایتید وەی، سالڤەیشن ئارمی، پزیشکانی بێسنور و منـداڵپارێزی بـەریتانی. ئەمەریکیـەکان سـاڵانە نزیکـەی 150 بلیـۆن دۆلار لە خێرخوازیدا خەرج دەکەن.

رەخنەگرانی لیبراڵیـزم دەڵێن "تۆ دەتـەوێت پرۆگرامـە بنەڕەتییـەکانی حکومـەت لـە ناوبـەریت و هـیچ نەخەیتـە جێگـەیان." بـەڵام نەهێشـتنی پرۆگرامـە زۆرملێییـەکانی حکومـەت نابێـت وا ببینرێـت کـە هـیچ نیـە. ئەمـە ئابوورییەکـە لـە نەشونماکردندا، دەستپێشـخەری تـاک و داهێنـانی میلۆنان خەڵک و هـەزاران کۆمەڵەیـە کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجگەلی هاوبـەش دامـەزراون. ئەمـە چ جـۆرە لێکدانەیـەکی کۆمەڵایەتییـە کـە سـەیری کۆمەڵگایـەکی ئاڵۆزی وەک ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا دەکات و "هیچ" نابینێت جگە لەوەی کە حکومەت دەیکات؟

خێرخوازی رۆڵێکی گرنـگ دەبینێـت لـە کۆمەڵگایـەکی ئازاددا. بـەڵام ئەمـە وەڵامـی ئـەو پرسیارە ناداتـەوە کە ئایا چۆن کۆمەڵگایـەکی ئازاد یارمـەتی هـەژارەکان دەدات. یەکـەم وەڵامـی ئـەو پرسـیارە ئەوەیـە لـە رێگـەی زیـادکردن و بڵاوکردنـەوەی خێـراو و بـەرفراوانی سـامانەوە، ئابوورییـەکی ئـازاد بـاری هـەژاری سـەر شـانی خـەڵک سـوک دەکـات و بگـرە لـە ناویشـی دەبـات. بـە گـوێرەی پێوەرەکـانی مێـژوو، تەنانـەت خەڵکانی هەژار لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئـەوروپا زۆر دەوڵەمەنـدن. پاڵاسـە قەشـەنگەکانی ڤێرسای زێرابیـان نـەبووە؛ درەختـە پرتەقاڵـەکانی

دوەروبەری هەوڵێک بوون بۆ شاردنەوەی بۆگەنەکەی. گۆردن بیوچامپی زانکۆی میشیگن لە ئەمێریکان سکۆلەردا لە ساڵی 1995 دا دەربارەی ئەم زۆروزەبەنەییە نوسیویەتی کە بازاڕی ئازاد و تەکنەلۆجیای مۆدێرن بەرهەمیهێناوە:

فیلمێک لەسەر ژیانی ژنە ئیمپراتۆڕ ،وو هاوتا چینیەکەی کاسرینی مەزن... بە دیمەنی پەیامبەرێکی سوارە دەستپێدەکات کە بە پرتاو غار بە ئەسپەکەی دەدات بۆ گواستنەوەی سندوقێکی گرنگ بۆ پەیامبەرێکی تر کە لە وێستگەکەی ترەوە دەردەچێت بۆ ئەوەی سندوقەکە بگەیەنێتە دەست پەیامبەرێکی تر، و بەم شێوەیە بە درێژایی باکوری چیندا بەردەوام دەبێت هەتا پەکین و لە وێشەوە بۆ کۆشکی شاهانەیی. ناوەرۆکی سندوقەکە، کە بەو هەموو هەوڵەوە لە لوتکەی چیا دورەکانەوە هێنراوە، ئاشکرا دەبێت کە سەهۆڵە. سەهۆڵ بۆ ساردکردنی خواردنەوەکانی ئیمپڕاتۆر.

لەیادمە ئەوەی کە زۆر بە توندی لەبارەی ئەم دیمەنەوە هەژاندمی ئەوە بوو بۆم دەرکەوت کە من دەتوانم، هەرکاتێک و هەرچەندێک سەهۆڵم بوێت ئەوا دەستم بکەوێت تەنها بە کردنەوەی دەرگای بەفرگرەکەم. لەم رووەوە،ئاستی ماددی ژیانی من، وەک زۆر خەڵکی تریش، کەسێکی لاوی بێبایەخ و بە موچەیەکی کەم، بە روونی لە ژیانی ئیمپڕاتۆرێکی بەهێزی چینی باڵاترە...

من لە زستاندا گەرمترم (گەرمکەرەوەی ناوەندی) و لە هاوینشدا فێنکترم (ئێرکۆندێشن) بەبەراورد لەگەڵ ئەودا. خێراتر و باشتر

زانیـاری زۆرتـر و پڕمتمانـەترم دەسـتدەکەوێت لـەچاو ئـەودا. دەتـوانم بگەمە هەر جێگایەک خێراتر و ئیسراحەتتر. من (تا رادەیـەکی زۆر) لـە ئازاری کەمتردام و کاتێکی کورتتر و خزمـەتی پزیشکی باشـترم هەیە. دەتوانم باشتر دورتر ببینم (چاویلکە) و ددانی باشترم هەیە (فلۆرایـد) و پزیشـکێکی ددانـم هەیـە کـە نۆڤۆکـۆن بـەکاردێنێت. لەوانەیـە ئـەو باڵندەیەکی ئاڵتونی هەبووبێت کە گۆرانی بۆ وتبێـت -باشـە باشـە ئـەوە ئیمپڕاتـۆری بێزەنتینـی بـوو- مـن رۆزا پۆنسـێلی و ئیـزۆ پینـزا یـان بیلـی هۆڵیـدەی یـا ئێـدس پیـافم هەیـە [کـە دەتـوانین بـۆ خوێنـەری لاویـش ئـەتوانین بڵێـین یـان رۆڵـین سـتۆن یـا گرەیتفـوڵ دێـد یـان ئـالانیس مۆرریسێت] یان هەر یەکێک لە سەدان گۆرانیبێژ کە دەنگیـانم لەسـەر کتێبخانەکـەم هەیـە و دەتـوانم بـە پەنجـەنـان بـە چەنـد دوگمەیەکـدا گوێیان لێبگرم.

ئێمـە نابێـت ئـەوەمان لـە یـاد بچێـت کـە بـازاڕی ئـازاد هـەژاری گەردونی و کاری پشت شکێنەری لـە ناوبردووە. بـەڵام، بـە دڵنیاییـەوە، بە پێوەرە هاوچەرخەکان ملیۆنان ئەمەریکی لە هەژاریەکدا دەژیـن کـە زیـاتر مادیـە وەک لـەوەی لـە روی رۆحیـەوە کوشـندەبێت کـە سـیمای بێهیـوایی پێوەدیـارە. کەواتـە وەڵامـی دووەمـی پرسـیارەکە ئەوەیـە کـە دەبێت حکومەت وازبێنێت لەوەی خـەڵکی بخاتـە نـاو داوی هـەژاری و دەربازبونیشیان لێی بکاتـە کارێکی ئاستەم. بـاج و رێسـاکان ئـیش لـە ناودەبەن، بـە تایبـەتی بـۆ ئەوانـەی کـەمتر کارامـەن، هـەروەها سیسـتمی سۆشـیال (*واتــە بــەخێوکردنی کەمدەرامــەتان لەلایــەن حکومەتــەوە*)

دایکایەتی بێ هاوسەرگیریتی و پشتبەستنی درێژخایەنی لێدەکەوێتەوە. سێهەم وەڵام کۆمەک هاوبەشییە -خەڵک پێکەوە کۆدەبنەوە نەک بۆ ئەوەی یارمەتی بەدبەختان بدەن، بەڵکو بۆ ئەوەی کۆمەکی خۆیان بکەن لە کاتی تەنگانەدا. لە بەشەکانی داهاتوودا لە بارەی گەشەکردنی ئابوری، سۆشیال و خێرخوازییەوە دەدوێم، بەڵام لێرەدا دەمەوێت دەربارەی کۆمەک هاوبەشی بدوێم.

کۆمەک هاوبەشی مێژوویەکی درێژی هەیە لە خۆرئاوا، ئەمە بە هیچ شێوەیەک مانای ئەوە نیە کە تەنها لە خۆرئاوا ئەم مێژووەی هەیە. کۆمەڵە پیشەییە پێشینەکان، پێش ئەوەی کە ببن بە مۆنۆپۆڵی ئیفلیج کە هەموو قوتابیەکی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دەیزانێت، کۆمەڵەی کۆمەک هاوبەشی بوون لە هەمان پیشەدا. لە نەریتی سوسوی ئەفەریقاییدا، خەڵک بڕێکی دیاکریکراو پارەیان دەخستە دەفرێکەوە و پاش ئەوەی کە پارەکە دەگەیشتە بڕێکی دیاریکراو بە نۆرە پارەکەیان هەڵدەگرت. وەک ئەوەی کە ئابوریناسی غانایی جۆرج ئەیتی نوسیویەتی "کە سیستمی 'بەرایی' سوسو لە ئەمەریکا بەکارهێنرا، پێی وترا *کۆمەڵەی کرێدیت.*" یاخود ئەگەر لە لایەن کۆرییە-ئەمەریکییەکانەوە دابهێنرایە پێی دەوترا کێ، کە گروپێکە لە خەڵک مانگی جارێک پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ نانخواردنی ئێوارە، پێکەوەبوون، ئامۆژگاری و پارە خستنە ناو دەفرێکی هاوبەشەوە بۆ ئەوەی کە هەر مانگەی بدرێت بە یەکێک لە بەشداربووەکان.

مێژووناس جودیس م. بێنێت لە بارەی "مەی"ی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی ئینگلتەرای مۆدێرنەوە نوسیویێتی کە خەڵک پێکەوە کۆدەبوونەوە بۆ خواردنەوە و سەماکردن و یاریکردن، پارەی لە بازاڕ زیاتریان دەدا بۆ یارمەتیدانی دراوسێیەک —مەی-کڵێسا ، بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ گوندەکە؛ بوکە- مەی، بۆ ئەوەی دوو هاوسەری نوێ بخەنە سەر پێ، و مەی-کۆمەک بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی کە کەوتبوونە ژێر باری گرانەوە. بێنێت مەی وەک نمونەی ئەوەی دەبینێت کە چۆن خەڵکی ئاسایی "تەنها بەدوای 'شێوازێکی باشتر'دا نەدەگەڕان بۆ بوژانەوە، بەڵکو بۆ یەکتریش،" "دەزگایەکی کۆمەڵایەتیە کە لە ڕێگەیەوە دراوسێ و هاوڕێکان لە کاتی تەنگانە و پێویستیدا یارمەتی یەکتریان دەدا."

مەی جەختی لەسەر هاوپشتیوانی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکی ئیشکەردا دەکردەوە. هەمیشە پێویستیان بە ڕۆڵی چالاکی ئەو کەسە هەبوو کە پێوسیتی بە یارمەتییەکە بوو، و هاوکارییەکەش پشتی بەوە دەبەست کە تا چ ڕادەیەک کەسەکە شایەنی ئەو هاوکارییەیە کە بڕیاری لەسەر دەدرێت. بە پێچەوانەی خێرخوازییەوە، مەی بریتیبوو لە پەیوەندی لە نێوان کەسانی یەکساندا "بە تێکەڵکردنی سەدەقە لەگەڵ هاودەنگی و بازرگانیدا، مەیە خێرخوازییەکان ئەگەری فرەرەنگی کۆمەڵایەتی هەژاری و خێرخوازییان کەمکردەوە." هەروەها هەستێکی هاوکاری بەرابەر هەبوو لە نێوان "ئەو خەڵکانەی کە تا ڕادەیەک

پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە دەتوانن بەشداری بکەن و سود ببینن لە مەیە خێرخوازەکان لە ماوەی ژیانیاندا."

نمونەیەکی نوێتری کۆمەک هاوبەشی -کە بەسەر ئەو مێژووناسانەدا تێپەڕیوە کە لە هەژاری، خێرخوازی، و سۆشیاڵیان کۆڵیوەتەوە هەتا ئەم دواییانە، ئەویش بریتیە لە رۆڵی کۆمەڵەی برایەتی و هاوڕێیەتی*. دەیڤد گرینی ئینستیتۆی لەندەن بۆ کاروباری ئابوری باس لەو شێوازانە دەکات کە کە کرێکارە بەریتانیەکان "کۆمەڵەی هاوڕێیانە"یان دروستکردووە، کە کۆمەڵەی خۆبەڕێوەبەری سودی هاوبەش بوون. تاکەکان پەیوەندییان بە کۆمەڵەکانەوە کردووە و بەشدارییان تێدا کردوە، بەو بەڵێنەی کە یارمەتی یەکتری بدەن لە کاتی تەنگانەدا. لەبەرئەوەی کۆمەڵەی هاوبەشبوون، ئەو پارانەی وەردەگیران بۆ رۆژانەی نەخۆش، خەرجی پزیشکی، پارەی ناشتن، و پارەی دەربازبوو، "بریتی" نەبوو لە مەسەلەی خێرخوازی بەڵکو مافێک بوو کە لە رێگەی بەشداری هەمیشەیی ئەندامەکانیەوە کە دەدرا بە پارە هاوبەشەکە بەدەستهێنرا بوو، هەروەها هەمووان بەرپرسیار بوون لە ئەنجامدانی هەمان ئەرکدا بەرامبەر بە ئەندامەکانی تر."

هەندێک لە کۆمەڵەکان تەنها یانەی گەڕەکەکان بوون، بەڵام هەندێکی تریان گەشەیان کرد بۆ فیدراسیۆنی نیشتمانی کە خاوەنی

---

* Fraternal and friendly societies: ئەو کۆمەڵانە یاخود یانانە کە ئەندامەکانی وەک برا دەڕواننە یەکتر و بۆ مەبەستێکی دیاری کراو پێکەوە دەبەسترێنەوە وەک هاوکاریکردنی یەکتری لە کاتی تەنگانەدا.

سەدان هەزار ئەندام و وەبەرهێنانێکی فراوان بوون. لەساڵی 1801 دا وا خەملێندراوە کە 72000 کۆمەڵە لە بەریتانیا هەبوون کە ژمارەی ئەندامەکانیان 648،000 نێرینەی پێگەیشتوو بووە، ئەمەش لە کۆی گشتی دانیشتوانی بەریتانیا کە نۆ ملیۆن بووە. ساڵی 1911 کۆمەڵە خۆبەخشەکانی بیمە نۆ ملیۆن کەسیان هەبووە، زیاتر لە دوو لەسەر سێی ئەم ژمارەیە لە کۆمەڵگاکانی هاورێیەتیدا بوون. ئەم کۆمەڵانە ئەم جۆرە ناوانەیان هەبوو: یەکێتی مانشستەر بۆ ئۆدفیلۆس، ریزبەندی دێرینی دارەوانان، و کۆمەڵە هاوڕێیانەی کرێکارانی موحافیزکار.

کۆمەڵگا هاورێیانەکان ئامانجێکی ئابوری گرنگیان هەبوو -بۆ ئەوەی کە پێکەوە بیمەی خۆیان بکەن لە مەترسی نەخۆشی و پیری و مردن. بەڵام ئامانجی تریشیان هەبوو وەک هاوەڵێتی، کاتبەسەربردن و فراوانکردنی تۆڕی پەیوەندییەکانی کەسێک. لەمەش گرنگتر ئەوە بوو کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایانە هەستیان دەکرد کە بە هۆی بەهای هاوبەشەوە پێکەوە بەستراونەتەوە. ئامانجێکی سەرەکی بریتیبوو لە برەودان بە کاراکتەری باش. ئەوان لەوە تێگەیشتبوون کە پەرەدان بە خوی باش ئاسان نیە؛ زۆربەمان هەبوونی پشتگیرییەکی دەرەکی بۆ مەبەستە باشەکانمان بە سودمەند دەزانین. کڵێسا و پەرستگای جولەکە ئەمەیان بۆ زۆربەی خەڵک دابینکرد؛ ئەلکحولی کەسنەزان بۆ لایەنێکی تایبەتی کاراکتەری باش دابینی دەکات، بەئاگایی (*واتە کەسێک کە سەرخۆش نەبێت*). سودێکی تری کۆمەڵگا هاوڕێیانەکان بریتی بوو لەوەی کە خەڵکانی ئیشکەر توانیان ئەزمون لە بەڕێوەبەردنی

ڕێکخراودا پەیدا بکەن، ئەمەش هەلێک بوو کە ئەوان زۆر بەدەگمەن لە کۆمەڵگای لەسەر چینایەتی بەندی بەریتانی دەستیان دەکەوت.

مێژووناس دەیڤد بیتۆ لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی پێشەنگی کردووە لەسەر کۆمەڵەکانی برایەتی لە ئەمەریکا، وەک مەیسنس، ئێڵک، ئۆدفیلۆس و شۆڕەسوارانی پایسیاس. بیتۆ دەنوسێت "لە پێش داهێنانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا تەنها کڵێساکان لەبەرامبەر رکابەری کۆمەڵگاکانی برایەتی بوون وەک دابینکەری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. لە ساڵی 1920 دا نزیکەی هەژدە ملیۆن ئەمەریکی سەر بە کۆمەڵەکانی برایەتی بوون، ئەمەش دەکاتە نزیکەی لە سەدا 30 هەموو پێگەیشتووان." وتارێکی 1910 لە_گۆڤاری ئێڤریبەدیدا بەم شێوەیە رونی کردۆتەوە "پیاوانی دەوڵەمەند لە کۆمپانیا گەورەکاندا پارەی خۆیان دەخەوێنن بۆ وەدستهێنانی موڵک، پیاوانی هەژار لە یەکە برایەتییەکاندا دەیخەوێنن بۆ دابینکردنی نان و گۆشت. ئەمە بریتیە لە هەبوونی زەمانەت لە بەرامبەر پێویستی، لانەوازان، خێرخوازی و رسوابوون." تێبینی ئەو بێزهاتنەوەیە بکە لە خێرخوازی: خەڵک پەیوەندیان کرد بە کۆمەڵەکانی برایەتییەوە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی بەرابەرانە بتوانن پێویستیەکانی خۆیان دابینبکەن لە کاتی تەنگانەدا و ناچارنەبن کەرامەتیان بڕوشێت بە وەرگرتنی خێر لەوانی تر.

چەندین کۆمەڵەی برایەتی لە لایەن کۆچبەرانەوە دروستکرابوون، وەک کۆمەڵەی نەتەوەیی سلۆڤاکی، یەکێتی برایەتی کرواتی، هەڵۆ

پۆڵنیـەکانی ئەمـەریکا، و کۆمەڵـە یـەکگرتوەکانی ویلاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا بـۆ روسیـە سلۆڤاکەکان. کۆمەڵـە جولەکـەکان ئەمانـە بـوون: ئەڵقــەی ئاربیتــەر (بازنــەی کرێکــاران)، بــەرەی ئەمــەریکی-هیبــرو، ئەنجومـەنی نیشـتمانی ژنـانی جولەکـە، کۆمەڵـەی یارمـەتی پەنابـەرانی هیبرو، و زۆری تر. لە ساڵی 1918دا گـەورەترین کۆمەڵـەکانی چیکی-ئەمەریکی زیاتر لە 150 هەزار ئەندامیان هەبوو. شاری سپرینگ فیڵد لە ویلایەتی ئیلـەنۆی (لـە ئەمـەریکا) کـە کـۆی ژمـارەی 3000 کەسـی ئیتاڵی لێدەژیا لە ساڵی 1910دا، دەرزەنێک کۆمەڵەی ئیتالی تێدا بوو.

لــە لێکۆڵینــەوە گرنگەکەیــدا دۆشــدامانێکی ئەمــەریکی لــە ســاڵی 1944دا، ئابوریناسـی سـویدی گونـەر میـرداڵ ئـەوەی خسـتەروو کـە ئەفەریقاییە-ئەمەریکییەکان (*واتە رەش پێستەکانی ئەمـەریکا*) ی سـەر بە چینە جیاوازەکان، ئەگەری زیاتریان هەیـە لـە کەسانی سپی پێست بـۆ ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بکـەن بـە کۆمەڵـەکانی برایەتییـەوە، وەک پـرینس هـۆڵ مەیسـنس، چاکسازە راستـەقینەکان، یـەکێتی ریزبەنـدی مەزن بۆ ماسیگرانی گالیلی، و نمونەی هاوشێوەی ئیڵـک، ئۆد فیلـۆوس، و شۆڕەسـوارانی پایسیاس. میـرداڵ وای خەمڵانـدبوو کـە چـوار هـەزار کۆمەڵـە لـە لایـەن 275 هـەزار رەش پێسـتی دانیشـتوی شـیکاگۆوە پێکهێنرابـوون. لـە سـاڵی 1910 دا کۆمـەڵناس هـاوارد و. ئـۆدەم وای خەملاندبوو کە لە باشوری ئەمەریکادا "کۆی گشتی ژمارەی کۆمەڵـەی قولەرەشـەکان، بـە پـارە و بـە خـۆڕایی، بـە نزیکـەیی یەکسانە بـە کـۆی ئەنـدامێتی کڵێسـا." بـە پێـی هاوارد کۆمەڵـە برایەتیـەکان بریتییبـوون لـە

"بەشـێکی گرنـگ بـوو لـە ژیـانی چڤـاکی" رەشپێسـت "زۆرجـاریش سەنتەری".

هــەروەک لــە کۆمەڵــەکانی بــەریتانیادا، کۆمەڵــەکانی برایــەتی ئەمــەریکاش جــەختیان لەســەر پــەیڕەوێکی رەفتــار دەکــردەوە و بەرپرسیارێتی هاوبەشی هەر ئەندامێک بەرامبەر بە ئەندامەکانی تر. فراتێرنـەڵ مۆنیتـەر، قسـەکەری سـەرەکی بزوتنـەوەی برایـەتی، بـەم شـێوەیە وەسـفی دەکـات "برایەتیگـەرایی گرنگیـەکی زۆر دەدات بـەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بە یارمەتیدانی خود و ئازادی تاکەکەس و پاراستنی مافەکانی تاکەکەسەوە هەیە لەلایەن خەڵکەوە بەگشتی تا ئەو رادەیەی ئەو مافانە دەستوەرنادەنە مافەکانی ئەوانی ترەوە."

بەشـی جۆرجیـای لـە پـرینس هـۆڵی مەیسـنس نمونـەیی بـوو لـە رێگەگرتن لە شـوێنەکانی حەوانـەوە لە"وەرگرتن یاخود هێشتنەوەی... هـەر پیاوێـک کـە دەمـی پـیس بێـت، ئافرەتبـازێکی بـەناوبانگ بێـت، مەشروبخۆرێکی بـەرباد بێت، یـان هـەر کەسێک کـە تۆماتباربێـت بـە ئەنجامدانی هەر تاوانێکی ئەخلاقی دزێو." مێژوونـاس دۆن هـی. دۆیـڵ، لە ریزبەندی کۆمەڵایەتی فرەنتیەر کۆمیونیتی، ئەوەی بۆ دەرکەوتوە کە شـارۆچکەی بچـوکی جاکسـنڤیڵ، ئیلـەنۆی، "دەرزەنێـک... شـوێنی حەوانـەوەی برایـەتی، کۆمەڵـەی چاکسـازی، یانـەی خوێنـدەواری و کۆمپانیای ئاگرکوژانەوەیان" هەبووە و شوێنەکانی حەوانەوە "دیسپلینێکی فراوانی ئاکاریان" سەپاندوە "کە کاریگەری هەبووە لەسەر هەڵسوکەوتی

شەخسی بە گشتی و لەسەر مەزاج بە تایبەتی، ئەمانەش بەشێوەیەکی نزیک بەستراونەتەوە بە کێشەی زۆر گرنگی بەدەستهێنانی کرێدیتەوە."

هاوەڵێتی و هاوپشتیوانی ئەندامەکانی ساردکربووەوە لە داواکردنی سود بە بێ هەبوونی هۆکارێکی باش بۆی، بەڵام کۆمەڵەکانیش یاسا و رێسای خۆیان هەبوو بۆ دڵنیاکردن لەوەی کە ئەندامەکان پابەند دەبن پێیانەوە. رێساکانی فیدراسیۆنی مەیلسۆشیالیستی کرێکاری کانەخەڵوزی خۆرئاوایی ئەوەیان رەتکردەوە کە بیمە بدەن بە ئەندامەکانیان لە کاتی " نەخۆشی یان کارەساتیکدا کە بەهۆی زیادەڕۆیی، بێئاگایی یاخود هەڵسوکەوتی بێئەخلاقیەوە کەوتبێتەوە." ریزبەندی کرێکارانی جیهانی پێدانی بیمەی کەمئەندامبوونی ئەو کەسانەی رەتکردەوە کە بەهۆی نەخۆشی سێکسی، کحول، مادده هۆشبەرەکانەوە  کەمئەندامبوون. شوێنحەوانەوەی سۆجۆرنەی ماڵی رەس، گەورەترین رێکخراوی خۆبەخشی ژنانی رەشپێست لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، داوای لە ئەندامەکانی دەکرد کە بڕوانامەیەکی باوەڕپێکراوی پزیشکی لەلایەن پزیشکێکەوە بهێنێن بۆ وەرگرتنی بیمەی نەخۆشی و هەروەها لیژنەیەکیشیان هەبوو لەسەر نەخۆشی بۆ پشتگیری و لێکۆڵینەوە لە ئەندامە نەخۆشەکان.

کۆمەڵەکانی برایەتی شانازییەکی زۆریان  بەوەوە دەکرد کە پەیڕەوی خاسیەتی ئاکارباشی و کۆمەک هاوبەشی دەکەن. وەک بیتۆ تێبینی کردوە، پەیڕەوی شۆڕەسوارانی رەشپێستی پایسیاس وای راگەیاندبوو کە "نەخۆش لە نێو براکانماندا جێناهێڵرێت بۆ دەستی ساردی خێری

گشتی؛ ئەوان سەردان دەکرێن و داواکانیان دابین دەکرێت لە ڕێگەی ئەو پارەیەوە کە خۆیان بەشداریان کردوە لە کۆکردنەوەی دا و لە کاتی پێویستدا بە سەربەرزیەوە دەتوانن وەریبگرن بە بێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری بکەن لە داواکردنی."

هەروەها کۆمەڵەکانی برایەتی یارمەتی خەڵکیان دابوو بۆ ئەوەی کە خۆبگونجێنن لەگەڵ جێگۆڕکێی هەڵکشاوی کۆمەڵگا. هەندێک لە کۆمەڵە بەریتانیە فرە لقەکان شوێنی مانەوەیان بۆ ئەو ئەندامانە دابیندەکرد کە دەچون بۆ شارێکی تر بۆ گەڕان بەداوای کاردا. دۆیل ئەوەی بۆ دەرکەوتوە کە "بۆ ئەندامە موسافیرەکە، کارتێکی گوێزانەوە لە ئۆد فێلۆسەوە یان مەیسنس لەوە زیاتر بوو کە بلیتێکی دووبارە چوونەوەناوەوە بێت بۆ شوێنێکی تری حەوانەوە. ئەمە هەروەها بڕوانامەیەکی گوازراوە بووە بۆ ئەو پێگە و ناوبانگەی کە ئەو کەسە لە جڤاکەکەی پێشوویدا پێکیەوەنابوو، و ئەمە ڕێگەی پێدەدا بۆ ئەوەی بتوانێت تۆڕە نوێکانی بزنس و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەکاربهێنێت."

ڕەخنەگران زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چارەسەری لیبراڵی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر سەمەرەن. "تۆڕی دڵنیایی حکومەت لە ناوبەرە و تەنها هیوابخوازە کە کڵێساکان، ڕێکخراوە خێرخوازییەکان، و گروپەکانی کۆمەک هاوبەشی بۆشاییەکە پڕبکەنەوە؟" وەڵامەکە دوو دیوە. بەڵێ، ئەم گروپانە دێنە مەیدان؛ هەمیشەش هاتوون. بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە هەبوونی تۆڕی دڵنیایی حکومەت و ئەو

باجە زۆرەی کە ئەم تۆڕەی راگرتووە ئەم هەولانەی بچوککردۆتەوە. ئەو شێوانەی کە کۆمەک هاوبەشی لەخۆیدەگرێت بێشومارن، هەر لە گروپی یاری و یانەی نانخواردنی ئێوارەوە هەتا دەگاتە کۆمەڵەکانی بازرگانی و چاودێری تاوانی گەڕەکەکان. ژمارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە نەک لەبەر ئەوەی کە ژنان چونەتە هێزی کارەوە یان لەبەر ئەوەی تەلەفزیۆن کاتی زیادەی خەڵکی دەگرێت، بەڵکو لەبەر فروانبوونی حکومەت.

### حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی

پاراستنی مافەکانی تاکەکەس لە لایەن حکومەتەوە زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی ئەو زەمینەیەی کە تیایدا خەڵک بە شێوەیەکی خۆویستانە لە تەک ئەوانی تردا دەتوانن هەوڵی بەدەستهێنانی ئارەزووە زۆر و جیاوازەکانیان بدەن. کاتێکیش کە ئەرکەکانی حکومەت لەمە تێپەڕدەکات، ئەوا حکومەت دەستدەخاتە ناو کاروباری کۆمەڵگای مەدەنیەوە. وەک ئابوریناسەکان دەڵێن قەرزکردنی حکومەت "شوێن لەق دەکات" بە قەرزکردنی تایبەت، چالاکی حکومەت لە هەر بوارێکدا بێت "شوێن لەق دەکات بە" چالاکیە تایبەتەکان (بە چالاکیە بازرگانیەکانیشەوە).

هەر لە سەردەمی پێشکەوتنخوازیەوە (سەردەمێکە لە دوایین دەیەی سەدەی نۆزدە و دوو دەیەی سەدەی بیستدا هاتەبوون کە بە سیاسەتیکاری پێشکەوتنخوازی ناسراوە)، دەوڵەت زیاتر و زیاتر چڤاکە

سروشتیەکان و دەزگا ناوبژیوانەکانی لە ئەمەریکا هەڵوەشاندۆتەوە. قوتابخانە گشتیەکان جێگەی قوتابخانە تایبەتیەکانی چڤاکەکانیان گرتۆتەوە. قوتابخانەی ناوچەیی گەورە و دوردەست و زەحمەت بەڕێوەبراو جێگەی ناوچە بچوکەکانیان گرتۆتەوە. بیمەی کۆمەڵایەتی (سۆشیەڵ سێکیوریتی) نەک تەنها ئەو پێویستییەی لە ناوبرد کە کەسێک بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ خانەنشینبوون هەیبوو بەڵکو پەیوەندیە خێزانیەکانیشی لاوازکردوە لە ڕێگەی لاوازکردنی پشتبەستنی باوانەوە بە وەچەکانیان. یاسای دابەشکردن بەسەر کەرتەکاندا هەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاوی بەرتەسک کردۆتەوە، ئەو هەلانەی سنوردار کردوە کە خێزانی خزمە نزیکەکان هەیانبوو بۆ پێکەوەژیان، و دوکانەکانی گەڕەکی لە ناوچەکانی نیشتەجێبووندا نەهێشتووە، بەمەش تێکەڵبوونی جڤاکەکانی کەمکردۆتەوە. ڕێساکانی باخچەی ساوایان باخچەی ساوایانی ماڵەوەی سنوردارکردوە. لە ڕێگەی سەرجەم ئەمانەوە دەوڵەت تەنگی بە کۆمەڵگای مەدەنی هەڵچنیوە.

ئایا جڤاکەکان چیان بەسەر دێت کاتێک کە دەوڵەت فراوان دەبێت؟ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەرپرسیارێتیەکانی تاکەکەس و جڤاکەکان دەگرێتە ئەستۆ و لەم پرۆسەیەشدا زۆربەی ئەو شتانە لەناودەبات کە خۆشی دەبەخشن بە ژیان: ئەگەر وا بڕیاربێت کە دەوڵەت هەژاران بەخێو بکات، ئەوا خێرخوازییە ناوخۆییەکان پێویست نین. ئەگەر بیرۆکراتیەتێکی ناوەندی لە ناوجەرگەی شارەوە

قوتابخانەکان بەڕێوەبەرێت، ئەوا کۆمەڵەکانی باوان کەمتر پێویست دەبن. ئەگەر ئاژانسەکانی حکومەت سەنتەری جڤاکەکان بەڕێوەبەرن، وانەی سێکس بە مندالان بڵێنەوە و ئاگاداری بەساڵاچوان بکەن، ئەوا وا دیارە کۆمەڵەی خێزان و گەڕەکەکان کەمتر پێوست دەبن.

**لە خێرخوازی و کۆمەک هاوبەشیەوە بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی**

خێرخوازی و کۆمەک هاوبەشی بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن دەوڵەتەوە تەنگیان پێهەڵچنراوە. جودیس بینێت تێبینی ئەوە دەکات کە لە سەدەی 13 هەمەوە "دەسەڵاتدارە ئاینی و پادشاییەکان بڕیاری لە ناوبردنی مەیە سکۆتلەندییەکانیان داوە." لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئەم دژایەتکردنە زیاتر جدی بووەوە، ئەمەش بە هۆی هەڵمەتی گشتی لە دژی کەلتوری باو، هەنگاوێک بەرەو کۆنترۆڵکردنێکی ناوەندی زیاتری خێرخوازی، و گەشەسەندنی کۆمەکی هەژاران لە پارەی باج. لە کاتی گفتۆکردنەکەی سەرەوەدا دەربارەی کۆمەڵە برایەتیەکان، لەوانەیە خوێنەر بپرسێت: ئەگەر ئەوەندە مەزن بوون، ئێستا لەکوێن؟ بەدڵنیاییەوە زۆربەیان تائێستاش هەر لە مەیداندان، بەڵام ئەندامی کەمتریان هەیە و پێگەیەکی کەمتریان هەیە لە کۆمەڵگادا، ئەمەش لانی کەم بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەت ئەرکەکانیانی گرتۆتە ئەستۆ. دەیڤد گرین دەنوسێت، "لە کاتی لوتکەی گەشەسەندنیاندا بوو کاتێک لە ڕێگەی ناساندنی بیمەی گشتی بەزۆری [تەندروستیەوە] دەوڵەت دەستیوەردا و کۆمەڵە هاورێیانەکانی گۆڕی." ئەرکی سەرەکیان

بەنیشـتیمانیکرا و بەمــەش  کۆمەڵــەکان پوکانــەوە. بیتـۆ ئـەوەی بـۆ دەرکەوت کە بیمـەی برایـەتی ئەمـەریکا ئیفلیجکرا لـە ریگـەی یاسـای بەخشینی مۆڵەتی پزیشکیەوە  کە بوە مایەی لاوازکردنی کاری شوێنی حەوانەوەکان، ئەویش لە ریگەی قەدەغەکردنی هەنـدێک لـە شێوەکانی بیمە و لەریگەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیەوە.

کاتێک کە دەوڵەت و حکومـەتی فیـدڕاڵی قەرەبوودانـەوەی کرێکار و موچـەی دایکـان و بیمـەی کۆمەڵایـەتیان خولْقانـد، پێویسـتی هـەبوونی کۆمەڵــەکانی کۆمــەک هاوبەشــی رەوینــەوە. لەوانەیــە هەنــدێک لــە کاریگەرییـەکان ئەنقەسـت نـەبووبن، بـەڵام سـەرۆک تیـۆدۆر رۆزڤێڵـت نارِەزامەندبوو دەربارەی کۆمەڵە برایەتیەکانی پەنابـەران و وتـی "خـەڵکی ئەمـەریکا دەبێـت خۆیـان ئـەم شـتانە بـۆ پەنابـەران بکـەن." تەنانـەت مێژوناس مایکڵ کاتز، یـەکێک لـە پشتیوانانی دەوڵـەتی خۆشگوزەرانی، دانبــەوەدا دەنێــت کــە دەستپێشــخەرییەکانی خۆشــگوزەرانی فیــدراڵی "لەوانەیـە تۆڕەکـانی پشـتیوانی نـاو شـارەکانی لاوازکردبێـت و ئـەزمونی هەژاری گۆڕیبێت و بووبێتە هۆی پەرەپێدانی بێلانەیی."

حکومــەت تــا ئێســتاش تــەنگ بــە دامــەزراوەکانی خێرخــوازی هەڵــدەچنێت. رێکخــراوی سالڤەیشــن ئــارمی 20 شــوێنی داڵــدەدانی بێلانەکان بەرِێوەدەبات لـە دیترۆیتدا، بـەڵام لـە ساڵی 1995دا شاری دیترۆیـت یاسـایەکی دەرکـرد بـۆ مۆڵـەت پێـدان و رێنمـایی کردنـی شــوێنەکانی داڵــدەدانی بێلانــەکان. یاســاکە دەخوازێــت کــە هــەموو فەرمانبەرەکان دەبێت راهێنراوبن، هەموو خواردنـەکان دەبێت لەلایـەن

شارەزایەکی ڕێگەپێدراوی خواردەمەنیەوە پەسەند کرابن، هەموو دەرمانەکان دەبێت لە شوێنێکی کێلوندراودا هەڵگیرابن، شوێنەکە جەخت بکاتەوە لەسەر تەمەنی هەموو ئەوانەی لەوێن و جەخت لەوەش بکاتەوە کە منداڵان دەچنە قوتابخانە. ئەمانە هەمووی بیرۆکەی باشن- بەڵام فەرمانبەرانی ساڵڤەیشن ئارمی بەرپرس لە شوێنەکانی داڵدەدان دەڵێن "هەموو ئەم داواکاریانە پێویستیان بە پارە هەیە و بودجەی ئێمەش ڕۆژی 10 دۆلارە بۆ هەر کەسێک." چی ڕوودەدات؟ هەندێک لە شوێنەکانی داڵدەدان لەوانەیە دابخرێن و یان ئەوەتا بێلانەکان دەچنە بینا چۆڵەکان و لە سندوقدا دەژین یان ئەوەتا فشارێکی زیاتر دەخرێتە سەر دیترۆیت بۆ ئەوەی کە شوێنی داڵدەدانی زیاتر دروستبکات کە لەلایەن شارەوانیەوە بەڕێوەدەبرێن. بەمەش خۆبەخشەکانی ساڵڤەیشن ئارمی هەلێکی تر لەدەست دەدەن بۆ یارمەتیدان.

بیرۆکراتەکانی ویلایەتی تەکساس داوا دەکەن لە پرۆگرامێکی سەرکەوتوی چارەسەری مادەهۆشبەرەکان کە پێی دەوترێت بارگرانی هەرزەکار کە بەپێی ڕێساکانی دەوڵەت بجوڵێنەوە لە هەڵگرتنی زانیاریدا، ڕێنماییەکانی پاراستنی شوێنەکانی داڵدەدان، و بەتایبەتیش بەکارهێنانی ڕاوێژکاری مۆڵەتپێدراو لە جیاتی ئەو پرۆگرامانەی کە بنەمایەکی ئاینیان هەیە، کە زۆرجار ئەو کەسانەی کە پێشتر مەشروبخۆر بوون یان موعتادبوون و ئێستا وازیانهێناوە. بارگرانی هەرزەکار یارمەتی لە حکومەتەوە وەرناگرێت و لێکۆڵینەوەیەکی

وەزارەتی تەندروستی و خزمەتگوزاری مرۆیی بۆی دەرکەوت کە باشترین و هەرزانترین پرۆگرامی چارەسەری مادەبێهۆشکەرەکانە. بەڵام لە ساڵی 1995دا ویلایەتی تەکساس داوای لە پرۆگرامی باشوری تەکساس کرد کە شوێنەکەی دابخات یا ئەوەتا دەبێت رۆژی چوار هەزار دۆلار غەرامە بدات. بارگرانی هەرزەکار بیرۆکراتەنی راپێچی دادگا کرد، بەمەش لانی کەم بەشێک لە کات و پارە کەمی خۆیان تەرخانکرد بۆ خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی مانەوە.

ئایا ئەو نرخەی کە کۆمەڵگا دەیدات چەندە ئەگەر حکومەت زیاتر و زیاتر دەست بەسەر ئەو ئەرکانەدا بگرێت کە پێشتر تاکەکەس و جڤاکەکان ئەنجامیاندەدان؟ تۆکڤێڵ لەوە ئاگاداری کردینەوە کە رەنگە روبدات: پاش ئەوەی کە دەسەڵاتی باڵا بە سەرکەوتویی هەر یەکێک لە ئەندامانی جڤاک دەخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و بە ئارەزوی خۆی سازیان دەکات، ئەو کاتە هەڵدەستێت بە باڵکێشان بەسەر هەموو جڤاکەکەدا. روکاری کۆمەڵگا بە تۆڕێک لە یاسای ئاڵۆزی بچوک و ورد، وردیلە و هاوتا، دادەپۆشێت و لە ئەنجامدا داهێنەرترینی مێشکەکان و چالاکترین کاراکتەرەکان ناتوانن پێیدا تێپەڕببن تاوەکو لە حەشامات باڵاتربن. ئیرادەی مرۆڤ لەناونابرێت بەڵام نەرمدەکرێت، دەچەمێنرێتەوە، و ریبەری دەکرێت: ئەمە بەدەگمەن زۆر لە مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی رەفتار بکات، بەڵام بە بەردەوامی سنوردادەنرێت بۆ رەفتارەکانی. دەسەڵاتی لەم جۆرە وێرانکەر نیە، بەڵام رێگە لە هەبوون دەگرێت. ستەمکاری بەرهەم ناهێنێت، بەڵام خەڵک دەپەستێنێت و

لاوازیـان دەکـات و لـەوزەیان دەخـات و گـەمژەیان دەکـات، تـا ئـەو رادەیەی نەتەوە هیچی نامێنێتەوە جگە لە مێگەلێک لە ئاژەڵی دەستەمۆ و لەقتونراو کە حکومەت شوانەکەیانە.

وەک چـارڵس مـورەی دەنوسـێت "کاتێـک حکومـەت کـە ئـەرکێکی بنـەڕەتی جڤاکـەکان دەسـەنێتەوە، نـەک تـەنها سـەرچاوەی ئـەو ژیانـە وشک دەکات کە تایبەتە بە ئەرکێکی دیاریکراو بەڵکو ژیانی خێزانێکی گـەورەتری کاردانـەوەکانی وشـک دەکـات. هەڵوێسـتەی "لێگـەڕێ بـا حکومەت بیکات" دەبێتە خوو.

لە کتێبەکەیدا بە ناوی لە گەڕاندا بـەدوای بەختـەوەری و حکومـەتی باشـدا، چـارڵس مـورەی هەنـدێک بەڵگـەی پیشـانداوە کـە لـە راسـتیدا پشتبەستن بە حکومـەت جێگـەی کرداری تایبـەتی دەگرێتـەوە. مـورەی ئەوەی دۆزیوەتەوە کە لە ساڵی 1940کانەوە تا 1964 رێژەی سـەدی داهاتی ئەمەریکیەکان کە دەدرا بە کارە خێرخوازییەکان زیادی کـردوە -وەک پێشبینیمان دەکـرد لـەو ماوەیـەدا داهـاتی خـەڵکی لـە زیادبووندا بوو و بۆیە هەستیان دەکرد کە دەتـوان شـتێکی زیـاتر بکـەن بـۆ ئـەوانی تر. "پاشان، بە شێوەیەکی کتوپڕ، لـە دەوروبـەری 1964-1965 دا لـە ناوەڕاسـتی بوژانەوەیـەکی ئابوریـدا، ئـەم ئاڕاسـتە بەردەوامـە پێچەوانـە بـووەوە." لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە داهـاتی تاکەکـەس لـە زیادبوونـدا بـوو، (گــەورەترین هێوربوونــەوەی ئــابوری هــەتا نزیکــەی ســاڵی 1973 روونـەدا). رێـژەی سـەدی ئـەو داهاتـەی کـە دەدرا بـە خێرخـوازی کەمیکرد.

پاشــان لــە 1981دا لــە کــاتی سســتبوونی ئابوریــدا (ریسێشــن) ئاراســتەکە لــە پڕێکــدا خــۆی پێچەوانــە کــردەوە و کۆمــەککردن وەک رێژەی سـەدی داهات بـە شێوەیەکی بـەرچاو بـەرزبووەوە. چـی رویـدا؟ مـورەی پێشـنیازی ئـەوە دەکـات کـە کۆمـەڵگای مـەزن لـە سـاڵانی 1964-1965 دا دەسـتی پێکـرد، لەگـەڵ بانگەوازەکـەی سـەرۆک لیندن جۆنسندا بۆ ئەوەی کە حکومەتی فیدراڵی جەنگێک بەرپا دەکات لــە دژی هــەژاری، لەوانەیــە خــەڵک وایــان هەســت کردبێــت بەشداریيەکانیان چیتر هێندەی جاران پێویست نین. پاشان لەساڵی 1981دا رۆناڵد رەیگن بوو بە سەرۆک و پەیمانیدا کە خەرجیەکانی حکومەت کەمبکاتەوە؛ لەوانەیە ئەو کاتە خەڵک وایان هەست کردبێت کە حکومەت یارمەتی هەژاران نادات کەواتە ئەمان پێویستە بیدەن.

### دروستکردنی کاراکتەر

حکومەتی فراوانخواز لە دامەزراوە و هاوکاریيە خێرخوازییەکان زیاتر وێرانکاری دەکات. هەروەها ئەو کاراکتەرە ئاکاریەش وێران دەکات کە پێویستە بـۆ کۆمـەڵگای مـەدەنی و ئـازادی لـە سایەی یاسادا. "بـەها بۆرژوازیــەکانی" کــار، دەســتپێوەگرتن، جــدیبوون، دڵســۆزی، پشتبەخۆبەستن و گوێدانە ناوبانگی خود، هەموو ئەمانە گەشـەیان کـرد و بەرگـەیانگرت لەبـەر ئـەوەی ئـەو بەهایانە پێوستن بـۆ پێشکەوتن لـە جیهانێکـدا کـە خـۆراک و پەناگـە پێویسـتە بەرهـەمبهێنرێن و خـەڵکی بەرپرسـن لـە بوژانـەوی خۆیـان. حکومـەت ناتوانێـت ئـەم ئاکارانـە لـە

خەڵکدا بچەسپێنێت بەڵام دەتوانێت زۆر شت بکات بۆ وێرانکردنیان. وەک دەیڤد فروم لە مافە مردووەکاندا دەنوسێت:

بۆچی دەست بە پارەوە بگریت کاتێک کە سەرەڕای ئەوەی چەند پارەت لە گەنجێتیدا بە فیڕۆدابێت ئەوا هەر پارەی خزمەتگوزاری پیری و تەندروستیت بۆ دەدەن؟ بۆچی جدی بیت کاتێک کە دەوڵەت زەمانەتی ئەو بڕە پارەیەت دەکات کە لە بانکەکاندا داتناوە، ئەو خانوەت بۆ چاکدەکاتەوە کە لافاو بردویەتی، هەموو ئەو گەنمەت لێدەکڕێت کە دەیچێنیت و کاتێکیش کە دەکەویتە شەڕگەیەکی بیانیەوە ئەوا رزگارت دەکات؟ بۆچی ئیشکەرێکی باش و جدی بیت کاتێک کە نیوەی ئەو پارەیەی کە پەیدای دەکەیت لێتدەستێنن و دەیدەنە ئەوانەی کە ئیش ناکەن؟ بۆچی بەئاگا بیت کاتێک کە ئەو کلینیکانەی بە پارەی باج بەڕێوە دەچن ئامادەن چاکت بکەنەوە لە خوی دەرمانخواردنت پاش ئەوەی کە بێتاقەت دەبیت لێی؟

فروم کاریگەری حکومەت لەسەر کاراکتەری تاکەکەس بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە کە بریتیە لە "قوتارکردنی تاکەکەس لەو کۆتوبەندانەی کە لە لایەن کەمی سەرچاوە دروستبوون، یان ترسی ئاینی، یان دانپێدانەنانی چڤاک یان مەترسی نەخۆشی و کارەساتی شەخسی." ئێستا لەوانەیە وای مەزەندە بکەیت کە ئامانجی سەرەکی لیبرالیزم بریتییە لە قوتارکردنی تاکەکەس و لە راستیشدا ئەمە وایە- بەڵام قوتارکردنی تاکەکەس لە کۆتوبەندی دروستکراو و زۆرەملێی لەسەر کردارەکانی.

لیبرالیستەکان هەرگیز نەیانوتووە کە دەبێت خەڵک لە واقیعی جیهان "قوتاربکرێن"، هەروەها لە وابەستەیبوون بە دابینکردنی خەرجیەکانی خۆدی خۆیان و بەرپرسیاربوون بەرامبەر بەرئەنجامی کردارەکانیان. وەک مەسەلەیەکی ئاکاری، تاکەکەس دەبێت ئازاد بێت لە بڕیارداندا و هەر بە پێی هەڵبژاردەکانی خۆشی سەربکەوێت یاخود شکست بێنێت. وەک مەسەلەیەکی پراکتیکی، وەک فروم دەستنیشانیکردوە، کاتێک کە ئێمە خەڵک دەپارێزین لە بەرەنجامی کردارەکانیان ئەوا کۆمەڵگایەکمان دەست دەکەوێت کە بە دەستپێوەگرتن، ئیشکردن بە جدیبوون و پشتبەخۆبەستن و وریای ناناسرێتەوە بەڵکو بە بەفیرۆدان، زیادرەوی، تەمەڵی، پشت بەوانی تر بەستن و بێباک لە بەرئەنجامەکان دەناسرێتەوە.

## بەشی چوارەم
## یاسا و دەستور

ئەو بابەتەی کە بە توندی بەستراوەتەوە بە مەسەلەکانی مەودای دەوڵەتەوە بریتیە لە پرەنسیپی دێرینی لیبرالیەت: دەسەڵاتی یاسا. ئەم پرەنسیپە، لە سادەترین شێوەیدا، بەو مانایە دێت کە دەبێت ئێمە بەو یاسایانە ببرێین بەڕێوە کە بە شێوەیەکی گشتی شیاون، نەک بە بڕیارگەلی هەڕەمەکیانەی دەسەڵاتداران. هەروەکو "***بیل ئۆف رایتس***"ی **ویلایەتی ماسەچوسێت** لە ساڵی 1780 دا نووسیویێتی، "حوکمەتی یاسا، نەک حکومەتی پیاوان."

فرێدریک هایاک لە پەرتوکی "پێکهاتەی ئازادیی The Constitution of Liberty"دا، بە وردی باس لە دەسەڵاتی یاسا دەکات. ئەو سێ لایەنی ئەو پرەنسیپە دەستنیشان دەکات: یەکەم، دەبێت یاساکان گشتی و موجەرەد بن، نەک مەبەست لێیان سەپاندنی رەفتاری دیاریکراوبێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە؛ دووەم، دەبێت زنراو و سەنگین بن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان پێشوەخت بزانن رەفتاریان لەگەڵ

یاسـادا تەبایـە؛ و سـێیەم، دەبێـت بـە یەکسـانی بەسـەر هەمووانـدا پیادەبکرێن.

ئەم پرەنسیپانە دەرکەوتەی گرنگیان هەیە، لەوانە:

- پێویسـتە یاسـاکان بەسـەر هـەموو کەسـێکدا پیـادە بکـرێن، بـە فەرمانڕەوایانیشەوە.

- هیچ کەسێک لەسەروو یاساوە نییە.

- بۆ مسۆگەرکردنی ئەمەش، دەبێت دەسەڵات دابەش بکرێت.

- دەبێت یاساکان لایەنێک دایانبڕێژێت و لایەنێکی دیکە بەڕێوەیان ببات.

- بـوونی دەسـەڵاتێکی دادوەری سـەربەخۆ پێویسـتە بـۆ دڵنیـابوون لەوەی یاساکان بە یەکسانی بەڕێوە دەبرێن.

- پێویستە ئەو کەسانەی کە یاسا بەڕێوەدەبەن کەمترین دەستەڵات و مافی ئەوەیان هەبێت بە گویرەی هەڵسەنگاندنی خۆیان بڕیار بدەن چونکە هـەبوونی ئـەم دەسـەڵاتە ئـەو شـەڕانگێزیەیە کە کە دەسـەڵاتی یاسا مەبەستیەتی خۆی لێلابدات.

**یاسای داڕێژراو لەلایەن دادوەرەوە:**

لـە زمـانی هاوچەرخمانـدا ناڕوونییـەک هەیـە لـەبارەی مانـای وشـەی "یاسا"وە. ئێمە بە جۆرێک بیر لە یاسا دەکەینەوە کە شتێک بێ لەلایـەن **پەرلـەمان** یـان لەلایــەن دەسـتەی یاسـادارێژەرانی ویلایەتەکانــەوە نووسرابێت. بـەڵام لـە راستیدا یاسا لـە هـەموو دەستەیەکی یاسادانان

کۆنترە. وەک هایاک دەڵێت "تەنها پەیڕەوکردنی ڕێسا باوەکان دەبێتە مایەی ئەوەی کە بە ئاشتی ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگادا شیاو بێت." ئەو ڕێسایانەش بریتین لە یاسا، کە لە بنچینەدا لە تویێ پرۆسەی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانەوە گەشەیان کردووە. یاساکان پێشوەخت لەلایەن یاسابەخش یان دەستەیەکی یاسادانانەوە دانەڕێژراون؛ لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی هەر یەکێک لە ناکۆکییەکان، ئەو یاسایانە یەک لەدوای یەک کەڵەکەبوون. هەموو بڕیارێکی نوێ بووەتە هۆی دەستنیشانکردنی ئەو مافانەی خەڵکی هەیانبووە، بەتایبەتی ئەو مافانەی پەیوەندیان هەبووە بە چۆنێتی بەکارهێنانی موڵکەکانیان و چۆنێتی لێکدانەوە و سەپاندنی گرێبەستەکان.

پەرەسەندنی یاسا بەم شێوازە پێش مێژووی تۆمارکراو دەستی پێکردووە، بەڵام زیاتر لە شێوەی **یاسای رۆمانی** دا ناسراوە، بەتایبەتیش 'پێڕەوی جەستینیەن' (یان **کۆرپەس جوریس سیڤلیس**- کۆمەڵەی یاسادانانی ڕۆمانی)، کە تا ئێستاش بناغەی **یاساکانی ئەوروپا** و **یاسای کۆمۆنی ئینگلیزیە**، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆلۆنیە کۆنەکانی دیکەی بەریتانیا بەردەوامیان بە پەرەسەندنی داوە. زۆرکات بە کۆکردنەوەی یاسا، بۆ نمونە ***کۆیاسای بازرگانی یەکتایی***، گوزارشتێکە لە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوە و دانانی هەموو بڕیارەکان لە یەک شوێندا، کە دادوەران و خەڵکانی یاسایی لە چەندین کێشەدا داویانە و هەروەها مەرجگەلی گرێبەستەکان لە بوارە پەرەسەندووەکانی ئابووریدا. پەیمانگای یاسای ئەمەریکایی، کە ڕێکخراوێکی تایبەتە، بەردەوام

پێداچوونـەوەی یاسـای بازرگـانی، بـۆ دەسـتەی یاسـادارێژەران پێشـنیاز دەکات. بەپێی هایاک، تەنانەت یاسابەخشە مەزنەکانی مێـژووش، وەک حامورابی، سۆلۆن و لایکورگەس، "نیازیان دارشتنی یاسای نـوێ نـەبووە، بەڵکو تەنها نیازیان نوسینەوەی ئەوەی کە یاسا لـەو ساتەدا و هەمیشـە چۆن بوە."

هــەروەک "کــەوک" و "بلاکســتۆن"، کــە دوو یاساناســی ئینگلیــزن، ئاماژەیـان بـەوە داوە کـە یاسـای کۆمـۆن بەشـێکە لـە چـاودێریکردنی دەسـتوریانەی چڕبوونـەوەی دەسـەڵات. دادوەر یاسـا دەرناکـات بـەڵکو تـەنها دەتوانێـت حـوکم لەسـەر ناکۆکییـەک بـدات کـە دەهێنرێتـە بەردەستی. ئەم سنورداربیە چاودێریی دەسەڵاتی دادوەرەکە دەکات و ئەو راستیەشی کە یاسا لەلایەن چەندین خەڵکەوە دانراوە کە بەشدارن لە چەندین ناکۆکییدا، ئەگەری دەسەڵاتی هەڕەمەکیانە لەلایەن یاسا بەخشـەوە سـنوردار دەکـات، جـا یاسـادانەر پاشـا بێـت یـان دەسـتەی یاســادارێژ. بەگشــتی خــەڵک تــەنها کاتێــک دەچنــە دادگــا کــە پارێزەرەکانیـان کێشـەیەک – بـوارێکی یەکلایینـەکراوە - لـە یاسـادا، دەستنیشــان دەکــەن. (کــاری پــارێزەر ئەوەیــە کــە بــەردەوام بــە موەکیلەکەی بڵێت "یاسا ڕوونە. تۆ هیچ کەیسێکت نییە. تۆ کات و پارەی هەمووان بەفیڕۆ دەدەیت، گەر بچیتە دادگا"). بـەم شـێوەیەش، چەنـدین خـەڵک بەشـداردەبن لـە پەرەسـەندنی یاسـادا تـا مامەڵـەی بارودۆخ و کێشەی نوێ بکەن.

یاسادانان – کە بەداخەوە زۆربەی خەڵکی بە یاسای دادەنێن – پرۆسەیەکی جیاوازە. زۆربەی یاسادانان بریتییە لە ڕێساگەلێک بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت، کە لەو حاڵەتدا لە ڕێساگەلی ناوخۆیی هەر ڕێکخراوێک دەچن. هەندێک یاسادانانی دیکە، هەروەکو لەسەرەوە باسکراوە، دەکاتە بەسیستەمکردنی یاسای کۆمۆن. لەگەڵ ئەوەشدا، یاسادانان بەشێوەیەکی بەرچاو فەرمانگەلێک پێکدەهێنێت، کە ڕێنمایی خەڵک دەکەن چۆن ڕەفتار بکەن، بە مەبەستی کارتێکردنی چەند دەرئەنجامێکی دیاریکراو. بەم شێوەیەش یاسادانان کۆمەڵگا لە ڕێساگەلی گشتی لادەدات، کە مافەکان دەپارێزێت و خەڵکیش ئازاد دەکات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، بەرەو ڕێساگەلێکی وردکار، کە دەستنیشانی ئەوە دەکەن خەڵک دەبێت چۆن موڵکەکانیان بەکاربهێنن و چۆن لەگەڵ یەکتردا ڕەفتار بکەن.

### داکشانی یاسای گرێبەست

لە کاتێکدا یاسادانان جێگەی یاسای کۆمۆنی گرتەوە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر، یاسادانەران بڕی زیاتر و زۆرتریان لە داهاتمان بە ناوی باج و سنوردارکردنی مافگەلی موڵکدارییی بردووە، بەهۆی ئەو ڕێسایانەی کە ئامانجیان مسۆگەرکردنی هەموو شتێکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەرزانەوە تا دەگاتە دیمەنی پانۆرامایی. دادوەرانیش، بەداخەوە، نەک هەر پشتیوانی ئەم بڕیارانەی یاسادانانیان کردووە و فەرامۆشکردنی بەندەکانی **دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان**،

کـە مافگـەلی موڵکـداریی دەپارێزێـت؛ بـەڵکو ئـەو گرێبەستانەشـیان هەڵوەشاندۆتەوە کە بەڕای ئەوان ڕەنگدانەوەی "دەسەڵاتێکی نایەکسانی سەوداکردن" بووە، یان بەشێوەیەکی دیکە لە "بەرژەوەندیی گشتی"ـیدا نـەبوون. لـە هـەر کێشـەیەکی دیـاریکراودا، گـەر یاسـادانەرەکە یـان دادوەرەکـە بـڕوای وابوبێـت خزمـەتی بـەهاکانی خـۆی دەکـات بـە گوێزانەوەی موڵکداریی لە خاوەنی راستەقینەوە بۆ سکاڵاکارێکی داماوتر، یـان کەسـێکی ئـازاد کردبێـت لـە وابەسـتەییەکانی گرێبەسـتێک کـە بەراسـتی زانیبێـت، ئـەوا سـوودە گرنگـەکانی سیسـتەمی موڵکـداریی و گرێبەست وەلانراون.

مامۆستای یاسا "هێنری مارک هۆڵزەر"، لە پـەرتوکی "خـاکی شیرینی ئـازادیی Sweet Land of Liberty"ـدا، چەنـدین قۆنـاغ دیاریدەکات لە سڕینەوەی شکۆمەندیی گرێبەست لەلایەن حکومەتەوە. ئاماژە بەوە دەکات کە پێش "شەڕی ناوخۆ the Civil War"، پارە لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکان لـە ئـاڵتون و زیـو پێکهـاتبوو. بـۆ دابینکردنـی خـەرجی **شـەڕی ناوخۆ**، **کۆنگرێس (پەرلـەمانی ئەمـەریکا)** ڕەزامەنـدیی پێشاندا لەسەر دەرکردنی پارەی کاغەزی هەڵاوساو، کە **کۆنگرێس** بـە "پـارەی یاسـایی" رایگەیانـد، ئەمـەش بـەو مانایـەی کـە دەبوایـە قبـوڵ بکرێت لە دانەوەی قەرزدا، تەنانەت ئەگەر قـەرزدەر پێشبینی ئەوەشی کردبێت بە ئاڵتون یان زیو قەرزەکەی وەربگرێتـەوە. لە ساڵی 1871، دادگای باڵا بڕیاری پرۆژەیاسای پارەی یاسایی سـەپاند، کە کاریگەرانـە هەموو ڕێکەوتننامەیەکی قەرزی داڕشتەوە و هۆشداریی دایە خـەڵکانی

خاوەن پارە، کە حکومەت دەتوانێت یەکلایەنە مەرجگەلی قەرزەکانی داهاتوو بگۆڕێت.

پاشان لە ساڵی 1938 دا، سەرەڕای برگەی ئاشکرای نێو دەستور کە قەدەغەی دەکات لە ویلایەتەکان هەر "یاسایەک کە وابەستەیی گرێبەست پەک بخات" دابرێژن، دادگای باڵا ئەو یاسایەی ویلایەتی مینسۆدای سەپاند کە کاتی زۆرتری بۆ قەرزدارەکان فەراهەم کرد بۆ دانەوەی قەرزی خانووبەرەکانیان وەک لەوەی لە گرێبەستەکەدا دیاریکراوە و داوای لە قەرزدەرەکانیش کرد چاوەڕێی پێدانەوەی پارەی قەرزەکانیان بن بەبێ هەبوونی مافی چونە بەردەمی دەدگا بۆ داواکردنەوەی.

دەوروبەری هەمانکات، دادگای باڵا گورزێکی دیکەی لە سەربەخۆیی گرێبەست وەشاند. خەمێکی سەرەکی هەموو قەرزدەرێک دڵنیابوونە لەوەی کە ئەو قەرزەی وەردەگیرێتەوە هەمان بەهای ئەو پارەیەی هەبێت کە داویەتی بە قەرز، کە دەشێت هەمان بەهای نەبێت گەر هەڵاوسان بەهای پارەکەی لەو ماوەیەدا کەم داشکاندبێت. پاش بڕیاری "پارەی یاسایی"، چەندین گرێبەست 'برگەی ئاڵتونی'یان لەخۆ گرت، کە بڕی قەرزدانەوەکەی بە ئاڵتون دیاری کردبوو، کە بەهاکەی باشتری دەپاراست بە بەراورد بە دۆلاری چاپکراوی حکومەت. لە حوزەیرانی ساڵی 1933، ئیدارەی **رۆزڤێڵت** توانی **کۆنگرێس** رازی بکات بە لابردنی برگەی ئاڵتون لە هەموو گرێبەستەکاندا، بەمەش کاریگەرانە ملیاران دۆلاری لە قەرزدەرانەوە، کە بە نیازێکی باشەوە

پارەیان بە قەرز دابوو، گوێزرایەوە بۆ قەرزداران، کە بتوانن پارەکە بە دۆلاری هەڵاوساو بدەنەوە. لە هەر یەکێک لەم حاڵەتانەدا، یاسادانەران و دادوەران دەڵێن کە بە بڕوای ئەوان دەبێت پێداویستیی ئاشکرای گروپێک لە لایەنەکانی گرێبەستێک، لە وابەستەییەکانی ئەو لایەنانەی دیکە گرنگتر بێت کە بەخواستی خۆیان دایاننـاوە. بڕیارگەلی لەو چەشنە وردە وردە لە بەهای گەشەی ئابوورییانەی کەم کردۆتەوە کە پشت بە سەلامەتی موڵکی کەسەکان و ئەو متمانەیە دەبەستێت کە دەبێت وابەستەییەکانی گرێبەستیان پێ جێبەجێبکرێت.

**یاسای بەرژەوەندی تایبەت**

تا رادەیەکی فراوان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وڵاتی حوکمی یاسایە. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت ئاماژە بەو یاسایانە بدات کە هایاک بە یاسادانان ناوی بردوون، نەک یاسای راستەقینە - کە پێدەچێت ناکۆکبن لەگەڵ حوکمی یاسا دا. کۆمەکی دارایی و یارمەتیدانی تەواو و پارەی پێشەکی بۆ هەندێک کۆمپانیا هەن، بۆ نمونە گەرەنتی 1.5 ملیار دۆلار قەرز لە ساڵی 1979، کە **کۆنگرێس** داویەتی بە کۆمپانیای کرایسەلر. و لەمەش شاراوەتر، چەندین بڕگە و بەش هەن لە هەندێک لەو پرۆژە یاسایانەدا وەکو "بەڵام ئەم مەرجە هیچ کام لە ئەو کۆمپانیا گەورانە ناگرێتەوە کە لە خراونەتە ناو ویلایەتی ئیلینۆی لە مێژووی 14 ی ئاب 1967"، ئەمەش بەو مانایەی کە کۆمپانیایەک لە مەرجێک بەخشراوە، کە بەسەر

ڕکابەرەکانیدا سەپێندراوە. هاندەری زۆر گەورە هەن لە ڕێسای باجدا بۆ بەرهەمی دیاریکراوی وەک ئیسانۆل، کە جۆرە سوتەمەنییەکیە لە گەنمەشامی دروستدەکرێت، کە ڕێژەی 65% ئەم جۆرە سوتەمەنییە کۆمپانیای Archer-Daniels-Midland بەرهەمی دەهێنێت، کە کۆمەکبەخشێکی سیاسیی بەخشندەیە. چەند بەشێکی بەهادار لە مەودای دوبارەبوونەوەدا بەرچاو دەکەوێت کە بۆ کاری ئەو بازرگانیانەی کە کەمینەکان خاوەنیانن و گرێبەستی حکومەتیش کە بۆ کاری بازرگانیی بچوک هەڵگیراون.

بڕگەی هەموارکراوی ژمارە 5 ی دەستور دەڵێت: ئەگەر موڵکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی گشتی بەکارببرێت، ئەوا دەبێت خاوەنەکەی قەرەبوو بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێساکان بەردەوام لە بەهای موڵک دەبەن و حکومەتیش نەیویستووە قەرەبووی خاوەن موڵکەکان بکاتەوە بۆ زیانەکانیان. داکۆکیکارانی مافی موڵکایەتی دەڵێن "ئەگەر حکومەت دەیەوێت کەنار دەریا بپارێزێت بەوە کە لێم قەدەغە بکات خانوویەک لەسەر موڵکەکەم دروستبکەم، یان دەیەوێت ڕێچکەیەکی پاسکیل بەناو زەوییەکەمدا دروست بکات، باشە، پارەم بدەرێ لە بری ئەو موڵکەم کە بەکار دەبرێت." بەڵام دادگاکان بەگشتی بواریان بە حکومەت داوە خۆی لە قەرەبووکردنەوەی ئەو جۆرە بەکاربردنانە قوتار بکات و زۆرکاتیش هەرەمەکیانە دەسەپێنرێن، پاش ئەوەی خاوەن موڵکێک پارچە زەوییەکی بە خەیاڵی پلانێکی دیاریکراوەوە کڕیوە. تەنانەت ئەگەر موڵکەکە بۆ مەبەستی گشتیش بەکاربرێت، ئەوا دەبێت خاوەن

موڵکەکـە قەرەبووبکرێتــەوە؛ بــەڵام زۆرکـات بەئاشـکرا مەبەســتەکە تایبەتییە، نەک گشتی، بۆ نمونە کاتێک شاری دیترۆیت ماڵ و کاری بازرگانی لە گەڕەکێکی پۆڵەندایی-ئەمریکایی سەندەوە، کە بە پۆڵتاون ناودەبرا، تاوەکو کۆمپانیای General Motors بتوانێت کارگەیەکی تێدا دروست بکات. خەم و ئێشی زیاتر ئەوە بوو کە پاش ئەوەی خەڵکەکە ناچارکران لەو گەڕەکە بگوێزنەوە، کە بەدرێژایی تەمەنیان تێیـدا ژیـابوون، کۆمپانیــای جێنــەڕەڵ مۆتــۆرز پەشــیمان بــوەوە لــە دروستکردنی کارەگەکە لەو جێگەیە.

یاساگەلی موڵەتدانی پیشەیی زۆرکات ناکۆکە لەگەڵ کرۆکی حوکمی یاسـادا. دەشـێت داواکـردن لـە تاکـەکانی کۆمـەڵ بـۆ پابەنـدبوون بـە ڕێساگەلی تایبەت بە ویلایەتێک تاکو بتوانن خزمەتەکانیان پێشکەش بـە خـەڵک بکـەن، وەکـو پـارێزەر، شـۆفێری تاکسـی، ئارایشـتکار، یـان نزیکـەی 800 مـەرجی دیکـە، کارێکی نـاکۆک نـەبێ لەگـەڵ حـوکمی یاسادا، هەرچەندە بەدڵنیاییەوە ئەوە پێشێلکارییەکە لە ئازادیی ئابوریدا. بـەڵام کاتێـک داوا لـە خـاوەن سـاڵۆنێکی قژبـڕین دەکرێـت، کـە لـە ویلایەتی تێنەسی مۆڵەتی پێدراوە، ساڵێک لە ویلایـەتی کینتاکی بژی پـێش ئـەوەی بتوانێـت پیادەی پیشـەکەی خـۆی بکـات لـە کینتـاکی، پێدەچێت بەئاشکرا هاوڵاتیان بەشێوەی جیاواز لەسایەی یاسادا مامەڵە بکرێن و ئاشکراشـە کـە مەبەسـت لێـی خولقانـدنی هاوتـای گـومرگێکی پاراسـتنخوازە بـە قـازانجی خـاوەن سـاڵۆنەکانی نیشـتەجێی ویلایـەتی کینتاکی.

هاوتای باج سەندنی نایەکسان، دەشێت مەسەلەی پێدانی دەسەڵاتی یاسادانان و داوەریی بۆ بەڕێوەبەرانی هەڵنەبژێردراو و نەبینراو، جدیترین شێواز بێت کە هەنوکە یاسای ئەمەریکایی پێشێلی حوکمی یاسای پێدەکات. لە ساڵی 1948 دا، وینستن چەرچڵ بەم شێوەیە گازەندەی کردووە "بە من گوتراوە، کە 300 کاربەدەست دەسەڵاتی دانانی ڕێساگەلی تازەیان هەیە، بەجیا لە پارلەمان، کە سزای بەندکردن دەدەن بەسەر ئەو تاوانانەی کە تا ئێستا ئاشکرا نین بۆ یاسا." لەم ڕۆژگارەدا، دەبێت زۆر بەختەوەر بین کە خاوەنی تەنها 300 کاربەدەستبین کە دەسەڵاتی یاسادانیان هەبێت. تا هاتنە ئارای 'عەهدی نوێ'یەکەی (New Deal)* سەرۆک فرانکلین رۆزەڤێلت، بڕواوابوو کە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی یاسادانانی بەتەنها داوە بە **کۆنگرێس**. بەپێی حوکمی یاسا، دەستور دەسەڵاتی دا بە سەرۆک تا یاساکان جێبەجی بکات و بە لایەنی داوەریش تا یاساکان لێک بداتەوە و بیانچەسپێنێت. سەرەرای ئەمانە، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوودا، **کۆنگرێس** دەستی کرد بە دەرکردنی یاساگەلی بەرفراوان و وردەکارییەکانیشی بۆ دەزگا ئیدارییەکان بەجێهێشت. دەزگاگەلی وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ، کۆمیسیۆنی بازرگانیی فیدراڵی، کۆمیسیۆنی بازرگانیی نێوویلایەتی، دەزگای پاراستنی ژینگەیی

---

*عەهدی نوێ (new deal) (١٩٣٣-١٩٤١) پرەنسیپەکانی باڵی پێشکەوتنخوازی پارتی دیموکراتی ئەمەریکا بەتایبەت ئەو پرەنسیپانەی کە سەرۆک رۆزەڤێلت بانگێشەی بۆ دەکردن لە بوژاندنەوەی ئابوری و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی.

و دەیانی دیکە، یاسا و ڕێسای زۆر بەرهەم دەهێنن، کە بەئاشکرا هێزی یاسای هەیە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتێکی یاسادانەری دەستورییەوە دەرنەکراون. جاروبار **کۆنگرێس** نەیزانیوە چۆن پەیمانە بەرینەکانی خۆی جێبەجێ بکات، جاروبار نەیویستووە دەنگ لەسەر دانوستاندنە راستەقینەییەکان بدات، کە پەیوەندییان هەبووە بە دابینکردنی داواکاریی هەندێک خەڵک کە پێویستیان پێی بووە، لەسەر حسابی خەڵکانی دیکە و جاروباریش خۆی لە وردەکارییەکان بواردووە. دەرئەنجامیش بریتییە لە هەزاران کەسی بیرۆکرات، کە یاسای زۆر بەرهەم دەهێن – 80000 پەڕەی تەواو لەساڵێکی نمونەییدا - کە **کۆنگرێس** هیچ بەپرسیارێتییەک لە بارەیانەوە لە ئەستۆ ناگرێت.

بۆ زیاکردنی سوکایەتیەکە بە حوکمی یاسا، ئەم دەزگایانە پاشان دێن یاساکانی خۆیان لێکدەدەنەوە و دەیانچەسپێنن، و بڕیاردەدەن لەسەر چۆنێتی پیادەکردنیان لە هەر بارێکی تایبەتدا. ئەوان یاسادانەرن، داواکارن، دادوەرن، دەستەی سوێندخۆرانن و جێبەجێکارن، هەمووی لەنێو یەک دەزگادا – ئەمەش ئاشکراترین پێشێلکاری حوکمی یاسایە کە مرۆڤ وێنای بکات.

بەفیدراڵیکردن و بەتاوان دانانی یاسای ژینگەیی لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا کێشەیەکی تایبەتە. لە گەرموگوڕیی خۆیدا بۆ پاراستنی ژینگە، حکومەتی فیدراڵی تۆڕێکی یاساگەلی هێندە چڕی دروست کردووە، کە پابەندبوون بە یاساوە مەحاڵە. داواکار و دادگا، گومانلێکراوانی تاوانی ژینگەییان لە نەریتی یاسایی باوی وەک نیازی

چـاک، ئاگادارکردنـەوەی دادپەروەرانـە و جـوت سەرکێشـیی، بێبـەریی کـردووە، لـە کاتێکدا کاریگەرانـە داوا لـە هەنـدێک گومانلێکراو دەکەن خۆیـان بـە تۆمـەتبار لەقەڵـەم بـدەن. کـاتی گـەڕان بـە دوای ئامانجێکدا وەکـو پاراسـتنی ژینگـەیی کـە گرۆتینـی گشـتیی لـە پشتیەوەیەتی، ئـەوە بیــری خۆمــان دەهێنینــەوە کــە دەبێــت وریــاترین مــرۆڤ بــین لــە ڕەچـاوکردنی یاسـاکان و پابەنـدبوون بـە پاراسـتنە دەستورییەکان، تـاکو بـەهای ئامانجەکـە نەبێتـە هـۆی ئـەوەی بنـەماکان خـراپ بکـەین، کـە هۆیەکن بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانمان.

### سنوردارییە دەستورییەکان لەسەر حکومەت

ڕەنگـە سەرنجراکێشـترین بەشـداریی ئەمـەریکا بـۆ پاراسـتنی مـافی تاکەکەسـی و حـوکمی یاسـا بریتـی بێـت لـە گەشـەپێدانی دەسـتورە نوسـراوەکەمان. مەبەسـت لـە هـەبوونی حکومـەت لـە "جاڕنامـەی سەربەخۆیی"دا روون کراوەتـەوە "بـۆ پاراستنی ئـەو مافانـەش، حکومـەت دادەمەزرێنـدرێت لـەنێو خەڵکدا." بـە گەیشـتن بـەو دەرئەنجامـەی کـە حکومـەت پێویسـتە، ئەمەریکاییـەکان هـەوڵیان دا دەسـتورێک بهێننـە ئـاراوە کـە حکومـەت سـنوردار بکـات تـەنها بـۆ ئـەو مەبەسـتە (واتـە پاراستنی مافەکان).

دەسەڵاتی پاراستنی مافەکان بـە شـێوەیەکی سروشـتی لەدەسـتی هـەر تاکێکدایە، و ئەم دەسەڵاتەش لە دەستوردا نوێنەدراوە بـە حکومـەت. بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی کـە دەسـتور دەسـەڵاتی گشـتی نـەداوە بـە

حکومەت، ئەو دەسەڵاتە تایبەتانەی کە دراون بە حکومەتی فیدراڵی لە ماددەی 1، بڕگەی 8 ئەژمارکراودا. لەبەر ئەوەی نایندە و ئەژمار کراون، دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی سنوردارن. حکومەتێکی خاوەن دەسەڵاتی نایندەکراو و ئەژمارکراو و سنوردار، ئەوە ئەو بەشدارییە گەورەیەیە کە ئەمەریکا کردویەتی لە گەشەسەندنی ئازادیی لە سایەی یاسادا.

رۆجەر پیلان،شارەزا لە بواری یاسادا، مانای دەستور بەم شێوەیە دیاری دەکات:

*__کۆنگرێس__ دەتوانێت لە هەر بوارێکی دیاریکراودا یان لەسەر هەر بابەتێکی دیاریکراو بڕیار بدات، بۆیە تەنها ئەگەر لە سایەی دەستوردا دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کاری لەو جۆرە بکات، ئەگەرنا، دەبێت ئەو بوارە یان بابەتە لەلایەن ویلایەت یان لۆکاڵ یان کەرتی تایبەتەوە تاووتوێ بکرێت.*

*مەبەستی داڕێژەرانی دەستور لە ڕێبازی دەسەڵاتگەلی ئەژمارکراو، وەک پێشتر باسمانکرد، بریتی بوو لەوەی کە بیکەنە کرۆکی دەستور. بەو شێوەیەش، دوو سودی دەبێت. یەکەم، دەسەڵاتی فیدراڵی روونەکاتەوە و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە: لە گەلەوە هەڵدەقوڵێت بۆ حکومەت، دەسەڵات شەرعییە تا ئەو ڕادەیەی کە نایندەکراوە. دووەم، هەمان ڕێباز کە پاساوە بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی، سنورداریشی دەکات، چونکە حکومەت تەنها ئەو دەسەڵاتانەی هەیە کە گەل پێی بەخشیوە.*

لە راستیدا، ئەوە ئەژمارکردنی دەسەڵاتەکان بوو، نەک ئەژمارکردنی مافەکان لە ***بیڵ ئۆڤ رایتس*** (پرۆژە یاسایەکە کە مافەکانی هاوڵاتیان دیاریدەکات)، کە داڕێژەرانی دەستور مەبەستیان بوو ببێتە سنوردارکردنی سەرەکیی دەسەڵاتی حکومەت. لەبەر ئەوەی داڕێژەرانی

دەستور بەئاستەم دەیانتوانی هەموو مافەکانمان ئەژمار بکەن، کەچی بەپێچەوانەوە، توانیویانە دەسەڵاتە فیدراڵییەکان ئەژمار بکەن. ئەمەش مانای وایە، کاتێک دەسەڵات نەبێت، ئەوا مافێک هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتەکان یان گەل.

لەمڕۆدا، کاتێک یاسایەکی فیدراڵی نوێ پێشنیاز دەکرێت، زۆرێک لەو خەڵکانەی کە بیری لیبراڵیان هەیە لە هەردوو باڵی ڕاست و چەپ، دەگەڕێنەوە بۆ "بیل ئۆڤ رایتس" تا بزانن داخۆ یاساکە پێشێلکاریی هیچ مافگەلێکی دەستوریی دەکات. وەلێ دەبێت یەکەمجار دەسەڵاتە ئەژمارکراوەکان بپشکنین تا بزانین ئایا حکومەتی فیدراڵی ئەو دەسەڵاتەی پێبەخشراوە تاکو بڕیارە پێشنیازکراوەکە دەربکات. لەو حاڵەتەدا ئەگەر دەسەڵاتێکی لەو چەشنەی هەبێت، ئەوسا دەبێت دەستبکەین بە پرسیارکردن لەوەی ئایا بڕیارە پێشنیازکراوەکەی حکومەت هیچ مافێکی پارێزراو پێشێل دەکات.

زۆرێک یان زۆربەی ئەوکارانەی کە ئەمڕۆ حکومەتی فیدراڵی ئەنجامیان دەدات ڕێگەیان پێنەدراوە لە ماددەی 1، بڕگەی 8 دا. بە مانایەکی دیکە، حکومەتی فیدراڵی کۆمەڵێ دەسەڵاتی بۆ خۆی داناوە، کە لەلایەن خەڵکەوە پێی نەدراوە و لە دەستوریشدا ئەژمار نەکراون. کارێکی گران دەبێت گەر مرۆڤ بەدوای هەر ڕێپێدانێک بگەڕێت لە دەستوردا بۆ پلانداناني ئابوورییانە، کۆمەکی فێرکردن، بەرنامەی خانەنشینیی کە حکومەت بەڕێوەی ببات، کۆمەکی دارایی کێڵگەوەران،

کۆمەکی دارایی هونەری، بەرهەمهێنانی وزە، نیشتەجێکردنی گشتیی، یان زۆربەی کارەکانی دیکەی حکومەتی فیدراڵی.

سنورداریيەکانی سەر دەسەڵاتگەلی فیدراڵی، بەدرێژایی زۆربەی مێژوومان، وەک بەڵگە نەویست تەماشاکراون. لە ساڵی 1794 ەوە، جەیمس مادیسن، نووسەری سەرەکی دەستور، لە **خانەی ئەنجومەنی نوێنەران** دا لە دژی پرۆژەیاسایەک راوەستا چونکە نەیتوانی "پەنجەی بخاتە سەر ئەو ماددەیەی **دەستوری فیدراڵی** کە مافی دابووە **کۆنگرێس** تا پارەی دەنگپێدەرەکانی بۆ بابەتگەلی چاکە خەرج بکات." لە ساڵی 1887 دا، سەرۆک گرۆڤەر کلیڤلاند مافی ڤیتۆی لە دژی پرۆژەیاسایەک بەکارهێنا کە تایبەتبوو بە دابینکردنی تۆو بۆ ئەو کێڵگەوەرانەی توشی وشکەساڵیی هاتبوون چونکە "هیچ بناغەیەکی بۆ ئەو چەشنە تەرخانکردنە نەدۆزییەوە لە دەستوردا." شتەکان بە هاتنی ساڵی 1935 گۆڕانیان بەسەردا هات، ئەو کاتەی فرانکلین رۆزەڤێلت بۆ سەرۆکی **کۆمیتەی شێواز و ئالیەتەکان** لە **ئەنجومەنی نوێنەران**دا نووسی، "هیوادارم کۆمیتەکەتان بوار بە گومانکردن نەدات سەبارەت بە دەستوریی بوون، هەرچەندە پەسەندیش بێت، بۆ راگرتنی پرۆژەیاسا پێشنیازکراوەکە." سی و سێ ساڵ دواتر، رێکسفۆرد تەگوێڵ، کە یەکێک بوو لە راوێژکارە سەرەکییەکانی رۆزەڤێلت، بەم شێوەیە دانی پێداناوە، "تا ئەو رادەیەی کە ئەمانە [سیاسەتەکانی **عەهدی نوێ]** گەشەیان کردووە، ئەوان لێکدانەوەگەلی دروستکراوی بەڵگەنامەیەک بوون، کە مەبەست لێی قەدەغەکردنی ئەوان بوو."

وا دیارە، لەم رۆژگارەدا، تەنانەت ئێمە ناپرسین **کۆنگرێس** لە کوێوە دەسەڵاتی دەستوری دەهێنێت تا ئەو یاسایانە دەربکات کە دەریان دەکات. بە ئاستەم لەبیری کەسدایە، کەی ئەندامی **کۆنگرێس** هەستابێ و پرسیبێتی "لە کوێی دەستوردا، ئەو دەسەڵاتە دەبینین؟" گەر رەخنەگریکی دەرەوەی کۆنگرێس پرسیارێکی لەو شێوەیە بکات، ئەوا دەشێت پێشەکییەکەی دەستوری پێشان بدەن، کە دەڵێت: ئێمە، کە خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانین، تاکو یەکێتییەکی تۆکمەتر دروست بکەین، دادپەروەریی بەرپابکەین، هێمنی ناوخۆیی رابگرین، بەرگری گشتیی دابینبکەین، هانی خۆشگوزەرانیی گشتی بدەین و دەستکەوتەکانی ئازادیی بۆ خۆمان و بۆ نەوەکانمان مسۆگەر بکەین ، ئەم **دەستورەی ویلایەتە یەکگرتووەکان** دەردەکەین و دادەمەزرێنین.

ناوهێنانی "خۆشگوزەرانیی گشتیی" بەکردەوە رێگە بە هەر شتێک دەدات کە **کۆنگرێس** دەیەوێت ئەنجامی بدات. بەڵام ئەمە خراپ خوێندنەوەی برگەی خۆشگوزەرانیی گشتییە. بێگومان، هەروەکو "لۆک" و "هیوم" دەڵێن، ئێمە بۆیە حکومەت دروست دەکەین تا خۆشگوزەرانیمان لە فراوانترین مانادا برەوپێبدەین. بەڵام ئەوەی کە برەو بە خۆشگوزەرانیمان دەدات بریتییە لە دەرفەتی ژینکردن لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا، کە تێیدا ژیان، و ئازادی و موڵکەکانمان پارێزراون و ئازادیشین لە بەدەستهێنانی بەختیاری بەو شێوازەی خۆمان دەمانەوێت.

بێگومان حکومەتێکی بێسنور برەو بە خۆشگوزەرانییمان نادات، کە دەسەڵات دەداتە خۆی تا بڕیار بدات لەسەر هەر شتێک کە بەسوودی بزانێت بۆمان، هەر لە کۆمەکی دارایی کۆمپانیای کرایسلەرەوە، تا بەکارهێنانی چیپی V (*تەکنۆلۆژیای شاردنەوەی هەندێ بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لە منداڵ*) و تا دەگاتە بەرنامەی راهێنانی ئیش.

رەخنەیەکی بەرتەسکتر، لەم خوێندنەوە بەرفراوانەی بڕگەی خۆشگوزەرانیی گشتیی، بریتییە لەوەی کە **داڕێژەرانی دەستور** مەبەستیان لە "خۆشگوزەرانیی گشتیی" ڕوونکردنەوەی ئەوەبوو کە دەبێت حکومەت لەبەرژوەندیی هەمووان رەفتار بکات، نەوەک لەبەرژوەندیی هەر کەسێک یان گروپێکی دیاریکراو و هەموو شتێک کە لەمرۆدا کە **کۆنگرێس** دەیکات لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە پارە لە هەندێ خەڵک ببات و بیداتە ئەوانی دیکە.

بەهای دەستوری نووسراو ئەوەیە کە بەپوختی دەسەڵاتەکانی حکومەت چی بن دیاریان دەکات و لانی کەم بە هۆی لابردنەوە ئاماژە بەوانەش دەکات کە دەسەڵاتی حکومەت نین. دەستور پرۆسەی ڕێکخراو دادەنێت بۆ ئیشکردنی حکومەت و لەمەش گرنگتر، سیستەم دادەنێت بۆ لێپرسینەوەی هەر هەوڵێک کە دەیەوێت دەسەڵاتی دەستوری تێبپەڕێنێت.

بەڵام لێپرسینەوەی راستەقینە لە هەر دەسەڵاتێکی حکومەت بریتییە لە وریایی ناوەکی گەل. **دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان** نەخشەسازیەکی زیرەکانە بوو، نەک تەنها لەبەر ئەوەی داڕێژەرەکانی

بلیمەت بوون، بەڵکو گەلی ئەمەریکاییش لە سەردەمی دامەزراندنی ئەمەریکادا بەتەواوی هۆشیاربوون لە مەترسییەکانی ستەمکاری و تێراوبوون لە تیۆرەی مافەکانی "لۆک" و ئەزمونی دەستورگەرایی بەریتانیادا.

دەوروبەری ساڵی 1990، هاوڕێیەکم پێی گوتم کە خەڵک لە بولگاریای تازە ئازادکراو داوایان لێکردووە بۆ هاوکاریکردنیان لە نووسینی دەستورێکدا کە ئازادیی بپارێزێت. منیش پێم وت "دڵنیام دەستورێکی چاک دەنووسیت، تەنانەت لە **دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانیش** چاکتر، بەڵام مەسەلەکە تەنها هەر نووسینی بەڵگەنامەیەکی چاک نیە و خستنی بۆ بەردەم ئەنجومەنێکی میللی. نووسینی **دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان** 500 ساڵی خایەند – لە **ماگنا کارتا**وە (یەکەم نوسراوەی شێوە دەستوری کە لە بەریتانیا نوسراوە) لە ساڵی 1215 تا دەگاتە **کۆنگرەی دەستوریی** لە ساڵی 1787دا."

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گەلی بولگاریا پێزانینیان هەیە بۆ ئەوەی کە چەند گرنگە بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی کە مافگەلی تاکەکان زامن کرابێت لەڕێگەی حکومەتێکەوە کە دەسەڵاتەکانی نمایندەکراو و ئەژمارکراو و سنوردار بێت. لێرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکاییەکان هێشتا پێزانینیان هەیە بۆ **دەستور** و ئەو بیرەی کە لە پشتەیەوەیە.

دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان چۆن باشتردەکرێت؟ هایاک هۆشداریمان دەداتێ تا بەئاگا بین لە هەوڵەکانماندا بۆ باشترکردنی ئەو دامەزراوانەی لە مێژە هەن و دەبێت هەر یەکێکمان ئاگاداری ئەوەبین کە بە تەوازوعەوە ئەرکی باشترکردنی ئەو ئیشە بگرینە ئەستۆ کە واشنتۆن، ئادەمز، مادیسن، هاملتن، مەیسن، راندۆڵف، فرانکلین و هاوکارەکانیان ئەنجامیان داوە. بەڵام دوای ئەزمونێکی 200 ساڵی، رەنگە بتوانین هەندێک چاکسازیی بچوک پێشنیاز بکەین. چوارچێوە گشتییەکەی دەسەڵاتگەلی نمایندەکراو، ئەژمارکراو و هەروەها سنورداریش، بەئاشکرا تەریبە لەگەڵ بەها لیبراڵییەکان. کەسێکی لیبراڵی بەگرتینەوە پشتیوانی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکات و هیچ رەخنەیەکی ئاشکراشی نابێت لە پێکهاتەی دەستەیەکی یاسادانان کە دوو بەش بێت کە بە جیا لەیەکتر دابەشکرابن، و سەرۆکێک بە مافی ڤیتۆوە، پرۆسەی هەموارکردن کە تارادەیەک گران بێت و ئیتر بەو شێوەیە.

سەباری ئەو زەمانەتانەی کە لە دەستوردا هەن لەدژی حکومەتی زیادەڕۆ– وەکو پێکهاتەی دەسەڵاتە ئەژمارکراوەکان و سنوردارکراوەکان، لە ***بیڵ ئۆڤ رایتس***، **هەموارکراوی نۆهەم** ( Ninth Amendment) کە روونی دەکاتەوە هەموو مافەکانی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ خەڵک، **هەموارکراوی دەیەم** کە دەسەڵاتە ئەژمارنەکراوەکان دەداتە ویلایەتەکان یان خەڵک- کەسێک پێشنیازی

کردووە کە ئاستێکی دیکەش بخرێتە سەر، ئەویش چاکسازییەک بێت کە بڵێت "و بەراستیشمانە".

ئەگەر بەو پەرۆشییەوە کەسێک چاوی بە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا خشاندبێت چ بۆ ئەمەریکاییەکان بێت یان وڵاتێکی دیکە، ئەوا دەشێت ئەو کەسە برگەیەک بخاتە سەری ئەوە روونبکاتەوە کە ئەو دەسەڵاتانەی لە ماددەی 1، برگەی 8 دا بەخشراون، لە راستیدا بریتین لە هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی. لە بارێکیشدا ئەگەر ئەوەش بەس نەبوو، ئەوا مرۆڤ دەتوانێت "***بیڵ ئۆف رایتس***" فراوانبکات بۆ زامنکردنی نەک تەنها جیاکردنەوەی کڵێسا و دەوڵەت، بەڵکو جیاکردنەوەی خێزان و دەوڵەت، قوتابخانە و دەوڵەت، رەگەز و دەوڵەت، هونەر و دەوڵەت، تەنانەت ئابوریی و دەوڵەتیش.

دەشێت مرۆڤ بخوازێت دەستوری ویلایەتە یەکگرتوەکان هەموار بکات بۆ:

- *داواکردنی بودجەیەکی هاوسەنگ، بەو شێوەیەی کە تۆماس جێفەرسۆن پێشنیازی کردووە و نزیکەی هەموو دەستورگەلی ویلایەتەکانیش پێشنیازی دەکەن؛*
- *رێگەنەدان بە **کۆنگرێس** بۆ پێدانی دەسەڵاتی یاسادانانی خۆی بە دامەزاوە ئیدارییەکان؛*

- *زیندووکردنەوەی پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی سەردەمی کۆلۆنیاڵی لە ڕێگەی سنوردارکردنی ماوەی لەسەرکاربوونی **کۆنگرێس** و هەروەها ماوەی لەسەرکاربوونی سەرۆکیش؛*
- *پێدانی ڤیتۆی بڕگەیی بە سەرۆک تا بتوانێت ڤیتۆی بەشێکی پرۆژە یاسایەک بکات (لەبری ڕەتکردنەوەی سەرجەم پرۆژەکە)، یان ڕوونی بکاتەوە کە کاتێک ماددەی 1 ئاماژە بە "پرۆژە یاسا" یەک دەکات، ئەوە بە مانای تاکە بەشێکی یاسادانان دێت، کە مامەڵە لەگەڵ تاکە بابەتێکدا دەکات، نەک بە مانای تێکەڵکردنی بەرفراوانی بابەتەکان و پارە تەرخانکردنەکان.*

داڕێژەرانی "دەستور" و "***بیلْ ئۆف رایتس***"، سنوردارکردنی سەر حکومەت و زەمانەتەکانی مافگەلی تایبەتیان بەرمەبنای ئەزمونیان لەبارەی زەوتکردنی ئازادی لەلایەن حکومەتی بەریتانیاییەوە نوسیوە، بە ئەزمونێکی زیاتر لە 200 ساڵ کە چۆن حکومەتەکان هەوڵ دەدەن ئەو سنورانە ببەزێنن کە ئێمە بۆیان دادەنێین، دەبینین کە مافگەلی نوێی ئەژمارکراوە دێنەگۆڕێ و سنوری نوێ دەخرێنە سەر دەسەڵات.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەسپاندنی دەستور لە ئێستادا بەو شێوەیەی کە هەیە، دەبێتە هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئاراستەی لیبراڵیەت، کە ئەمەش ئاراستەی پاراستنی ئازادی هەموو ئەمەریکاییەکە و دوورخستنەوەی هێزی زۆرەملێی دەوڵەتە لە کۆمەڵگای مەدەنی.

## بەشی پێنجەم
### فرەیی و لێبوردەیی

یەکێک لە راستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی مۆدێرن، کە دەبێت هەموو تیۆرە سیاسیەکان روبەڕوی ببنەوە، بریتیە لە فرەیی ئاکاری. تاکەکان دیدی جیاوازیان هەیە لەبارەی مانای ژیان، هەبوونی خودا و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی بەختەوەریەوە. یەکێک لە وەڵامەکان بۆ ئەم راستیە دەکرێت پێیبوتریت کامڵگەرایی، کە بریتیە لە فەلسەفەیەکی سیاسی کە بە دوای بونیادێکی دامەزراوەییدا دەگەڕێت بۆ کامڵکردنی سروشتی مرۆڤ. مارکس وەڵامێکی لەم جۆرەی پێشنیازکرد، بانگێشەی ئەوەی کرد کە سۆشیالیزم ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات کە بۆ یەکەم جار توانستی تەواوەتی مرۆیی خۆیان بەدەستبهێنن.

ئاینە تیۆکراتەکان وەڵامێکی تر دەخەنە روو، ئەوان پێشنیاری یەکگرتنی سەرجەم خەڵک دەکەن لە تێگەیشتنێکی هاوبەشدا بۆ پەیوەندیان لەگەڵ خودادا. هەروەها فەیلەسوفە جڤاکگەراکان هەوڵی دروستکردنی جڤاکێک دەدەن، بە پێی وتەکانی فەیلەسوفی زانکۆی هارڤارد مایکڵ واڵزەر، کە " ژیانی سەربەخۆی خۆی بە ڕێگەیەکی

دیاریکراو دەژی- ئەویش هەبوونی باوەڕە بەرامبەر ئەو تێگەیشتنە هاوبەشەی لە نێوان ئەندامەکانیدا هەیە." تەنانەت هەندێک لە پارێزگارە مۆدێرنەکان، وەک ستوننوس جۆرج ف. ویل لە کتێبدا دەڵێت، ئەوانەی باوەڕیان وایە "دەوڵەتگەری بریتیە لە رۆحگەری،" هەوڵی بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکومەت دەدەن بۆ تیمارکردنی راستی فرەیی ئاکاریی.

لیبراڵەکان و لیبراڵە ئاکگەراکان وەڵامێکی جیاوازیان هەیە. تیۆری لیبراڵی ئەوە پەسەند دەکات کە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا جیاوازی بێچارەسەر لەئارادا دەبن لەبارەی ئەوەی کە چی باشە بۆ مرۆڤەکان و سروشتی بنەڕەتی مرۆڤ چیە. دیدێکی تری لیبراڵی، کە زیاتر ئەرستۆییە، باس لەوە دەکات کە لە راستیدا مرۆڤ یەک سروشتی هەیە بەڵام هەر تاکەکەسێک کۆمەڵێک بەهرە و پێداویستی و بارودۆخ و خەونی هەیە. لەبەر ئەوە رەنگە ژیانێکی باش لای کەسێک جیاواز بێت لە کەسێکی تر، سەرباری سروشتی هاوبەشیان. خۆئاڕاستەکردن، توانای ئەوەی کە رێگەی خۆت لە ژیاندا هەڵبژێریت، بەشێکە لە باشەی مرۆڤ.

بەم جۆرە، لە هەردوو بۆچونەکەدا، لیبراڵەکان بڕوایان وایە کە رۆڵی حکومەت بریتی نیە لە سەپاندنی ئاکارێکی دیاریکراو بەڵکو بریتیە لە داڕشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی کە گەرەنتی ئەوە بکات کە کە هەر تاکەکەسێک ئازادی ئەوەی هەیە کە بە رێگەی خۆی هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجی خۆی بدات، تا ئەو رادەیەی کە ئازادی ئەوانی

تر پێشێل نەکات. لەبەر ئەوەی کە هیچ حکومەتێکی مۆدێرن ناتوانێت مەزەندەی ئەوە بکات کە هاولاتیەکانی دەستەیەک ڕێسای تەواو و سەرتاسەری هاوبەشیان هەیە، لەبەر ئەوە وابەستەییە سەپێنراوەکان بەسەر خەڵکدا دەبێت کەمترین بن. لە دیدی لیبراڵدا، ڕێسا بنەڕەتییەکانی سیستمی سیاسی دەبێت لە بنەمادا نێگەتیڤ بن: واتە مافەکانی ئەوانی تر پێشێل مەکە بۆ گەیشتن بە چاکەی خۆیان بە ڕێگەی خۆیان.

ئەگەر حکومەتێک هەوڵی ئەوە بدات سەرچاوەکانی تەرخان بکات و ئەرک ببەخشێتەوە لەسەر بنەمای ئاکارێکی دیاریکراو —لەسەر بنەمای پێویستی ئاکاریی— ئەوا ئەو حکومەتە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئاکارێکی سەرتاسەری بوونی نیە یاخود ئەوەی کە هەموو شێوازەکانی ژیان "وەکو یەک باشن"، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕەوان ئەوەیە کە ڕێکەوتن لەسەر باشترین زەحمەتە بەدەستبێت و کاتێکیش ئەو مەسەلانە دەخرێنە ڕەوشی سیاسیەوە ئەوا ناکۆکی حەتمی دەبێت.

### لێبوردەیی ئاینی

یەکێک لە دەرکەوتە ئاشکراکانی تاکگەرایی، ئەو بیرۆکەیەی کە هەموو کەسێک پێکهاتەیەکی ئاکارییە، بریتیە لە لێبوردەیی ئاینی. لیبراڵیەت لە ئاکامی ململانێیەکی درێژەوە بۆ بەدەستهێنانی لێبوردەیی سەریهەڵداوە، هەر لە مەسیحیە بەراییەکانەوە لە ئیمراتۆریەتی ڕۆمانیدا،

بۆ هۆڵەندا، بۆ ئاناباپتیست لە ئەوروپای ناوەڕاست، بۆ جیابوەوەکان لە کڵێسای ئینگلتەرا، بۆ ئەزمونەکانی رۆجەرز ویلیامز و ئان هەچینسن لە کۆڵۆنیە ئەمەریکیەکاندا و هەتا دوای.

خود-خاوەنداریتی بەدڵنیاییەوە چەمکی "موڵکداریکردنی ویژدانی کەس" دەگرێتەوە، وەک جەیمس مادیسن دەڵێت. یەکسانخواز ریچارد ئۆڤەرتۆن لە ساڵی 1646 دا دەنوسێت "هەموو مرۆڤێک بە سروشت قەشە و پێغەمبەرە لە ریڕەو و بازنەی سروشتی خۆیدا." لۆک هاوڕایە و دەڵێت "ئازادی ویژدان مافی سرشتی هەموو مرۆڤێکە."

سەرەڕای ئارگیومێنتە ئاکاری و تیۆلۆجیەکان، ئەرگیومێنتی پراکتیکی بەهێزیش هەبوون بۆ بەرگریکردن لە لێبوردەیی ئاینی. وەک جۆرج ئێچ سمس لە وتاری "فەلسەفەی لێبوردەیی"دا باسی لێوە دەکات، گروپێک لە بانگەشەکەرانی لێبوردەیی هاوتابوونیان لە باوەڕی ئاینیدا پێباشبووە، "بەڵام خواستی ئەوەیان نەکردوە کە هاوتابوون بە کردەوە بسەپێنن لەبەر ئەو نرخە کۆمەڵایەتیە زۆرەئ کە لێوەی دەکەوەێتەوە- ململانێی گەورە، شەڕی ناوخۆ، و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی." ئەوان پێشنیازی لێبوردەییان کردوە وەک باشترین ریگە بۆ بەرهەمهێنانی ئاشتی لە کۆمەڵگادا. فەیلەسوفی جولەکە، بێنیدێکت سپینۆزا، لە وەسفی سیاسەتیکاری هۆڵەندی لەمەڕ لێبوردەییەوە دەنوسێت "ئەوە شێتکی پێویستە کە دەبێت ئازادی هەڵسەنگاندن ببەخشرێت بۆ ئەوەی مرۆڤەکان پێکەوە بە هاوئاهەنگی بژین، هەرچەندێکیش بیروڕاکانیان جیاواز یاخود بە ئاشکرا دژیەک بن."

سـپینۆزا بـاس لـەو خۆشـگوزەرانیە دەکـات کـە هۆڵەندییـەکان بەدەستیان هێناوە بەهۆی ڕێگەدان بە خـەڵکی هـەموو دەستەکان تا بـە ئاشـتی بـژین و پێکـەوە بازرگـانی بکـەن لـە شـارەکانیاندا. هـەر بۆیـە، ئینگلیزەکان، پاش تەماشاکردنی نمونـەی هۆڵەندییـەکان، سیاسـەتیکاری لێبوردەیی ڕێژەییـان پەسـەندکرد، ڤۆڵتێریش تێبینـی هـەمان کاریگـەری کـرد و ئەمـەی بـۆ فەرەنسـییەکان پێشـنیاز کـرد. هەرچەنـدە دواتـر مارکس بازاڕی مەحکوم کرد لەبەر سروشتی ناکەسیبوونی بازاڕ، ڤۆڵتێر درکـی بـە سـودەکانی ئـەو نـا-کەسـیبوونە کـرد. وەک جـۆرج سـمس دەنوسێت "توانای مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئـەوانی تـردا بـە شـێوەیەکی نـا-کەسییانە، مامەڵـەکردن لەگەڵیاندا تـەنها لـە پێنـاوی سـودی هاوبەشـدا، مانای ئەوەیـە کـە خاسیەتە کەسییەکانی وەک بیروباوەڕی ئاینی هـیچ پەیوەندیەکیان نابێت بە مامەڵەکەوە."

یـەکێکی دیکـە لـە ئارگیومێنتـەکان بـە ئاراسـتەی لێبـوردەیی جـەختی لەسەر سودەکانی فرەیی ئاینی کردۆتەوە لـەڕوی تیۆریـەوە. لـە ئـەنجامی ئارگیومێنـت، ڕاسـتی سـەرهەڵدەدات. جـۆن میڵـتن گـەورەترین داکۆکیکـەری ئـەم دیـدە بـوو، بـەڵام سپینۆزا و لـۆکیش پەسـەندیانکرد. لیبراڵە ئینگلیزەکان لە سەدەی 19هەمدا چەمکی وەک "بازرگانی ئازاد لــە ئاینــدا" بــەکارهێناوە بــۆ دژایــەتیکردنی دامــەزراوەی کڵێســای ئەنجیلیکان.

هەندێک لە هەڵگەڕاوە ئینگلیزەکان هاتن بۆ ئەمـەریکا تا بـە ئازادی پراکتیزی ئاین بکەن بە شێوازی خۆیان، بەڵام نـەک بۆ ئـەوەی کـە بـە

خەڵكی تری ببەخشن. ئەوان دژی بەخشینی ئیمتیازاتی تایبەت نەبوون بۆ یەک ئاین، بەڵكو تەنها ویستیان كە ئەو ئاینە ئەوەی خۆیان بێت. بەڵام ئەمەریكییە نوێیەكانی دیكە نەک تەنها پشتگیری لێبوردەیی ئاینیان كرد، بەڵكو داوای جیابوونەوەی ئاینیشیان كرد لە دەوڵەت كە ئەمە بیرۆكەیەكی تەواو رادیكاڵ بوو لەو كاتەدا. رۆجەر ویلیامز، پاش ئەوەی بە هۆی بیروڕا گومڕاكانیەوە لە كۆڵۆنی ماسەچوستس بەی لە ساڵی 1636 دا دەركرا، *دانیشتوی گەلحۆی رەگەزپەرستی* نوسی كە تیایدا داوای جیابوونەوە و پاراستنی ئاینی مەسیحی كردوە لە دەسەڵاتی سیاسی. بیروبۆچونەكانی ویلیامز، هاوشان لەگەڵ بیروڕاكانی لۆكدا، بەنێو كۆڵۆنیە ئەمەریكیەكاندا بڵاوبوونەوە. بەمەش كڵێسا دامەزراوەكان (ئەو كڵێسایانەی كە شای وڵات سەرۆكیانە، وەک كڵێسای ئەنگلیكان لە ئینگلتەرا) وردە وردە دادەخران و لە دەستوری 1787 یشدا باسی خودا و ئاین نەكرا -جگە لە قەدەغەكردنی بەكارهێنانی ئەزمونی ئاینی بۆ فەرمانگەی حكومی. لە ساڵی 1791 دا یەكەم هەمواركردن زیادكرا و تیایدا ئازادی پراكتیزەكردنی ئاین گەرەنتی كرا و رێگە لە هەر كڵێسایەكی دامەزراو گیرا.

ئەمڕۆ ئەندامانی راستڕەوە ئاینییەكان جەخت لەوە دەكەنەوە كە ئێستا ئەمەریكا -یان لانی كەم لە رابردوودا- وڵاتێكی مەسیحیە و حكومەتێكی مەسیحیشی هەیە. ئەو قەشە بابتیستەی دالاس كە هەستا بە پێشكەشكردنی پیرۆزكردنێكی كۆنگرەی سەرتاسەری كۆمارییەكان لە ساڵی 1984 دا دەڵێت "شتێک نیە بە ناوی جیاكردنەوەی دەوڵەت

لـە ئـاین." و دامەزرێنـەری هاوپـەیمانی مەسـیحیەکان پـات رۆبەرتسـن دەنوسێت "دەستور بۆ بەردەوامیدان بە فەرمانی مەسیحیەت نوسراوە."

بـەڵام وەک ئـایزک کرامنیـک و ئـارِ لـۆرانس مـور لـە *دەسـتورێکی بێخـودا* دا باسیان کـردوە، شوێنکەوتوانی رۆبەرتسـن باشتر لـە دەستور تێگەیشـــتوون. هەنـــدێک لـــە ئەمەریکییـــەکان دژی پەســـەندکردنی دەستورەکە بـوون لەبـەر ئـەوەی کـە "زۆر بێباکە بەرامبـەر بـە ئـاین" و "ئـاین جێـدەهێڵێت بـۆ ئـەوەی کـە بـە تـەواوەتی بەتـەنها خـۆی خـۆی بڵاوبکاتـەوە." سـەرەڕای ئەمانە، دەستورە شۆڕشگێڕانەکە پەسەندکرا و زۆربەشـمان لـەو بـاوەڕەداین کـە ئـەزمونی جیاکردنـەوەی ئـاین لـە دەوڵەت ئەزمونێکی دڵخۆشکەر بووە.

لەوانەیە تەنانەت تێبینی ئەوەش بکرێت، وەک ئـەوەی کە لەوانـەبوو رۆجەر ویلیامز پێشبینی بکردایە، کڵێساکان لە ئەمەریکا، کە جێهێڵـراون بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـە خۆیـان بکـەن، زۆر بـەهێزترن لـەچاو وڵاتـە ئەوروپیەکانـدا کـە تـا ئێسـتاش کڵێسـایەکی دامـەزراویان هەیـە (وەک ئینگلتەرا و سوید) یاخود کڵێساکان لە رێگەی باجی کۆکراوە لـە لایـەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێن (وەک ئەڵمانیا).

**جیاکردنەوەی ویژدان و دەوڵەت**

لەوانەیە ئێمە پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین کە بـۆچی جیابونـەوەی دەوڵەت و کڵیسا بیرۆکەیـەکی ئەوەنـدە دانایانەیە. یەکـەم، هەڵەیـە کـە دەســەڵاتی زۆرەملێــی دەوڵــەت دەســتبخاتە نێــو کــاری ویژدانــی تاکەکەسـەوە. ئەگـەر ئێمـە مافمـان هـەبێت، ئەگـەر ئێمـە پێکهاتەیـەکی

ئاكاری بین، ئەوا دەبێت ئازاد بین لە پراكتیزەكردنی بڕیاردانی خۆمان و دیاریكردنی پەیوەندی خۆمان لەگەڵ خودادا. ئەمە مانای ئەوە نیە كە كۆمەڵگایەكی فرەیی ئازاد بڕواپێهێنان و راكێشان بەرەو ئاینی تێدا نابێت -بێگومان تێیدا دەبێت- بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە كە ئەو هەوڵانە بۆ راكێشانی كەسێک بۆ ناو ئاینێک دەبێت بە تەواوەتی لە رێگەی بڕواپێهێنانوە بێت، بە تەواوەتی خۆبەخشانە بێت.

دووەم، هاوسازی كۆمەڵایەتی پەرەیپێدەدرێت لە رێگەی دورخستنەوەی ئاین لە بواری سیاسیەت. ئەوروپا بەدەست شەڕی ئاینەكانەوە نالاندویتی، لە ئەنجامی ئەوەی كە كڵێساكان لەگەڵ فەرمانڕەواكاندا رێكەوتوون و هەوڵی سەپاندنی ئاینەكەی خۆیان داوە بە سەر هەمووانـدا لە ناوچەكەدا. سزادانی ئاینی، رۆجەر ویلیامز وتویتی، شارەكان دەهێنێتە "هاژە وهاوار." ئەگەر خەڵک بە جدی تەماشای باوەڕی خۆیان بكەن و پاشان حكومەتیش هەستێت بە سەپاندنی یەک ئاینی گەردونی بە سەریاندا، ئەوا خەڵک بە توندی دژایەتی ئەمە دەكەن -تەنانەت هەتا مردنیش- بۆ ئەوەی كە دڵنیابن لەوەی كە باوەڕی راستەقینە دەچەسپێت.

ئەگەر ئاین لە دنیای باوەڕپێهێناندا بهێڵرێتەوە، لەوانەیە گفتوگۆی توند روبدات لە كۆمەڵگادا، بەڵام ململانێی سیاسی رونادات. وەک ئەزمونی هۆڵەندا، ئینگلتەرا، و پاشان ئەمەریكا پیشانی داوە كە خەڵک دەتوانن ژیانێكی عەلمانی بژین بەبێ هەڵگرتنی بڕوای تایبەتی هاوەڵەكانیان. سێیەم، پێشبڕكێ ئەنجامی باشتر دەخاتەوە وەک لە

کۆمەکی دارایی، پاراستن و هاوشێوەیبوون. "بازرگانی ئازاد لە ئایندا" باشترین ئامرازە کە مرۆڤ هەیەتی بۆ زۆرترین نزیکبوونەوە لە راستی. ئەو بازرگانیانەی کە لە پاڵ کۆمەکی دارایی و گومرگدا خۆیان پاراستووە لاواز و بێتوانا دەبن لە پێشبڕکێدا، بە هەمان شێوەش کڵێسا و پەرستگای جولەکە و مزگەوت و پەرستگای ئاینەکانی دیکە. ئەو ئاینانەی کە لە دەستێوەردانی سیاسی پارێزراون و بەڵام لە لایەکی ترەوە لەسەر پێی خۆیان وەستاون ئەگەری ئەوەیان هەیە بەهێزتر و فراوانتر بن لەو کڵێسایەی کە پشت بە حکومەت دەبەستێت.

ئەم خاڵەی دوایین رەنگدانەوەی ئەو بێفیزیەیە کە بەشێکی بنەڕەتی گۆشەنیگای جیهانی لیبراڵی پێکدێنێت. هەندێکجار رەخنەی ئەوە لە لیبرالەکان دەگیرێت کە زۆر "توندڕەون" بەوەی کە دیدێکی "دۆگما" یانەیان هەیە سەبارەت بە رۆڵی حکومەت. لە راستیدا، وابەستەییە بەهێزەکەی ئەوان بۆ پاراستنی تەواوی مافەکانی تاکەکەس و بوونی حکومەتێکی زۆر سنوردار نیشانەی ئەو بێفیزیەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی دژایەتیکردنی ئاینی دامەزراو یاخود هەر ئاکارێکی دیکەی دامەزراو ئەوەیە کە ئێمە ئەو ئەگەرە راستەقینەیە بەدی دەکەین کە لەوانەیە ئێمە هەڵگری دیدێکی هەڵە بین. لیبراڵەکان پشتگیری بازاڕی ئازاد و موڵکداریتی بەربڵاو دەکەن لەبەرئەوەی ئەوان دەزانن ئەگەرەکانی ئەوەی کە کەسێکی قۆرغکەر پێشکەوتنێکی مەزنی نوێ بۆ شارستانیەت بدۆزێتەوە، ئەگەرێکی لاوازە. بە درێژایی کارەکانی، هایاک پێی لەسەر کاریگەری گرنگی نەزانی مرۆڤ داگرتووە.

لـە **پێکهاتـەی ئازادیـدا**، هایـاک نوسـیویەتی "مەسـەلەی ئـازادی تاکەکـەس بـە شـێوەیەکی بنـەڕەتی لەسـەر درککـردن بـەو نەزانیـە حەتمیـە بەنـدە کـە هـەمووومان هەمانـە لـەبارەی زۆربـەی زۆری ئـەو هۆکارانـەی کـە بەدەسـتهێنانی ئامـانج و خۆشـگوزەرانی ئێمـەی لەسـەر وەسـتاوە... ئـازادی پێویسـتە بـۆ ڕێگەخۆشـکردن بـۆ پێشـبینینەکراو و چاوەڕواننـەکراو." بیریـاری لیبرالّـی ئەمـەریکی سـەدەی 19، لیلیـان هارمـان، لـە ڕەتکردنـەوەی کـۆنترۆڵکردنی هاوسـەرگیری و خێزانـی لـە لایـەن دەوڵەتـەوە ، دەڵێـت "ئەگـەر بێـت و بتـوانم کـە وا لـە هـەموو مرۆڤایـەتی بکـەم کـە دەقـاودەق وەک ئێسـتای مـن بـژین، ئایـا سـودی ئەمە بـۆ مـن چـی دەبێـت لـە مـاوەی ١٠ سـاڵی داهـاتودا، هیـوادارم، کـە زانیارییـەکی زیـاترم هـەبێت لەسـەر ژیـان و لێرەشـەوە لەوانەیـە ژیـانی خـۆم گۆڕابێـت؟" نـەزانی، بێفـیزی، لێبـوردەیی -کـە کتومـت هـاواری ورەبەرزکردنــەوەی جــەنگ نــین، بــەڵام بۆچــونێکی گرنگــە بــۆ سنوردارکردنی ڕۆڵی زۆرەملێی لە کۆمەڵگادا.

ئەگـەر ئـەم بیرۆکانـە ڕاسـت بـن، ئـەوا کارپێکردنـەکانیان ئـاین تێدەپەڕێنێت. ئاین تاکە شت نیە کە کاریگەری لەسەر ئێمە هەیـە لـە ڕوی کەسـایەتی و ڕۆحیـەوە، و تاکـە شـتیش نیـە کـە دەبێتـە مایـەی شەڕی کەلتوری. بۆ نمونە، خێزان ئـەو دامەزراوەیەیـە کـە ئێمـە لێوەی فێری زۆربەی تێگەیشتنەکانمان دەبین بۆ دنیا و بـەها ئاکارییـەکانمان. سـەرەڕای دیـدی مـاریۆ جیمـۆس بـۆ ئەمـەریکا وەک خێزانێکـی گـەورە یاخود گوندی جیهانی هیلاری کلینتن، هـەر یـەک لـە ئێمـە بایـەخ بـە

منداڵی خۆمان لە هەر منداڵیکی تر زیاتر دەدەین، و دەمانەوێت کە بەها ئاکارییەکانی خۆمان و جیهانبینی خۆمان لە منداڵەکانماندا بچێنین. لەبەر ئەوەیە کە دەستێوەردانی حکومەت لە خێزاندا ئەوەندە ڕوشێنەر و شوێنی مشتومڕە. ئێمە دەبێت بنەمای جیابونەوەی خێزان لە دەوڵەت دابمەزرێنین، دیوارێکی جیابونەوەی قایم هێندەی ئەوەی کە لە نێوان دەوڵەت و کڵێسادا هەیە، و هەر لەبەر هەمان هۆکاریش: بۆ پاراستنی ویژدانی تاکەکەس، بۆ کەمکردنەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی، و بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی کۆمەکی دارایی و ڕێنمایی لەسەر بەهێزی خێزانەکانمان.

ئەو بوارەی تر کە ئێمە تیایدا بە فەرمی منداڵەکانمان فێری بەها دەکەین بریتیە لە خوێندن. ئێمە پشێبینی ئەوە لە قوتابخانەکان دەکەین کە زانیاری بە منداڵەکانمان ببەخشن، لە هەمان کاتیشدا بەهێزی ئاکاریش تا بتوانن بڕیاری دانایانە بدەن. بەداخەوە، لە کۆمەڵگایەکی فرەییدا هەموان لەسەر ئەوە کۆک نین کە دەبێت ئەو بەها ئاکاریانە چی بن. یەکێک لەوانە ئەوەیە کە هەندێک لە باوان دەیانەوێت پەرستنی خودا لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت و هەندێکیش ئەمەیان ناوێت. هەموارکردنی یەکەم (لە دەستوری ئەمەریکاییدا) دروست ڕاڤەکراوە کە ڕێگەدەگرێت لە نوێژکردن لە قوتابخانەکانی حکومەتدا. بەڵام ئەوەی کە زۆر لە باوانی ئاینی بکرێت باج بە قوتابخانەکان بدەن و پاشان ڕێگەنەدەن بەو قوتابخانانەی کە بە پارەی باج هاوکاری دەکرێن بۆ ئەوەی کە ئەوە بە قوتابیەکانیان ببەخشن کە

دەیانەوێت، بەدڵنیایەوە ڕەوا نیە. لە یاسای ڤێرجینیادا بۆ ئازادی ئاین، تۆماس جێفیرسن نوسیویەتی "زۆرکردن لە پیاوێک بۆ پارەدان بە پڕوپاگەندەکردن بۆ بیروبۆچونێک کە باوەڕی پێی نیە پڕگوناە و ستەمکارانەیە." ئایا چی لەمە پێشێلکاریترە کە باج لە خێزانێک بسەندرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیروباوەڕانە لە نێو منداڵەکانیاندا کە خۆیان بڕوایان پێی نیە.

کێشەکان ئاینیش تێدەپەڕێنن. ئایا پێویست دەکات قوتابخانەکان یەکپۆشی داوا بکەن، بە سرودی سوێندی دڵسۆزی بۆ وڵات دەستپێبکەن، ڕێگە بە مامۆستایانی هاورەگەزخواز بدەن، کوڕان و کچان لێکجیابکەنەوە، وانەی ژینگەپارێزی دژە بازرگانی بڵێنەوە، هەوڵی چاندنی پشتگیری بۆ شەڕی کەنداوی فارس بدەن، ئاهەنگ بە یادی لە دایکبوونی مەسیح یاخود ئاهەنگی جولەکە بگێڕن، پشکنینی مادەهۆشبەرەکان داواکراو بێت؟ هەموو ئەم بڕیارانە پەیوەندیان بە هەڵبژاردنی ئاکارییەوە هەیە، و باوانەکان بیروڕای جیاوازیان لەسەریان دەبێت. سیستمێکی قۆرغکراو لە لایەن حکومەتەوە یەک بڕیار بۆ سەرتاسەری چڤاکەکان دەردەکات لەم مەسەلانەدا. جیاکردنەوەی تەواوی خوێندن لە دەوڵەت ڕێزی ویژدانی هەریەک لە خێزانەکان دەگرێت، ململانێی سیاسی لەسەر مەسەلە هەستیارەکان کەمدەکاتەوە و هەریەکە لەو قوتابخانەکانیش بەهێز دەکات لە مەسەلەی ئەرک و وابەستەبوونی قوتابیەکانی و خێزانەکانیان. باوان دەتوانن لەسەر بنەمای ئەو بەها ئاکارییانە و ئەو ئامانجە فێرکارییانەی کە قوتابخانەکان

پێشکەشی دەکەن قوتابخانە تایبەتەکان بۆ منداڵەکانیان هەڵبژێرن، لێرەشەوە ململانێی سیاسی لەبارەی ئەوەی کە دەبێت چی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت سەرهەڵنادات.

هەروەک کڵێسا، خێزان و قوتابخانە، هەروەها هونەریش دەربڕ و گوێزەرەوە و سەنگی مەحەکی قوڵترین بەهاکانمانن. وەک بەڕێوەبەری سێنتەر ستەیجی بۆڵتیمۆر دەڵێت "هونەر خاوەنی دەسەڵاتە. دەسەڵاتی هێشتنەوە، چاککردنەوە، بە مرۆڤکردن... دەسەڵاتی گۆڕینی شتێک لە تۆدا. ئەمە دەسەڵاتێکی تۆقێنەرە، بەڵام دەسەڵاتێکی جوانیشە... و بنەڕەتیشە بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی." لەبەرئەوەی هونەر -کە مەبەستم لە نیگارکێشان، پەیکەرسازی، مۆسیقا، شانۆ و هی تریشە- ئەوەندە بەهێزە، لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ راستیە بنەڕەتییەکانی مرۆڤدا دەکات، کە پێویستە نەیخەینە نێو تۆڕی زۆرە ملێی دەسەڵاتی حکومەتەوە. ئەمەش مانای نەبوونی سانسۆر و رێسابەندیە بۆ هونەر. هەروەها مانای ئەوەشە کۆمەکی دارایی لە پارەی باج نەدرێت بە هونەر و هونەرمەندان، چونکە کاتێک حکومەت دەستوەردەداتە مەسەلەی پارەدان بە هونەر ئەوا ململانێی سیاسی سەرهەڵدەدات: ئایا **کۆپارەی نیشتمانی بۆ هونەر** (پرۆگرامێکی فیدراڵیە بۆ کۆمەکی هونەر و هونەرمەندان لە ئەمەریکا) دەتوانێت پارە بدات بە وێنگرتنی روت؟ ئایا سیستمی پەخشی گشتی (PBS) (کە سیستەمێکی فیدرالیە بۆ دابینکردنی پارە بۆ پرۆگرامی سەربەخۆ) دەتوانێت **چیرۆکەکانی شارەکە** پەخش بکات، کە کاراکتەری هاورەگەزخوازی تێدایە؟ ئایا

کتێبخانـەی کـۆنگرێس دەتوانێـت پێشـانگایەک بکاتـەوە لەسـەر ژیـانی کۆیلـە لـە پـێش شـەڕی ناوخۆی ئەمـەریکادا؟ بـۆ خـۆلادان لـەم شـەڕە سیاسیانە لەسەر ئەوەی کە چۆن پارەی باجدەران خـەرج بکرێت، بۆ هێشـتنەوەی هونـەر و دەسـەڵاتەکەی لـە جیهـانی رازیکردنـدا، ئێمـە بـە باشی دەزانین هونەر لە دەوڵەت جیابکرێتەوە.

ئەی مەسەلەی دابەشکارانەی رەگەز؟ ئایا ئێمە بەدەست چەندین نـەوەی رەگەزپەرسـتی پـارێزراو لـە لایـەن حکومەتـەوە ئازارمـان نەچەشتووە؟ پاش کۆتاییهاتنی کۆیلایـەتی -کە پێشێلکردنێکی ئەوەندە قێزەونـی مافـەکانی تاکەکەسـە کـە نابێـت تـەنها وەک رەگەزپەرسـتی تەماشای بکـەین- ئێمـە سێ هـەموارکردنمان بـۆ دەستوری ئەمـەریکی زیـادکرد، هەریەکـەیان بـۆ ئـەوە دارێـژران کە پەیمانـەکانی جاڕنامـەی سـەربەخۆیی ئەمـەریکا بپارێزین بـۆ گـەرەنتیکردنی یەکسانی مافـەکانی هــەر (نێرینــە) ئەمەریکیــەک. بــەدیاریکراوی، ئــەو هەموارکردنانــە کۆیلایەتیان لە ناوبرد، پەیمانی پارێزگاریکردنی هـەموو هاوڵاتییانیـان دا لە لایەن یاساوە، و گەرەنتی ئەوەش کرا کە رێگە لە مافی دەنگدانی هیچ کەسێک ناگیرێت لەسەر بنەمای رەگەز. بەڵام لە ماوەی چـەند ساڵێکی کەمـدا، حکومـەتی ویلایەتـەکان، بـە خـۆ غـافڵکردنی دادگـای فیدراڵی، دەستیان کرد بـە سنوردارکردنی مافـەکانی رەشپێستەکان بـۆ

دەنگدان و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و چونە ناو ژیانی ئابورییەوە. سەردەمی جیم کرۆ* هەتا 1960ەکان درێژەی کێشا.

بەداخەوە کە حکومەتی فیدراڵی سیاسەتیکاری لیبراڵیانەی مافە یەکسانەکان بۆ هەموانی لە چاوتروکانێکدا وەلاوەنا و دەستی کرد بە شوێنگرتنەوەی شێوازە کۆنەکانی رەگەزپەرستی بە شێوازی نوێ - بەشداریکردن و وەلانان و نوێنەرایەتیکردنی کەمینەکان بەزۆر. هەروەک چۆن یاساکانی جیم کرۆ رەشەکانی تورە کرد (هەروەها هەموو ئەوانەشی کە باوەڕیان بە مافی یەکسان هەبوو)، سیستمی نوێی برِدیاریکردن سپیەکانی تورە کرد (هەروەها هەموو ئەوانەشی کە باوەڕیان بە مافی یەکسان هەبوو). بەم شێوەیە دەرگاکە بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی زیاتر والاکرا و رکەبەرایەتی رەگەزی لە زۆر رووەوە لە زیادبووندا بوو سەرەڕای ئەوەشی کە تێکەڵبوون بەرەوپێشەوە دەچوو و داهاتی رەشپێستەکان لە زیادبوونێکی خێرادا بوو لەچاو سپی پێستەکاندا. بەدڵنیاییەوە واباشتربوو کە وانەی شەڕی ئاینەکان کارپێبکرایەوە و حکومەت بەدوربگیرایە لەم مەسەلە هەستیارە: ئەو یاسایانە لابدە کە ماف و ئیمتیازاتەکان لەسەر بنەمای رەگەز دەبەخشن یان نکوڵیان لێدەکەن، و رەگەز لە دەوڵەت جیابکەرەوە.

---

*ئەو کۆمەڵە یاسایە بوو کە گوایە مافێکی یەکسان بەڵام جیای دەدا بە رەشەکانی ئەمەریکا بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری گشتی و بە زۆری لە ویلایەتەکانی باشوری ئەمەریکا جێبەجێدەکرا.

لە هەمانکاتدا، دەبێت بە چاوێکی رەخنەئامێزەوە سەیری ئەو سیاسەتیکارانە بکەین کە بە شێوەیەکی نایەکسانانە کاریگەری نێگەتیڤیان هەبوە لەسەر ئەوانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ بە دەست حکومەتەوە نالاندویانە. بۆ نمونە، باج و رێساکان کە رێگە لە بازرگانی نوێ و رەخساندنی کار دەگرن، بە تایبەتی زیان بەوانە دەگەیەنن کە خۆیان بەشێک نین لە رەوتی ئابوری باو. بێنجامین هوکس، کە بووبە سەرۆکی NAACP (کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی خەڵکی نا-سپی پێست)*، جارێکیان دوکانێکی شیرینی لە پیاوێک کڕی لە ویلایەتی مێمفس کە بۆ ماوەی 25 ساڵ خاوەنی دوکانەکە بوو. "لەو 25 ساڵەدا چەندین جۆری یاسایان دەرکردووە،" پیاوەکە وەبیری دەهاتەوە. "ئەبوایە توالیتی جیاوازت هەبوایە بۆ پیاوان و ژنان، ئەبوایە دیواری دژە جرجت هەبوایە و هەموو شتێکی تریش لە سەر عەرزی خودا. ئێمە هەموومان بەر ئەو رێسایانە کەوتین کە بڕی 30،000 دۆلار لەسەرمان کەوت. دەبوایە دوکانەکە دابخەین." درێژەی بە قسەکانی دا و وتی "ئێستا ئاشکرایە کە هیچ کەس، بەڵام هیچ کەس، لە ناوچەی وێرانەی گەرەکی رەشپێستەکان موڵک ناکڕێت جگە لە رەشەکان خۆیان نەبێت. لەبەر ئەوە کاریگەری هەندێک لە رێساکان لە سەدا سەد بۆ وەلانانی رەشەکانە." یاساکانی مۆڵەتی کاریش وەک کۆمەڵەکانی چاخی ناوەڕاست کار دەکەن بۆ ئەوەی خەڵک دوربخەنەوە لە پیشەی باش. لە شارەکانی وەک مەیامی وشیکاگۆ و نیورۆک، کڕینی

---

*یەکێکە لە کۆنترین و کاریگەریترین کۆمەڵەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمەریکا.

مۆڵـەتی تەکەسـی دەیـان هـەزار دۆلاری تێـدەچێت، بـەم شـێوەیەش هەلێکی باشی کاسپیکردن، لە باری دیکـەدا ئاسانە، بەڕووی کۆمـەڵێک کەسدا دادەخرێت کە سەرمایەیان نیە.

یـەکێک لـە سیاسـەتیکارەکانی حکومـەت کـە رەگەزپەرستیەکەی لـە دژی رەشـەکان بـە شاراوەیی ماوەتـەوە سیستمی بیمـەی کۆمەڵایەتیـە (سۆشیـەڵ سێکیوریتی) کـە لـە روی سیاسیـەوە دەستکاری نـەکراوە. لـە بەشی 10 دا لەبارەی سەرتاسەری سیستەمەکەوە زیـاتر قسە دەکـەم، بەڵام با لێرەدا ئەوە بڵـێم کـە وەک هـەر کۆنترۆڵکردنێکی گـەورەی، بـە یـەک چـاو سـەیرکەر بـۆ هـەموانی، بـەڕێوەبراو لەلایـەن حکومەتـەوە، سیستەمی بیمـەی کۆمەڵایـەتی بـۆ خێزانێکی "نمونـەیی" دارێـژراوە. ئـەم سیستمە زۆر بەباشی بۆ ئەو کەسانە کار ناکات کە ناکەونە ژێـر ئـەم پێناسـەیەوە. خـەڵکانی سـەڵت و بێمنـداڵ دەبێـت پارەی بیمـەی کەسـی بـەجێماو بـدەن کـە ئەگـەر وانەبوایـە ئەمـەیان نـەدەکڕی لـە بیمـە دابینکەرێکی کەرتی تایبەت. ژنانی ئیشکەری مێرددار ناتوانن هـەردوو سودەکانی خۆیان و مێردەکانیان وەربگرن، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێـت پارەی هەردوکیان بدەن.

هـــەروەها خـــەڵکی رەش پێســـت -لەبـــەر ئـــەوەی کـــە تەمـــەنی پێشبینیکراویان کورتترە لـە سـپی پێستەکان- هـەمان بـڕی بـاج دەدەن بـەڵام سـودی کـەمتر لـە سـپی پێستەکان وەردەگـرن. لێکۆڵینەوەیـەکی نێوەندی نیشتمانی بۆ لێکدانەوەی سیاسەتیکار ئەوەی پیشانداوە کە لە ساڵی 1986دا پیـاوێکی سـپی پێسـتی ئەمـەریکی کـە دەچێتـە بـازڕی

کارەوە وا پێشبینی دەکرێت کە لە سەدا 74 زیاتر سودی خانەنشینی بیمەی کۆمەڵایەتی و لە سەدا 47 زیاتر بیمەی پزیشکی وەربگرێت بە بەراورد لەگەڵ پیاوێکی رەش پێستدا. خانەوادەیەکی سپی پێستی ئیشکەر وا پێشبینی دەکرێت کە لە سەدا 35 زیاتر سود وەربگرن لە خانەوادەیەکی رەش پێستی ئیشکەر. ئەم نایەکسانیە لە هەموو ئاستەکانی داهاتدا بەهێزە. سیستمێکی پاشەکەوتکردنی پێشبڕکێکەری تایبەت پلانی جیاواز پێشکەش بە خەڵکی جیاواز دەکات بە گوێرەی پێویستیە جیاوازەکانیان. پلانی حکومەت دەتوانین بڵێین هەمیشە قۆرغکردنێکە کە بە یەک چاوەوە سەیری هەمووان دەکات. لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە جیاوازی رەگەزی لە یاسادا لادەبەین، دەبێت بە هەمان شێوە هەوڵ بدەین ئەو یاسایانەش لەناوبەرین کە بە نایەکسانی زیان بە خەڵکی هەژار و کەمایەتییەکان دەگەیەنن.

لێرەشدا، لەم بوارەدا هەر وەک لە چەندین بواری تریشدا، چارەسەری لیبراڵەکان بریتی نیە لە دەستێکی ئەفوسوناوی. ململانێی کۆمەڵایەتی لەسەر خوێندن و منداڵ پەروەردەکردن و رەگەز کۆتایی نایەت تەنانەت ئەگەر هەموارکردنێکی دەستوریش دەربچێت بۆ جیاکردنەوەی سەرجەم ئەمانە لە دەستێوەردانی حکومەت. دواجار، هەموارکردنی یەکەمی دەستوری ئەمەریکی کۆتایی بەو جەنگە سیاسی و یاساییە نەهێناوە لەسەر پەیوەندی حکومەت بە ئاینەوە. بەڵام بەدڵنیایەوە ئەو جەنگانەی سنوردار و بچوککردەوە، و ئەو جەنگە یاساییانەی کە ئایا لە کوێدا سنورێک دابنرێت لە بوارەکانی تردا

بچوک کرایەوە بۆ زەمینەیەکی تەسکتر لەو زەمینەیەی کە ئەمڕۆ ململانێکانی لەسەر رودەدەن، کە تیایدا حکومەتێکی پەلوپۆکێش دەگاتە هەموو کونوقوژبنێکی ژیانی ئەمەریکیەکان. لەسیاسەتخستنی جیاوازییە کەلتورییەکانمان ڕێگەیەکی درێژی لەبەردەمدایە بەرەو هێورکردنەوەی شەڕە کەلتوریەکە.

چاپخانەی شەهاب-هەولێر
07504483863